# ئەو سەگە بەڵەكەی لە رۆخ دەریادا دەبەزێ

# ئەو سەگە بەڵەكەی لە رۆخ دەریادا دەبەزیٚ

نووسینی
چەنگیز ئایتماتۆف

وەرگیٚڕانی
گوشاد حەمە سەعید

بۆ: فلادیمیر سانگی

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەڕێوەبەرایەتی
گشتی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

- **ئەو سەگە بەڵەکەی لە رۆخ دەریادا دەبەزێ**
- **نووسینی:** چەنگیز ئایتماتۆف
- **وەرگێڕانی:** گوشاد حەمە سەعید
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بەرگ:** هۆگر سدیق
- **نرخ:** ٢٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم ٢٠١٢**
- **تیراژ:** ١٠٠٠دانە
- **چاپخانە:** وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٨٣٧)ی ساڵی (٢٠١٢) پێدراوە.**

**زنجیرەی کتێب (٦٧٠)**

**ئەو کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی**
**رۆشنبیری لەسەر ئەو ماڵپەڕە بخوێننەوە**
**www .Kurdchap.com**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

## پێشەکی:

## لە نێوان خۆماندا بێ

کاکی برا بەدەگمەن وابووە دەست بۆ کارێك ببەم بەتایبەتی لە کۆتایی و کاتی جێبەجێکردنیدا. گرێ و کۆسپێکی نەیەتە رێ. ئەوە جارێکیان دەبێ سەربردەی هەموو کتێبەکانم بگێڕمەوە. بەڵام ئەمەی دوایی بەم جۆرە بوو، تەلەفۆنێکیان بۆ کردم لە حاڵی خۆیدایە و بیگەمێ دوا دیدەنی بکەم و لە حاڵێکی واشدایە ئا دەیگەمێ یان نایگەمێ. من زۆر بەپەلە تەلەفۆنم بۆ کارۆخی برام کرد، کە لە شاری ڤیەنتا دەژی و گوتی، وەرە وا منیش دوو تکیت دەکڕم و بەیانی دەچینەوە کوردستان.

من بۆ نیوەی شەو گەیشتمە ڤیەننا و بەیانی چووینە فڕۆکەخانە هیچ خەبەرو باس لە گۆڕێ نەبوو تا گەیشتمە دوا خاڵ کە دەبووایە سواری فڕۆکەکە بن، کابرایێکی میسری کە سەر بە پۆلیسی نەمساوی بوو، گرفتێکی دروست کردو من گەڕامەوەو جانتاکەم رۆیشت و برا ئەوە سەری پێنجەمین ساڵە ئەم رۆمانە لەناو جانتایەدا کەوتووەو دوای ئەو پێنج ساڵە سەیر دەکەم بەشی دوایی رۆمانەکە دیار نیە . بۆیە دانیشتم دووبارە نزیکەی ٣٠ پەڕەی دواییم وەرگێڕاوە، ئەویش بەپەلەپەل خوا بکاو بەپەندم نەبردبێ بۆیە من داوا لە هەموو خوێنەرێك دەکەم، کە ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە لەسەرنج و تێبینی بێ بەشم نەکاو بەڵکە پیاوەتییەکی گەورەشم

لەگەڵ دەکا. ئینجا پڕ بە دڵ سوپاسی برادەرانی دەزگای موکریانی دەکەم، کە مەردانە ئەم کارەیان لێوەرگرتم و بەنیازی ئەوەم لە داهاتوویێکی نزیکیشدا قولینگە زوو پەرەوازەکانی ئەم نووسەرەش تەواو بکەم و ، هیوادارم ئەویش ئەوها پیاوچاکانی وەك چاپکەرانی ئەم رۆمانەیان لێهەڵکەوێ.

گوشاد
هەولێر/١٣/١٢/٢٠١٠

لە شەوی ئەنگوستەچاو و تەم و مژاوی و ساردی کەناری دەریادا، بەدرێژایی قەراغەکانی ئاخونتسکویە، لەسەرانسەری بەرەی نێوان وشکایی و دەریادا جەنگی ئەزەلی و بێ بڕانەوەی دوو هێزی لە بن نەهاتوی سرووشت لەگەڕدابوو- وشکایی بەری لە دەریا دەگرت و دەریاش بەردەوام لە وروژم بردنەکانی خۆی بۆ سەر وشکایی نەدەکەوت.

دەریا لە نێو تاریکیدا دەیهاڕاندو دەینالاند، ورژمی دەهێنا، خۆی بە تاشەبەردان دادەکوتاو تەخشان و پەخشان دەبوو، تاشەبەردە سفت و سەختەکانی وشکایی بەناڵەناڵی دوورودرێژ پاڵی بە زەبری شەپۆلەکانی دەریاوە دەناوە.

ئەم جەنگە — جەنگی نێوان خاك و ئاو — لە ڕۆژی دروستبوونیەوە، لە ساتەوەختی پەیدابوونی ڕۆژ و شەوەوە، بەردەوامە و تاوەکو خاك و ئاو لە زەمانی بێ کۆتاییدا هەبن، ئەم جەنگە هەموو ڕۆژو و شەوێك هەر درێژەی دەبێ.

هەموو ڕۆژان و هەموو شەوان وابووە دەبێ ئەم و لەناوەڕاستدا بێ واش دەبێ...

شەوێکی دیکەش رادەبورد. شەوێك کەبەسەردا بۆ بەیانییەکەی دەبووایە ئەو بچێتە ناو دەریاوە. ئەو شەوە ئەو خەوی لێ زڕا، یەکەم جار بوو لە ژیانیدا خەوی لێ بزڕێ، و تامی بێ خەویی دەچەشت.

زۆری حەز دەکرد کە زووتر ڕۆژ بێتەوە، تا بچێتە ناو دەریاوە. ئەو لەسەر پێستی سەگە ئاوییەکەدا راکشابوو و گوێ ی لەبەر بەئاستەم لەرزینەوەکەی زەمین، هاڕە و ناڵەی شەپۆلەکانی دەریا لە کەنداوەکەدا راگرتبوو خەو نەیدەبردەوە، گوێ ی لە شەو رادەگرت...

بەڵام ڕۆژگارێك هەموو شتێك بە تەرزێکی دیکە بوو. لەم حەلە نەدەکرا وێنای ئەوە بکات کەلە ڕۆژگارانی کۆندا ئەگەر ماسیگرە نەدەبوو، ڕەنگ بوو پێکهاتنی جیهان بە جۆرێکی دیکە بووبا. وشکایی لەبەرانبەری دەریادا قیت نەدەبۆوە و دەریا نەدەکەوتە جەنگ لەگەڵ وشکانیدا. لەبەرئەوە سەرەتا، لە هەوەڵی هەوەڵەوە وشکانی لە سرووشتدا نەبوو. تا دەگا بەوەی یەك تۆزقاڵ خاکیش نەبوو. بەهەر لایەکتدا هەڵڕوانیبا، هەتا چاو هەتەری دەکرد هەر ئاو بوو.

ئاو لە خودی ئاو، لە چەرخەلەو سووڕانەوەی خۆیدا، لە قووڵاییە تاریك و تنۆکەی لە چالاکییە بێ رادەو سنوورەکانی خۆی پەیدابوو.

لە جیهانی بێ گۆشەو کەنارو لای ئەو زەمانەدا شەپۆل بەسەر شەپۆلاندا خلۆر دەبوونەوەو بە هەموو لاو گۆشەیەکدا، لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی دیکە تەخشان و پەخشان دەبوون.

ماسیگرە، هەمان ئەو ماسیگرە دەندووك پانەی کە بە قاوقیژێکی ئاسایی کە تا ئیمڕۆشی لەگەڵدا بێ لە نێوان پۆلی ماسیگرەکاندا لەسەر سەرمانەوە لە فڕێندایە، لەو ڕۆژگارانەدا تاك و تەنیا لە پانتایی ئاسمان لە فڕیندا بوو، و جێگەیەکی نەدەدیتەوە کە هێلکەی لێ بکا. لەسەرانسەری جیهاندا جگە لە ئاو هیچ شتێکی دیکە نەبوو، تەنانەت قەمیشێکیش نەبوو کە هێلانەیەکی بۆ خۆی لەسەر دروست بکا.

ماسیگرەی بەستەزمان دەم پڕ هاوارو فیغان لە فڕیندا بوو، دەترسا کە خۆی پێڕانەگیرێ، و هێلکەکەی لەناو گەرداوی بێ پایانی دەریادا بکا. ماسیگرە رووی لە هەرکوێیەك دەنا، بۆ هەر ئاقارێك دەفڕی، لە هەموو لایەکەوە لە ژێر باڵەکانیدا شەپۆلی دەریا دەخرۆشان و لە هەموو لایەکەوە ئاوێکی زۆری بێ کۆتایی بێ مەرزو سنوور، پان ببۆوە. ماسیگرە بۆ خۆی تێما و لەوەی ڕایی بوو کە لەسەرانسەری جیهاندا هێندەی ناو لەپێك زەووی نەبوو، بتوانێ هێلانەیەکی لەسەر دانێ.

ئەوسا کە هیچ چارێکی نەماو لەسەر ئاودا نیشتەوە. چەند پەرێکی لە سنگی خۆی کردەوەو لانەیەکی لێ دروستکرد. ئەو هێلانە کە لەسەر ئاودا مەلەی دەکرد سەرەتای دروستبوونی زەووی لێکەوتەوە.

لەسەری نیشتەجێ بوون. بەڵام مرۆڤ لە گیانلەبەرەکانی دیکە لێهاتووتر بوو، فێر بوو بە خێشك لەسەر بەفر بخزێ و بەکەڵەك و بەلەمان سینەی ئاو شەق بکاو کەوتە راو وشکاری گیانلەبەران و کەوتە راوەماسی و لەو سۆنگەیەوە بژێوی بۆ خۆی پەیدا کردو بە زاوزێ و زێترکردنی وەچەی خۆیەوە خەریك بوو.

ئەگەر ماسیگرە دەیزانی بەپەیدابوونی وشکایی لە قەڵەمڕەوی دینایێك پارچە ئاودا، چ دژواری و سەختییەك پەیدا دەبێ! لە هەمان چرکەساتی پەیدابوونی زەمینەوە، دەریا ناتوانێ ئارام بگرێ، لەو ڕۆژگارەوە دەریا لەگەڵ وشکی لە جەنگدایەو وشکیش لەگەڵ دەریا لەشەڕ دایە. لەم نێوانەدا لە نێوان وشکایی و دەریادا، لە نێوان دەریاو وشکایدا، کار بۆ مرۆڤ زۆر دژوار دەبێ، چونکە مرۆڤ زێتر حەز لە وشکایی دەکا. بۆیە دەریا مرۆڤی خۆش ناوێ...

وردە وردە بەرەبەیان نزیك دەبۆوە. شەوێکی دیکە برد و ڕۆژێکی دیکە دادەهاتەوە. پێکاهاتنی جۆشان و خرۆشانی دەریا لەگەڵ قەراغەکان و لە هەوایەکی تاریك و روونی سەحەریدا وێنەی لموزەکانی ئاسکە کێوی لە نێوان هەورێك لە هەڵمی شینباوی هەناسەداندا، بەرە بەرە بەدیار دەکەوت. دەریا هەناسەی دەدا.

لەسەرانسەری هێلی پێکداهاتنی جۆشان و خرۆشانی وشکایی لەگەڵ دەریادا هەڵمێکی ساردو لە رادەبەدەر زۆر زەڕاتی ئاو بۆ هەوا بەرز دەبۆوە، شلْپ و هۆڕ و پێکاهاتنی شەپۆلان لەگەڵ وشکانیدا لەسەرانسەری قەراغدا هەڵلاّی نابۆوە.

شەپۆڵەکان لەسەر بەرعەکسی و رکابەری کردنەکەیان بەردەوام دەبوون: بێ پسانەوەو بەهێزێکی زیادەوە هێرشیان بۆ سەر وشکانی دەهێنا. لەسەر تەنکە شەختەو لمی قەراغ دەریا، لەنێوان کۆمەڵە بەردی خۆڵەمێشی رەنگ و لووسی، تا ئەو جێیەی کە هێزو گوڕیان بڕی دەکرد، سەرەو هەوراز دەبوونەوە، لە دواییدا بە هەمان نەزم لەسەردوا هێلی هێرشی شەپۆڵەکان بۆ قەراغەکە، خامۆش دەبوونەوە و هەندێ نیشانەی لە شێوەی کەفێکی زوو لە ناوچوو بۆی بۆگەنی گیا ئاویە، ئاوێزانەکانی لە دوای خۆیاندا بەجێدەهێشت.

جاروبار لەگەڵ وروژمی شەپۆڵەکانی ئاودا لەتە شەختەی لەگەڵ خۆدا دەهێنان کە ئاشکرانەبوو ئاوەڕۆی بەهاری ئۆقیانووسی لە کوێ وەی دەهێنان، بە قەراغ دەریاکەدا خلۆر دەبوونەوە. ئەم پارچە شەختە چاوەڕوان نەکراوانە هەرکە دەکەوتنە سەر لمی قەراغ دەریا دەم و دەست دەبوون بە پارچەی بچووك و بێ توانای وا، شەپۆڵەکانی دوایی بە خێرایی دەگەڕانەوەو ئەم پارچە شەختانەیان دووبارە بۆ ناو دەریا ڕادەماڵیەوە.

رووناکی دڕی بە تاریکی دا. رووناکی بەربەیان دەم لە دەمێ پتر دەبووە دیمەنی زەمین و بەرەبەرە روون و ئاشکرا دەبوو، دەریا بەرەبەرە بەدیار دەکەوت.

شەپۆلاّن کە لە ژێر کاریگەریی بای شەوێدا پەشۆکابوون، هێشتاش هەر بە باڵی سپی کەفاوی بە جۆش و خرۆشەوە وروژمیان بۆ قەراغ دەهێنا، بەلاّم دەریا لە قوولاّیی و لە پانایی نادیارو بێ سنوورەکەی لە قەراخەکەدا خەریك بوو ئارامی دەگرت و تەنیا ناوە ناوە بریسکەی رووناکیی شەپۆلان ئارام بەبەرچاو دەکەوت.

هەوری رەش و تاریك بەسەر دەریاوە بلاّودەبوونەوە و بەرەو گردەکانی کەنار دەریا دەجمان.

لەوێدا لە نزیکی کەنداوۆچکەی ((سەگە بەڵەك)) گابەردێکی گەورەی هێندەی گردۆڵکەیەك بە شێوەیەکی خوارو خێچ بۆ ناوەوە هاتبوو و دەیڕوانیە سەرانسەری نیوە دوورگەکە و بەسەر گردە چاڵەکەشیدا دەڕوانی. ئەم تاشە بەردە زەبەلاحە لە دوورەوە لە سەگێکی بەڵەك دەچوو کە بۆ خۆی لە کەنار دەریاکەدا ڕای دەکرد و پێش هەموو جێگایەکیش گردە چاڵەکان دەکەوتن. پنچك و دەوەنە جیاجیاکانی کە لە دوولای گردی سەگەبەڵەك بە کۆمەڵ کۆمەڵ روابوون و پەڵە سپیەکانی بەفری سەری کە تاگەرمترین رۆژانی

هاوینانیش دەماوەو لە گوێچکەی گەورەو شۆڕ دەچوو، هەروەها پەڵەکی سپی گەورە لە قەدی. دەبووە هۆی ئەوەی کە (سەگەبەڵەك) لە جەنگەل و لە دەریاوە، لە ماوەیەکی زۆر دووری ناو دەریاوە بدیترێ.

بەیانی کە خۆر دووگەز بەرز ببۆوە، لێرە، لە کەنداوی سەگەبەڵەکدا بەلەمێکی چوار سەوڵی نیوخی[1] دایە دەم ئاوی دەریا. سێ کەسی راوچی لەناو بەلەمەکەدا بوون و کوڕە لاوێکیشیان لەگەڵدا بوو. دوو کەسیان کە لاوترو بەهێزوبڕشتتر بوون، سەوڵیان لێدەدا. ئەو پیاوەی کە لە هەمووان بە تەمەن تر بوو، لە دواوەی بەلەمەکە دانیشتبوو، رێنمایی سەرنشینانی بەلەمەکەی دەکرد بە شکۆ و هێزێکەوە سەبیلەکەی دەکێشا.

ئەو پیرەمێردێکی لاوازە، بە بەڵغەبابەییێکی هەڵ زەپەتاو رەنگ و روییێکی خورمایی و پڕچرچ و لۆچ، بە گەردەنێکی چرچ و لۆچاوی، بە دوودەستی گەورەی پڕ لە قەڵش و جێگای برین و ئالۆگوشی گێ ی[2] پەنجان، کە بە تەواوی لەگەڵ هەموو ئەندامەکانی لەشی رێك دەهات. مووی ماش و برنجی بەسەر سپیدا دەیڕوانی. برۆسپیەکانی لەگەڵ تەختی دەموچاوە پیرەمێردە چاوە سورو هەمیشە فرمێسکاویەکانی بە پێی عادەت، تەسك دەکردەوە، لەبەرئەوەی ناچار بوو تەواوی تەمەنی بەسەر رووی ئاوێنە ئاسای ئاودا بنوارێ کە تیشکی خۆر پرتەوی خۆی تێدا دەداوە وا دەهاتە بەرچاوان کە بە چاوی نوقاوەوە لە کەنداوەکەدا بەلەمەکەی رێنومایی دەکرد. لاوێکی چاو و برۆ ڕەشی دوازدە سیانزە ساڵانیش لەوپەڕی بەلەمەکە دانیشتبوو وەکو جووجەڵە هەڵکورمابوو. هەموو چرکەیەك لە ژێر چاوەوە تەماشای پیاوە گەورەکانی دەکردو بە زەحمەتێکی زۆرەوە هەوڵی دەدا کە لە جێی خۆی نەجوو لێ، نەوەکا ببێتە هۆی ناڕازیبوونی ریش سپیە رووگرژ و ترشەکە.

کوڕە گەنجەکە ئەوەندە شاگەشکە ببوو پەڕەکانی لووتی بەرزونزم دەبوونەوەو خاڵ و نیشانە نادیارەکانی دەم و چاوی بەدیار کەوتبوون. ئەو ئەمەی لە دایکیەوە وەرگرتبوو، دایکیشی کە زۆر شاگەشکە دەبوو، هەمان نیشانەو وردە خاڵە نادیارەکانی دەم و چاوی بەدیار دەکەوتن. ئەم خۆشی و هەڵچوونەی لاوەکە بێ هۆ نەبوو. ئەم سەفەرەی دەریا لەبەرخاتری ئەو بوو، بۆ

---

١- نیوخ — نیوخەکان- خەڵکێکی وردیلەن کە لە بەشی خواروی ئامور و دوورگەی ساخلین دادەنیشن و لە سەردەمی کۆندا بە گیلك ناویان دەهێنان.

٢- "ا"گێ: مفصل: مفاصیل

ئاشناکردنی ئەو بەهونەری ڕاو ساز کرابوو. بەم هۆیەوە، ئەم گەنجە کە ناوی (کریسك) بوو، سەری بە هەرلایەکدا دەسوڕاند بەوپەڕی حەزو ئارەزووییێکی بێ ئۆقرەوە بەم لاوئەولادا دەیڕوانی.

یەکەم جار بوو کە لەگەڵ راوچیانی بەراستی، بۆ ڕاوێکی گەورەو بەراستی و بەبەلەمێکی گەورەی ئاباو ئەژدادی دەچووە ناو پانایی دەریاوە. گەنجەکە زۆر دەیویست لە جێی خۆیداقیت بێتەوە و وا لە سەوڵ لێدەرەکان بکا پەلە بکەن، زۆر حەزی  دەکرد سەوڵەکان بە دەستەوە بگرێ. بە هەموو هێزی سەوڵ لێ بداو تا خێراتر بەو دوورگانە بگەن کە دەبوو لەوێدا راوی گیانلەبەرە دەریاییەکان بکەن. بەڵام رەنگ بوو ئەم هەوەسە منداڵانەیە لە کن گەورەکان پێکەنیناوی بهاتبا بەرچاوان. ئەم لەم ترسەی کە نەبادا هەڵسوکەوتەکەی سووك و پێکەنیناوی بنوێنێ، بە هەموو توانای خۆی هەوڵی دەدا هەڵچوونەکانی ناوەوەی خۆی نیشان نەدا.

بەڵام نەیدەتوانی بە تەواوی لەم کارەیدا سەرکەوێ. کارێکی سەخت بوو بۆی کە خۆشی و شادیی خۆی بشارێتەوە. بەر لە هەموو شتێك و پێش هەموو شتێك، چاوەکانی، چاوە بێگەردو پڕ شەوق پڕ لە سروشی منداڵانەکەی، نەیدەتوانی ئەو شادی و خۆشحاڵییە پڕ لە بەجۆ نازینەی کە لە دڵیدا لانەی کردبوو، بشارێتەوە. دەریای بێ سنوورو راوی گەورەی لە پێش بوو!

"ئەرگان"ی پیر پەی بەم بارە رۆحیەی کورە گەنجەکە دەبرد. ئەو بە چاوی نیوەنوقاوەوە چاودێری رێڕەو چۆنیەتی بزوتنەوەی بەلەمەکەی  دەکردو لە هەمان کاتیشدا باری دەروونی نەجەوانەکەی کە بێ ئۆقرەو ئارام بوو، دەدیت. چاوەکانی پیرەمێردە شەوق و خۆشەویستی لێدەباری. ئەو لە دڵی خۆیدا دەیگوت: لە کوێ ی سەردەمی لاوێنی ئای یادت بەخێر، بەڵام زەردەخەنەیەك کە خەریك بوو لە گۆشەی دەمە پەلەکەیدا بەدیاردەکەوت، لەگەڵ توندقوم لێدانی سەبیلە نیوە خامۆشەکەی بزر دەبوو، ئەو نەدەبوو زەردەخەنەکەی ئاشکرا بکا. کورە لاوەکە بۆ سەرگەرمی و رابواردن لەگەڵیاندا سواری بەلەم نەببو، ئەو دەبووایە بۆ ناو ژیانی راوچێی هەنگاو بنێ، ئەم ژیانە دەست پێبکا، تا رۆژێك لە رۆژان لە دەریادا کۆتایی پێبێنی، چارەنووسی راوکەری دەریایی بەمجۆرەیە، چونکە لە دنیادا کارێکی دژوارتر و ترسناکتر لە راوی دەریانیە. دەبێ لە منداڵیەوە لەگەڵ ئەم کارەدا ڕابێی.

لەبەرئەمە پێشینان دەیانگوت: " عەقڵ دیاریەکی ئاسمانیە، بەڵام دەبێ دەست و قام و لێهاتویی لەسەردەمی منداڵیەوە پەیدا بکرێ." و هەروەها دەیانگوت:" راوچی خراپ بارە بە

مل هۆزەکەیەوە." لەبەرئەمە بۆ ئەوەی بتوانی نان پەیداکەی بۆ خێزان بێ دەبێ لە هەرەتی منداڵیەوە کاروپیشەی خۆی فێر بێ. ئێستا نۆرەی کریسك هاتبوو، دەبووایە کوڕەکە فێری چوونە ناو دەریاوە بکرێ.

هەموو ئاگاداری ئەم مەسەلەبوون. هەموو هۆزی بەری ئاوی دانیشتوی دێکەی دامێنی گردی سەگەبەڵەك دەیانزانی کە ئەو رۆژە ئەو بەلەمە گەورە لەبەرخاتری کریسك راوکەرو نان پەیداکەری ئایندە دەچووە ناو دەریاوە. داب و نەریت وابووە و هەرواشە کە هەرکەسێکی نێرینە بهاتبا دنیاوە، لەسەری بوو کە لە منداڵیەوە پەیمان لەگەڵ دەریادا ببەستێ تا دەریا بیناسێ و ئەویش رێز لە دەریا بنێ. لەبەرئەمە ریش سپی هۆز ئەرگانی پیر و دوو کەس لە باشترین راوچیان _ (( ئەمرایین)) باوکی کوڕە گەنجەکە و ((میلگون)) ئامۆزای ((ئەمرایین)). بە پێی تەڵقیندانی مناڵان لە لایەن بە ساڵاچوانەوە، و ئەم جارە بۆ ئەم ئەرکە ئایینیەی کە لەمەڕ کریسك لە ئەستۆیان دا بوو، بۆ ناو دەریا دەچوون، لەبەرئەوە ئەو نەوجەوانە دەبووایە لەو رۆژەوە بە دواوە و تا هەتاهەتایە پەیوەندییەکی خزمایەتی لەگەڵ دەریادا ببەستێ. چ لە رۆژانی شێنیەیی و چ لە رۆژانی تەنگانەدا وەفاداری ئەو پەیوەندیە بێ.

ئەگەر چی کریسك هێشتا زۆر گەنج بوو، و هێشتاش بۆنی شیری خاوی لە دەم دەهات و دیار نەبوو کەشتیێکی لێ دێتەوە، یان نا، بەڵام کێ دەیزانی، رەنگە وەختێ ئەوان پیردە بن و لێدەکەوت و ئیدی هیچ کارێکیان لە دەست نایەت، ئەو کریسکە ببێتە نان پەیداکەرو پشت و پەنای هۆزەکەی.

ئەوهایە و دەبێ ئەوهابێ. پشتاو پشت نەوە دوای نەوە ئەوها دەبێ.

پایەو بناغەی ژیان بەمجۆرە هاتووە.

بەڵام هیچ کەسێك ئەم خواستەی بەسەر زماندا نەدەهێنا. مرۆڤ بیر لەم خواستە دەکاتەوە، بەڵام کەم وا دەبێ بەسەر زمان دابێ.

لەبەرئەمە لەوێ، لە کەناری سەگەبەڵەك، هیچ یەکێك لە کەسانی پەری دەریایی بایەخیان بەم رووداوە، بە یەکەمین سەفەری دەریایی کریسك بۆ ڕاو نەدا.

بە پێچەوانەوە، هاو هۆزەکانی هەوڵیان دەدا کە گوێی پێنەدەن کە چۆن ئەو لەگەڵ راوکەرە بەتەمەنەکاندا بۆ ناو دەریا دەچوو. وەك بڵێی ئەم کارەیان بە هەند هەڵنەدەگرت.

بە تەنیا دایکی بەڕێی دەکرد. بەڵام دایکەشی یەك وشەی لەمەڕ رۆیشتنی کوڕەکەی بۆ ناو دەریا بە زماندا نەدەهێنا، و بەر لەوەی بگەنە کەنداوەکە، ماڵ ئاواییان لە یەکدی کرد.

دایکە لەو سەرو بەندانەدا بە دەنگێکی بڵندو ئاشکرا بە کوڕەکەی گوت: " دەباشە، بڕۆ ناو جەنگەڵ. ئاگاداربە کە دار و چیلکەکان وشك بن و خۆشت لەناو جەنگەڵ دا بزرنەبێ." — لەگەڵ ئەم قسانەیدا نەیدەڕوانیە دەریا، بەڵکە چاوی لە لای جەنگەڵ بڕیبوو.

دایکە لەبەرئەمە ئەو قسانەی دەکرد کە شون پێی ون بکا و منداڵەکەی لە گێچەڵی جنۆکە و ڕۆحە سپیەکان پارێزراو بێ. دایکە لەمەڕ پیاوەکەشیەوە قسەیەکی نەکرد. دەتگوت ئەمرایین باوکی کریسك نەبوو، دەتگوت کریسك لەم سەفەرەدا لەگەڵ باوکیدا نیە، بەڵکە لەگەڵ کەسانێکە کە ڕێکەوت کۆی کردوونەتەوە. لەم بارەوەش متەقی نە دەکرد، بۆ ئەوەی جنۆکە ئاگادار نەبن کە ئەمرایین و کریسك باوك و کوڕن. ڕۆحە پیسەکان نەفرەت لەو باوك و کوڕانە دەکەن کە پێکەوە بۆ ڕاو دەچن. ڕەنگە یەکێك لە باوك و کوڕەکە زەدە بکەن و دەستی لێبوەشێنن نەیهێڵن، تا هێزو توانای ئەویدیکە لە بن بێنن و لە تاو خەم و دەرد سوێند بخوا کە ئیدی روو لە دەریا نەکا، پێ لە ناو دارستان نەنێ.

جنۆکە وا بەرکارو پیسن. تەنیا بە دوای هەلێکی لەبار دەگەڕێن کە زەرەروزیان لە مرۆڤ بدەن و دەستی لێ بوەشێنن.

بەڵام کریسك خۆی لە ڕۆحی پیس و جنۆکان نەدەترسا. ئێستا ئەو منداڵ نەبوو. بەڵام دایکی دەترسا، ئەم ترسەشی بەتایبەتی لەبەر کوڕەکەی بوو، و دەیگوت تۆ هێشتا منداڵی. دەتوانن بە ئاسانی ڕێگات لێ ون بکەن و ڕۆژی ڕەشت نیشان بدەن. لە راستیدا وایە!ئامان لە دەست ئەو ڕۆحە پیسانە، چەندە بەدبەختی و فەلاکەت بەسەر منداڵان دەهێنن. تووشی زۆر دەرودو نەخۆشیان دەکەن.

دەست لە لەشی منداڵ دەوەشێنن تا نەتوانێ ببێتە راوچی. ئەوسا مرۆڤێکی وا بە کەڵکی کێ دێ! لەبەرئەمە خۆپاراستن لە ڕۆحە پیسەکان، بە تایبەتی لەسەردەمی منداڵیدا، تا سەردەمی مێرمنداڵی، زۆر گرنگە. کە مرۆڤ لەسەر قاچەکانی خۆیدا وەستا، کە بوو بە خاوەن کەسایەتیی خۆی، ئەو کاتە جنۆکە و ڕۆحە پیسەکان ترسیان نیە، ئەو کاتە ئیدی ناتوانن بەسەر مرۆڤدا زاڵ بن، ئەوان لە پیاوی بەهێزو توانا دەترسن.

دایك و کوڕە بەمجۆرە خواحافیزیان لە یەکدی کرد. دایکە تاوێك بێدەنگ وەستا، ئەو لەم بێدەنگیەیدا ترس و مرازو ئومێدی خۆی شاردبۆوە.

لە دواییدا بەبێ ئەوەی جارێکیش سەیری دەریا بکاو بەبێ ئەوەی وشەیەکی لەمەڕ باوکە بەدەمدا بێ، گەڕاوە، دەتگوت بەراستی نەیدەزانی کە هاوسەرو کوڕەکەی بۆ کوێ دەچن.

له كاتێكدا هەر خۆی شەوی پێشتر تێشووی سەفەری ئەوانی تێك نابوو و خۆراكی سێ رۆژی ئەوانی ئاما دەكردبوو، بەڵام هەنوكە ئەوها لە چارەنووسی كوڕەكەی دەترسێ كە وای نیشان دەدا تا رۆحە پیسەكان پێ ی نەزانن كە چ ترس و هەترەش رژانێك لە دڵی ئەو داهێڵانەی كردبوو.

پێش ئەوەی بگەنە كەنداو، دایكە ملی رێ ی خۆی گرت و گەڕاوە، بەڵام كوڕەكە بۆ ئەوەی لە رۆژێكی وادا ئازاری دایكی خۆی نەدا، هەر بەو شێوەی كە دایكی فەرمانی پێدابوو، قەدەرێك لەناو پنچك و دارودەوەندا مارپێچی بۆی جۆڵا تاوەكو شوێن پێی خۆی ون بكاو لە جنۆكە نادیارەكان ون بێ و پاشدان رای كرد تا خۆی بگەیەنێتەوە پیاوەكان. كە تەواوێك پێشی كەوتبوونەوە.

كریسك زوو خۆی گەیاندەوە ئەوان. بە باروچەك و تفاق و پێداویستیەكان و كەلوپەلێكی كە بەسەر پشتیانەوە بوو. لەسەرخۆ دەڕۆیشتن. ئەرگانی ردێن سپی لە بەرایدا دەڕۆیشت، دوا بە دوای ئەوەوە باڵای بەرزو چوارشانەیی (ئەمرایین)ی ریشدار دەدیترا، و لە دوای ئەوانەوەش میلگونی كوڵەو تێك سڕاوو ئێسقان درشت و خڕیلە. وەكو كوندە لینگی دەداو هەنگاوی هەڵدەهێنا.

جلەكانیان كۆن بوو، بەڵام لە پێستی خۆشكراو و چەرم بوو، بۆ دەریا گونجاو بوو كە گەرما نەداتەوە و شێ هەڵ نەگرێ و نەخوسێتەوە. بەڵام كریسك لە چاو ئەواندا جلەكانی رێكتر بوو. دایكی لەمێژ بوو بە هەوڵ و كۆششێكی زۆرەوە جل و بەرگی دەریایی بۆ ئەو ئامادە كردبوو.

چ چەكمەو چ جل و بەرگەكەی بە نەخش و نیگارەوە بۆ دروی بوو. ئەم حاشیە دروێنە لە دەریادا چ پێویستیەك دەكا؟ بەڵام خۆتان دەزانن دایك دایكە.

كە كریسك گەیشتەوە ئەوان، میلگون بەسەر سوڕمانێكی دروستكراو و پێكەنیناویەوە گوتی:

_ سەیرە! ئێمە وامان دەزانی تۆ بە جێ ماوی. واماندەزانی پەلیان گرتووی و بۆ ماڵەوەیان بردۆتیەوە.

كریسك زۆر رەنجاو گوتی:

_ بۆچی و لەبەرچی بە جێ بمێنم؟ هەرگیز بەجێنامێنم! من!..

میلگون گوتی:_

_ مەگەر حەز لە گاڵتەو سوعبەت ناكەی؟ دە باشە، وازبێنە! لە ناو دەریادا ئەگەر لەگەڵ یەكدا گاڵتە نەكەین، ئەدی لەگەڵ كێدا سوعبەت بكەین! لە پاشداندا تفەنگەكەی خۆی دایەو زێتر گوتی: _ وەرە، لە باتی ئەوەی عێدزبێ ئەمەش هەڵگرە! — كوڕە گەنجەكە بە سوپاسەوە تفەنگەكەی لێ وەرگرت و شان بە شانی ئەوان هەنگاوی هەڵێنا.

بارەكانیان سواری بەلەمەكە كردو خۆیان بە دەریادا كرد.

بەجۆرە ئەوان بۆ ناو دەریا چون. ئەگەر سەركەوتنیان یار دەبوو، ئەگەر بە راوێكی گەورەو زۆرەوە بۆماڵ دەگەڕانەوە، ئەوا گەڕانەوەكەیان جۆرێكی دیكە دەبوو. ئەو حەلە بە ئاهەنگ و شادی، بە رێورەسمی شایستەی راوچییەكی گەنج پێشوازی كریسكیان دەكرد.

لەسەر دڵفراوانی دەریا كە لە ناخی بێ سنووریدا بۆ راوچیە ئازاكان ماسی و زۆران گیانلەبەری ئاوی پەروەدە دەكا، گۆرانی و دیلانەیان دەگوت: ئەوسا كە تەپڵ و دۆلەكان لە ژێر زەبری دار حەیزەرانەكاندا دەكەوتنە گرم و هۆڕ، خەڵكی شایی و لۆغانیان دادەبەستاو ((شەمەن)) كە داناترین و عاقڵ ترینیان بوو، لەبارەی كریسكەوە، لە مەڕ راوچی نوێوە دەیگوت، دەپاڕایەوە و نزای دەكرد كە ئاو و زەوی پێكەوە هەمیشە لەگەڵیدا میهرەبان بن، و هەروەها ئەویش راوچییەكی گەورەی لێ بێتەوە و هەمیشە، لە دەریا و لە وشكانیدا، بەسەركەوتویی و خۆشبەختیەوە لە باوەشی یەكدابن و چارەنووسی ئەو بە جۆرێك بێ كە هەمیشە بە دادو ئینساف هەر هەموو دەستكەوتی راوەكەی لە نێوان گەورە و بچووكاندا ببەشێتەوە.

و سەرەڕای ئەوەش، ((شەمەن)) ی دانا دەپارایەوە و هیوای دەخواست كە كریسكێ و هەر هەمووشیان بۆی بژیەن تەمەنیان درێژ بێ. تا هۆزی پەریی دەریایی گەورەو لەپەرەسەندن و فراوانبوواندا بێ وەچە دوای وەچە ژمارەی پتر بێ:

ئەی دایە گەورە پەری دەریایان
پێم بڵێ لە كوێ لە دووری ئێمەدا مەلە دەكەی؟
ئاوسبوونی ژیانە ناو هەناوی گەرمت
ئێمە زادەی كەناری تۆین
باشتر نەبوو لە جێگایەكی ناو هەناوی گەرمت باین
ئەی دایە گەورە، ئەی پەریی دەریاكان،
بڵێ لە كوێ لە دووری ئێمەدا مەلە دەكەی؟

مەمکە بلووریەکەت
شیری لێواری ئەم دەریایەی داوین.
هۆدایە گەورە، ئەی پەریی دەریاکان،
پێم بڵێ لە کوێ، لە دووری ئێمەدا مەلە دەکەی؟
ببێتە سەرینت بەهێزترین مەردی جیهان،
تا سکت پڕ بەزو شکۆفان بێ.
تا وەچەی تۆ لە دنیادا زۆرو فراوان بێ.

بەڵێ، لە شایی و لۆغان و سەماو هەڵپەڕیندا ئەم گۆرانیانە دەڵێن. لەم ئاهەنگەدا رێ و رەسمێکی گرنگی دیکەش بۆ کریسك بەڕێوە دەچێ، شەمەن لەگەڵ سەماو پێوکاندا چارەنووسی ئەو کوڕە وەکو راوکەرێك، بە یەکێك لە ئەستێرەکانی ئاسمان دەسپێرێ. چونکە هەر راوچییەك ئەستێرەیەکی هەیە کە ئاگای لە راوچییەکە هەیە و دەیپارێزێ. بەڵام هیچ کەسێك نازانێ کە چارەنووسی کریسك بە کام ئەستێرە ئەسپێردراوە. تەنیا ((شەمەن)) خۆی نەبێ ئەستێرە پارێزگاریکەری نادیاری ئەو دەناسێ.

و هیچ کەسێکی دیکەشی بەم شتە نازانێ، و بەڵام ئەستێرەش لە ئاسمانێدا زۆرن....

هەڵبەتە، دایك و خوشکی ئازیزی پتر لە هەمووان شاد دەبن، بە دەنگێك لە دەنگی هەمووان بڵندتر گۆرانیان دەڵێن و شایی دەکەن و هەڵدپەڕن. هەروەها ئەمرایین پڕ یە دەمی.... خۆی بە باوکی ئەو هەڵدەداو شادی و غرورو شانازیی خۆی بە دەردەخا. بەڵام ئێستا ئەمرایین باوك نیە، چونکە لە ناو دەریادا باوك و کوڕ نیە، لە دەریادا هەموو یەکسانن و سەر بە گەورەترن. هەرچی مەزنتر بفەرمووێ، هەموویان ملکەچی دەبن و جێبەجێ ی دەکەن، باوك دەست لە ئیش و کاران وەرناداو کوڕەکە زمانی بەشکۆ و سکاڵا نایەتە گۆ. بەمجۆرە بووەو بەمجۆرەیەو بەمجۆرەش دەبێ.

((موزلوك)) یش ئەو کچۆڵەی کە لەهەرەتی منداڵیەوە پێکەوە یارییان دەکرد، شادمان دەبێ، ئێستا کەمتر یاریان پێکەوە دەکرد. لەمە بە دواوە ببڕای ببڕ یاری و گەمان پێکەوە ناکەن. چونکە ڕاوچی وەختی یاریکردنی نیە....

بەلەمەکە بە جوانی بۆ پێشەوە دەچوو، تەنیا بە هۆی شەپۆلانەوە نەختێك بڵندو نەوی دەبوو، لە مێژ بوو کە کەنداوی سەگەبەڵەکیان بڕی بوو و لە گەرووی ((درێژ)) رەت ببوون. کاتێك لە کەنداوەکەوە چوونە ناو دەریا دیتیان کە شەپۆڵی دەریا لە شەپۆڵی کەنداو توندترە.

کاتێ کە شەپۆڵەکان بەیەکسانی شەپۆڵ دەدەن. لەم جۆرە کاتانەدا دەتوانرێ بە خێرایی بەلەم لێبخۆڕدرێ.

بەلەمەکە لە تەختەی دار ئەسپینداری تۆکمە دروست کرابوو، بە ئاسانی و بە باشی بەرەو پێشەوە دەچوو، لەبەرانبەر شەپۆڵەکانی لاتەنیشت و ئەو شەپۆلانەی کە بەرەو رووی دەهاتن هاوسەنگی خۆی دەپاراست و بە بچووکترین جووڵەی سەرنشینەکانی ئاراستەی دەگۆڕا.

((ئەرگان)) ی پیر مژی لە سەبیلە کوژراوەکەی دەدا و لە رێك رۆیشتنی بەلەمەکەی لەزەتی دەدیت و لە دڵی خۆیدا وا هەستی دەکرد، دەتگوت نەك بەلەم. بەڵکە خودی ئەو تاکە مەراتی لە ئاوێدایە و لە ناو ئاوی سارد دا بۆ پێشەوە دەچێ. وەك بڵێ ی ئەو خۆی هاوئاهەنگ لەگەڵ دەنگێکی یەك ئاوازی سەوڵەکان و بزووتنەوەی یەکسانی سەوڵەکان لە پانایی بێ سنووری دەریادا مەلەی دەکرد. دەتگوت خۆی مەلەی دەکرد، بە دەفەی سینگی خۆی شەپۆڵەکانی رووبەرووی دەهاتن، شەق دەکرد و ئەو خۆی بوو کە لە ژێر کاری پێکاهاتنی ئاودا بە نەرمی مەلەمەلی دەکرد. پەیدابوونی ئەم هەستانەو تەنیایی تەواو لەگەڵ جووڵەی بەلەمەکەدا، بوونە هۆی پەیدابوونی بیرکردنەوەی سەیر سەیر لە لای پیرەمێردەکەدا.

ئەو لە بەلەمەکە رازی بوو، زۆر زۆریش رازی بوو، ئاخر ئەو خۆی ئەو بەلەمەی دروست کردبوو. چەندین کەس پێکەوە ئەسپیندارەکەیان هەڵگرت. نە کەسێك و نەچواریش دەرووەستی کارێکی ئەوها نایەن.

بەڵام ئەو خۆی بە تەنیا بەلەمەکەی دروست کرد، سێ هاوینان سەرقاڵی وشککردنەوە و داتاشینی بوو و ئەو کاتە دەیزانی کە ئەم بەلەمە دەبێتە باشترین بەلەم کە لە ژیانی خۆیدا دروستی کردبێ.

بەڵام پیرەمێردە، لەناو ئەو بیرو خەیاڵاتانەدا، لە خۆڕا خەم دایگرت و لە دڵی خۆیدا گوتی: نەکا ئەم بەلەمە دوا بەلەم بێ بە ژیانیدا!

حەزی دەکرد ماوەیەکی دیکەش بژی. هێشتا چاوو هۆش و گۆشی کار دەکاو توانای بۆنکردنی ماوە، حەزی دەکرد هێشتاش بۆ ڕاو بچێتە دەریا، هێشتاش یەك دوو بەلەمی دیکە دروست بکا.

ئەو لە ناو ئەو بیروخەیاڵانەدا، لە جیهانی خەیاڵاتیدا لەگەڵ بەلەمەکە قسەی دەکردو دەیگوت:" ئای بەلەمەکە، ئەی براکەم، من خۆشم دەوێ ی، متمانەت پێدەکەم، تۆ زمانی

دەریا دەزانی، تۆ بە خو و خاسیەتی شەپۆلان ئاشنای و هێزی تۆ لەمە دایە، تۆ کە بەلەمێکی شایستەو لێهاتووی و باشترین بەلەمێکی کەمن لە ژیانمدا دروستم کردبێ.

تۆ بەلەمێکی گەورەی، دوو سەگی دەریایی گەورەو سەگێکی دەریایی بچووك لەناو تۆدا جێگایان دەبێتەوە. تۆ سەرکەوتن و کامەرانیمان بەتالآن بۆ دەهێنی. لەبەرئەمە من رێزت لێدەنێم.

ئێمە هەمووومان تۆمان خۆش دەوێ، کاتێ کە بەبارێکی سەنگینی راوەکەمانەوە دەمانگەیەنیتەوە قەراغەکان و تا سەر لێوارەکانت لە ئاودای و ئاو دەرژێتە ناوتەوە، ئەوساکە خڕی تۆ پێشوازی تۆ، ئەی برای ئازیزم، روو لە قەراغ دەریا دەکەن.

ئەگەر من مردم، تۆ هێشتاش ماوەییەکی زێتر لە دەریادا مەلە بکە و بۆ ئەو شوێنانە برۆ کە راوی گەورەی تێدایە. ئەگەر من نەمام تۆ لەگەڵ راوچیانی لاو و نەوجەوان و بە تواناداا بۆ ناو دەریا برۆ. ئەگەر چاوی من لەم جیهانەدا ون بوو، ئەو خزمەتەی بە من دەیکەی، هی وانیش بکە. ئەی بەلەمەکە، برای ئازیز، بمێنە تا ئەو رۆڵەمان کە لە پێشەوە دانیشتووە، سەری دەلەقێنێ و جامی سەبری سەرەو رێژ دەبێ، وا دەزانێ کە ئەگەر لەسەر ئەم بەلەمە نەبوویایە لەسەر وشکانیدا دەبوو، هەر ئێستا کە بە پەلە و بێ دواکەوتن دەچووە راوی گەورەو کارەکانی بە کەیف و ئارەزووی خۆی رادەپەڕاند. ئەی بەلەم، ئەی برای ئازیزم، بمێنە تا ئەویش گەورە دەبێ. بمێنە تا ئەویش سوارت بێ و، تا بۆ گەشتی دوورونزیکی ناو دەریا بڕوا. بەڵام ئێمڕۆ کە ئەو بۆ یەکەمین جار لەگەڵماندا هاتۆتە ناو دەریا، داب و نەریت ئەوهایە. لێگەڕێ با ڕابێ. ئێمە ئەم دنیایە بەجێدەهێلین.

بەڵام ئەو ساڵانێکی دوورودرێژتر دەژی. ئەگەر بچێتەوە سەرباوکی، پیاوێکی بەراستی و بە کاری لێ دێتەوە، نەك رووتەڵەیەکی بێکارە و هیچ لە دەست نەهاتوو. ئەمراییین لە نێوان راوچیانی ئیمڕۆ دا باشترین راوچی و مرۆڤێکی بەکارو گەنجێکی بە تواناو شەنگ و تاقەتە. من رۆژگارێك لە هەرەتی هێزو توانامدا، مرۆڤێکی ئەوها بووم، ئەوساکە ژنان خۆشیان دەویستم. من وام دەزانی کە دەورانی من بەرەو کۆتاییە، مەخابنە کە مرۆڤ درەنگ تێدەگا کە بەمجۆرە نییە.

بەڵام گەنجان زۆر گوێیان لەم قسانە نیە و بۆ نموونە ئەمراییین و نیلکون بێ گومان هێشتا نەکەوتوونەتە ناو ئەو بیرو لێکدانەوانەوە. دە باشە دەی، باوابێ گرنگ نیە، لە دواییدا تێدەگەن. ئەوان زۆر باش، چاپووك و چالاك سەوڵ لێدەدەن.

میلگون وەك ئەمرایین بەهێزە، ئەوان دەستەبرایەکی بەهێزن و دەکرێ، پشتیان پێ ببەسترێ. دەڵێ ی بەلەمەکە خۆی و وەك یاریکردن لەمەلەدایە، بەڵام تەنیا لەبەر چاواندا وا دەنوێنێ. لەناو دەریادا مرۆڤ بە دەستەکانی دەجووڵێتەوە هێشتا دەبێ ماوەیەکی گەلێ زۆر سەوڵ لێبدرێ. ئیمرۆ ئێوارە کە دنیا تەواو تاریك دەبێ دەگەینە دوورگەی ((سێیەم مەمکۆڵە). سبەینێش بە درێژایی رۆژەکە، لە بەیانیەوە تا ئێوارە رێگای گەڕانەوەمان لەبەردەبێ، من هەرجارەی ئەو دەریایە کارێکی دژوارە. بەڵام کە بە خۆمان و ڕاوەکەمانەوە گەڕاینەوە، ئاهەنگ دەگێڕین.

ئەی بەلەمەکە، برای ئازیزم. گوێت لێیە، لە قسەکانم دەگەی؟ تۆ ئێمە بۆ دوورگەی (سێ ) ی مەمکۆڵە) ی ڕاوگەی گەورەمان دەبەی هەر بۆ ئەو مەبەستەش دەچین. لەوێ لە قەراغ دەریادا لە شوێنی کۆبوونەوەی گیانلەبەرە دەریاییەکاندا تووشی سەگە دەریاییەکان دەبین. کاتی زاوزێ کردنیانە، سەگە دەریاییەکان لەو دوورگەدا کۆدەبنەوە.

بەلەمەکەم، برای شرینم، تێدەگەی چی دەڵێم؟ بێگومان تۆ لە قسەکەی من دەگەی. من سەر وەختێ لەگەڵ تۆدا قسەم دەکرد کە تۆ هێشتا نەتدەزانی دەریا چیە، تۆ هێشتا لەناو سکی ئەسپینداری تووندوتۆڵ و کۆنە ساڵدا لەناو جەنگەڵ دا دەژیای.

من تۆم لەناو سکی ئەو دارە ئازاد کرد و ئێستا وا لەناو دەریادا مەلە دەکەین. بەلەمەکەم. برای خۆشەویستم. هەر کە من چوومە دنیای نەبوونەوە، تۆ من لەبیر مەکە. هەر کەسینگی دەریا شەق دەکەی منت لەبیر بێ..."

لەگەڵ ئەوەشدا ((ئەرگان)) لە رێگای راستەقینەی کەنارەوە، لە گردی سەگە بەڵەکەوە بە دەریای دا کردبوو، ئەم بیرانەی بە مێشکدا دەهات. ئەم گردە بەردینە خاسیەتی تایبەتی لە عادەت بەدەری هەبوو کە هەموو کەسانێکی دەچوونە ناو دەریاوە، قسەیان لەو خاسیەتەی دەکرد لە هەوای ساف و ڕووناکدا هەرچەندە لەم تەپۆلکە دوور دەکەوتنەوە. دەتگوت تەپۆلکەکە بڵندتر دەبوو.

دەتگوت سەگەبەڵەك نایەوێ دوا بکەوێ و بەدوویان دەکەوت هەر کاتێ ئاوڕیان دەداوە، هەمیشە دەیاندیت سەگەبەلەك بەدوایانەوەیە. ماوەیەکی زۆر ئەو گردۆڵکە دەدیترا و لە دواییدا لە پڕێك دەتگوت لە نشێوێکی ئاودا، یەکسەر لەبەرچاوان بزر دەبوو،

ئەمەی دەگەیاند کە سەگەبەڵەك بۆماڵ گەڕاوەتەوەو ئەوان زۆر لە کەناری دەریا دوور کەوتوونەتەوە.

ئەوساكەش دەبووایە لەبیرت بێ، زەینت لەسەربێ و چاك لە مێشكی خۆتی دانێی كە سەگە بەڵەك لە كوێ لە چ ئاقارێكدا هەڵدەكەوت، دەبووایە ئاڕاستەی با و شوێنی خۆرت بە گوێرەی گردەكە لەیاد بێ و لە ئاوهەوای ئارامیشدا سەرنجی هەوران بدرێ و سەرەڕای بزووتنەوە لەناو دەریا تا گەیشتن بە دوورگەكان دەبووایە هەمیشە شوێنی سەگەبەڵەك لەبەرچاو بگیرابا تا لە پانایی بێ سنووری دەریادا ڕێگایان لێ ون نەبوویا.

ڕاوكەرەكانمان بەرەو ئەو دوورگانەی كە یەك ڕۆژە ڕێگا لە كەنارەوە دووربوون، كەوتنە ڕێگا. ئەم دوورگانە سێ دانەی بەردەڵان بوون و كەسیان لەسەردا نەدەژیا و ئاوەدانیان تێدانەبوو. سێ پارچە زەووی بچووك بوون كە وەك سێ مەمكی ڕەش لەناو پانایی بێ سنووری دەریادا هەڵكەوتبوون.

لەبەرئەمە ناویان لەم سێ جەزیرە نابوو سێ مەمكۆڵە _ مەمكی بچووك و نێوان و گەورە. ئەگەر دوای ئەوەش زێتر بۆناو دەریاچووبان. ڕێگای دەریا بەرەو ئۆقیانووس دەچوو. ئۆقیانووسێكی بێ سنوور بوو، ئەوان ناویان نەدەزانی، ئاوێكی هەزار بەر هەزاری كە كەس نەی گەیشتبوویەو نەچووبووە ناویەوە، ئاوێكی جاویدانی نادیار، ئاوێك كە هەر لە خۆیەوە پەیدابوو، لەو ڕۆژەوە كە دنیا درووست بووە، لەو دەورەو زەمانەی كە ماسیگرە بە قیرەو قاو قیژ بە دوای بستیك زەوویدا دەگەڕا تا وەكو هێلانەیەكی لەسەر درووست بكا و لەسەرانسەری دنیادا ئەم بستە زەوویەی پێ پەیدا نەدەبوو، ئەوێ لەو ڕۆژە بەهاریانەدا گونگەڵی سەگەدەریاییەكان بوو. لەو شوێنەش تخویی دەریا و ئۆقیانووس لێك دەگەڕایەوە.

هەروەها ڕاوچییەكانمان بۆ ئەو نیازە ئەو ڕێگایەیان گرتبووە بەر بەرەو ئەوێ سەولیان لێدەدا...

كوڕە گەنجەكە سەری سوڕمابوو كە دەریا هیچ لەو دەریایە ناچێ، كە لە شوێن یاریەكانیان لەسەر هەڵدێرەكانی سەگەبەلەكەوە دەهاتە بەرچاوی.و بەهیچ جۆرێكیش ئەو دەریایە نەبوو كە كاتی بەلەم سواری لەناو زەنەكە شۆراوەكەدا، دەیدیت، بەتایبەتی كاتێ كە ئەوان لە دەریاچەكەوە ڕەت بوون و لە پڕدەریا لە هەموو لایەكەوە پان بۆوە، تەواوی دنیای دیتن و لەبەر هەڵڕوانین تا پەرەگەی ئاسمانی داگرت و بەتاقانە ڕاستییەكی بێ چەندو چوون و بێ پایانی جیهان گۆڕا: ئەم هەستەی تێدا بەهێز بوو.

دەریای بێ سنوور واقی کریسکی وڕماند. ئەو چاوەڕێ ی دیتنی دیمەنێکی وای نە دەکرد. تەنیا ئاو بوو ئاوێکی ڕەوان و سەنگین تەنیا شەپۆل بوو، شەپۆلانێکی کە بە خێرایی ڕاست دەبوونەوەو یەکسەر ون دەبوونەوە.

تەنیا قوڵایی بوو، قوڵاییەکی تاریك و تنۆك و سەر لێ تێکدەر، تەنیا ئاسمان بوو. ئاسمانی بە هەوری سپی داپۆشراوی پڕ لە جووڵە، هەوری سووك و دوورەدەست و سەرانسەری بوون، هەر دەریابوو و هیچ شتێك جگە لەوە، هیچ شتێك جگە لە هەمان دەریا شتێکی دیکە نەبوو، نە زستان بوو نەهاوین و نە گردۆلکەو نە چاڵایی.

ئاوسەرانسەری دنیای تەنی بۆوە.

بەڵام خۆ دیسانەکە بەلەمەکە هەر لەمەلەی خۆی دابوو و بەسەر شەپۆڵەکاندا مەلەمەلی دەکرد. هەروەها بۆ کوڕەکەش زۆر خۆش و شادی هێن بوو کە لە چاوەڕێ ی ڕاوێکی گەورەدا لەناو بەلەمەکەدا بێ.

بەڵام هەموو شتەکانی کە ئەو لە دەور و دۆخی خۆیدا، لەناو ئاو و لەسەر ئاودا دەیدیت، لەم سەفەرەدا بەشێوەیەکی سەر پێیی و بە سەرنج دانێکی کە دەرکی بە شادی دەکرد.

لەبەرئەوە پەلەی بوو، و چاوەرێ ی شتە سەرنج ڕاکێش و جوانەکانی دیکە سەراپای بوونی ئەوی داگرتبوو. لە هەندێ کات و یاریی دیکەدا، چ یاریە بێ پایانەکانی پرشنگی تیشکی خۆر بەسەر ئاودا کە لە شێوەی سەیروسەمەرە بەسەر دەریادا دەخزین و بە شەپۆلدانی ڕەنگی جۆراو جۆر لە بنەوشەیی ڕوون و سەوزی تاریك و ڕەشی قەترانی لە سێبەری بەلەمەکەدا، کە سیمای دەریای دەم بە دەم دەگۆڕی، سەرنجی ئەوی ڕادەکێشا، و لەدیتنی ماسیە سەیروسەمەرەکان کە بە ڕێکەوت لە کەناری بەلەمەکەدا سەریان لە ئاودا دەردەهێنا، دڵشاد دەبوو، و هەروەها ئەو بەو ماسیە ئازادانەی کە دەستە دەستە تووشیان دەبوون و لە باتی ئەوەی بەم لاو ئەولادا پەرش و بڵاو بنەوە. لە ترسی باز زێتر پێکەوە دەچەسپان، بازیان دەدایە سەرئاو، کەمێ لە هەودا دەمانەوەو بە جۆرێکی پێکەنیناوی بە پشتدا دەکەوتن، پێدەکەنی.

ئەو هیچ شتێکی لەوانە بە شایانی سەرنج دان نەدەزانی و بایەخی پێنەدەدان. ئەو تەنیا تینووی شتێك بوو ئەویش ئەمە بوو کە زووتر بگەنە دوورگەکە و دەست بە کارەکەیان بکەن.

بەڵام حاڵ و بار و ورەی گەنجەکە بە خێرایی بە جۆرێکی سەیر گۆڕا، هەرچەندە ئەو بە ڕووی خۆیدا نەدەهێنا، کە لە وشکانی دوور کەوتنەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی سەگەبەڵەك لە پڕ لە چەمانەوەیەکی تاریك و تنۆکدا لە چاواندا بزر بوو.

هەستی ترسێکی نادیار لە دەریا لە دڵی گەنجەکەدا هێلانەی کرد. ئەو پەیوەندبوونی خۆی بە دەریا، بچووکی و بێ پەنایی و بێ توانایی خۆی لەبەرانبەر ئەو هێزە زەبەردەستە زەبەلاحەی سرووشتدا هەست پێ دەکرد.

ئەم حاڵە بۆ ئەو تازە بوو. لەو چرکە ساتەدا تێگەیشت کە سەگەبەڵەك بۆ ئەو چەندە ئازیز بوو، ئەو سەگەبەڵەکەی کە پێشتر هەرگیز بیری لێنە دەکردەوە، بەبێ ترس لە دامێنەکانی دا هەڵدەبەزیەوەو لەسەری گردەکەوە دەیڕوانیە دەریا کە هیچ ترسێکی بۆ ئەو نەبوو و لەزەتیشی لەم کارە دەدیت، ئێستا لەوە گەیشت کە سەگەبەڵەك بەهێزو پایەدارو چەسپاو لە جێگای خۆیدا، چەندە بەهێزو میهرەبان بووە.

ئەو هەنووکە پەی بە جیاوازیی نێوان وشکایی و دەریا برد. کاتێك کە لەسەر زەوی بیر لە زەمین ناکەیەوە. بەڵام کاتێ کە لەناو باوەشی دەریادای، هەتا ئەگەر خەیاڵیشت لە کن شتێکی دیکە بێ، ئەوا هەر بیر لە دەریا دەکەیەوە. بە دەرکەوتنی ئەم راستیە بووە هۆی بەهۆشهاتنەوەو نیگەرانبوونی کوڕە گەنجەکە.لەناو ئەو راستیەدا کە دەریا ئەوی ناچار دەکرد بەردەوام بیری لێ بکاتەوە، هێزێکی نادیاری، خۆڕاگرو فرمانڕەوا خۆی حەشاردابوو.

بەڵام پیاوەکان ئارام و ئاسوودە بوون. ئەمرایین و میلگون بێ پسانەوە لە سەریەك کێش و ئاهەنگ، وەك یەك تاکەکەس بن، سەوڵیان لێدەدا:

چوار سەوڵ لەیەك کاتدا بە ئاودا دەکراو بە ئاسانی و سەری حەوتەوە بەلەمەکەی بۆ پێشەوە ڕادەدا. بەڵام ئەم کارە کۆشش و وردبوونەوەی بەردەوامی لەسەوڵ لێدەرەکان داوا دەکرد.

کریسك دەم و چاوی ئەوانی نەدەدیت. سەول لێدەرەکان پشتیان لەو بوو، بەڵام کریسك دەیدیت کەوا چۆن تیرەقەی پشتیان دەچەماوەو راست دەبۆوە. ئەوان کەم وا دەبوو قسەیەك لەگەڵ یەکدا بکەن. هەڵبەتە باوکەکە جاروبار دەرفەتی دەهێنا سەری بۆ دواوە وەرسووڕێنی، لە نێوان تاڵەمووەکانی ریشیشەوە زەردەخەنەیەك بۆ رۆڵەکەی خۆی بکاو بە نۆڕین و زەردەخەنەوە لێی بپرسێ: " ئێستا چۆنت بەدڵە؟"

بەمجۆرە ئەوان لە سەفەرەکەیاندا بەردەوام دەبوون: پیاوەکان بە ئارامی خەیاڵ رحەتیەوە باوەڕیان بە خۆ بوو. ئەرگانی پیر لە ئارامیەوە، وەك پێشوو قوم و مژی لەسەبیلەکەی دەدا و هەر لەو جێگایەی کە لەسەرەتاوە لێی دانیشتبوو، کاری بەلەمەکەی بەڕێوە دەبرد. بە کورتی

هەرکەسەو بەکاری خۆیەوە سەرقاڵ بوو. هەڵبەتە کریسك یەك دوو جاران بە کۆمەکی ئەوانەوە چوو، ناو ناوە لەگەڵ باوکی و ناو ناوە لەگەڵ میلگۆندا سەوڵی لێدەدا.

میلگۆن و باوکی زۆر بە تاسەوە سەولێکیان دەدا دەست: لێگەڕێ با کارێك بکا. ئەگەر چی ئەو بە هەردوو دەستان سەوڵی لێدەدا. بەڵام نەیدەتوانی ماوەیەکی زۆر سەوڵ لێبدا، چونکە بۆ ئەو بەلەمەکە لە رادەبەدەر سەنگین بوو و سەولەکەش تا ڕادەیەك گەورە بوون. بەڵام کەس لە گولێ کاڵتری پێنەدەگوت و وایشیان دەرنەدەخست کە دڵیان پێی دەسووتێ. پتر کپ و بێدەنگ کاریان دەکرد.

بەڵام کە لە پڕێکدا سەگە بەڵەك لە چاوان بزر بوو، هەموویان بەیەکەوە جووڵەیان تێکەوت. ئەمرایین گوتی:

– سەگەبەڵەك چۆتەوە ماڵێ.

– میلگون لایەنگریی لێکرد:

– بەڵێ، گەڕاوەتەوە.

ئەرگانی پیریش تەماشایەکی ئەولای کردو گوتی:

- راستە؟ گەڕاوەتەوە کە ئەوهایە، وا دیارە کارەکانمان بەڕێوەن.

- لە دواییدا تەماشایەکی شەیتانانەی لە کوڕە جحێلەکە کردو دیسان گوتی:

ئەگەر سەگەبەڵەك دەنگدەی، رەنگە بگەڕێتەوە؟

هەموو پێکەنین. کریسکیش پێکەنی، پاشدان کەمێکی بیرکردەوە و بەدەنگێکی بەرز گوتی:

- ئێمە دەبێ خۆمان بگەڕێینەوە. ئەوساکە سەگەبەڵەکیش دێتەوە. ئەرگان پێکەنینێکی گاڵتەئامێزی گرت و گوتی:

- زۆر پەلەتە! نەء، وەرە ئێرە وەرە لای من، وەرە خۆمان بە کارێکەوە خەریك بکەین. تەماشاکردن بەسە. ناتوانی تەماشای هەموو دەریا بکەی.

کریسك لەناو بەلەمەکەدا لە شوێنی خۆی بڵندبوو و بەرەو دواوەی بەلەمەکە چوو. هەولێدەدا بەسەر کەل و پەلەکانی وەك: دوو تفەنگەکەی کە لە ناو پێستی ئاسکەکێویدا پێچڕابوو، هارپۆن[3]، کلافەیەك داو، جلیکانەی ئاو، کیسەکانی خۆراك و هەندێ بەستەو جل و بەرگ و شتی دیکە، کە لە ناو بەلەمەکەدابوون. نەکەوێ.

---

٣- هارپۆن: نەمزانی ئەم وشە مانای چیە.

کوڕەکە خۆی بە دیواری بەلەمەکەوە نووساند، کە بەسەر سەوڵەکاندا بە تەنیشت سەوڵ لێدەرەکاندا ڕەت بوو و بۆنی تووتن و بۆنی کەسکونی ئارەقەی لەشی کە لە پشت و پشت ملی پیاوەکانەوە هەڵدەستا، گەیشتە بەر کونە لووتی: هەمان بۆنی جل و بەرگی بابی کە دایکی زۆری حەز لیێ ی بوو کاتێ کەباوکی لەناو دەریا دەبوو، بۆنیان بکا، دایکە کراسە چەرمیەکەی باوکەی هەڵدەگرت و بە دەم و چاوی خۆیەوەی دەنا.

باوکە سەرێکی بۆلای کوڕەکەی بادا، شانێکی لە لاکەلەکەی دا، بەڵام سەوڵەکانی بەرنەدا، بەڵام کریسك لە وەڵامی نەوازشە لە خۆڕاکەی باوکیدا، هەنگاوەکانی سست نەکردو لە دڵی خۆیدا گوتی! لەناو دەریادا هەمووومان وەك یەکین. لەناو دەریادا باوك و کوڕ نیە. لە دەریادا تەنیا مەزن هەیەو نابێ بە بێ ئاگاداری ئەو هیچ کارێك بکرێ...

ئەرگانی پیر دەستە درێژو گرێ گرێیەکانی لەناو شانی ئەودا، ئاماژەی بۆ کرد کە لەکەنار ئەو دانیشێ و گوتی:

- دانیشە، لەم لایەمدا جێگای خۆت بکەوە، وەك بلێ ی کەمێك ترساوی، ها؟ سەرەتا هیچ نەبوو، بەڵام دوایی....

کریسك شەرمی لە خۆی کردەوەو بیری کردەوە: وا بەدیاردەکەوێ کە ئەرگانی پیر پێشبینی شتێکی کردووە. لەبەرئەمە بە دەنگێکی ناڕەزایی ئامێزوە گوتی: نەخێر بابە گەورە، هیچ نەترسام! بۆچی دەبێ بترسم؟

- چۆن نەترسای، کای [٤] یەکەمتە کە بێیە ناو دەریاوە.

کریسك لەسەر قسەکەی خۆی موکوڕ بوو و گوتی:

- با جاری یەکەمیش بێ چ بایەخێکی هەیە؟ من لە هیچ شتێك ناترسم.

- با وابێ، بەڵام من کە جاری یەکەم چوومە ناو دەریا، لەم کاتانە زووتر بوو، ڕاستگۆیانە ددانی پێدادەنێم کەوا ترسام. دیتم زۆر لە مێژە کە ڕۆخی دەریا نادیترێ و سەگە بەڵەکیش دیار نییە کە بۆ کوێ رای کردووە. هەموو لایەك هەر شەپۆلی دەهێناو بەس. حەزم کرد بۆ ماڵەوە بگەڕێمەوە. لەوان، لە ئەمرایین و میلگوت بپرسە، ئەوان لە چ حاڵ و بارێك دان؟

لە کاتێکدا ئەوان بەتاو سەوڵیان لێدەدا. لە وەڵامدا زەردەیەکی مانادار و تەوساویان هاتێ و سەریان بۆ ڕاستی قسەکە بادا.

---

٤- کا: جار.

کریسکیش دیسانەوە پیێ ی داگرت و گوتی:
- بەڵام من نەترسام.
پیرەمێردەکە بۆ ئەوەی خەیاڵی کوڕە گەنجەکە رەحەت بکا، گوتی:
= ئەگەر بەمجۆرەیە، ئافەرین. ئێستا پێم بڵێ سەگەبەڵەك لە کامە لادایە؟
کریسك لەو پرسیارە لە پڕە کەوتە بیرکردنەوە، دوایی بە دەست ئاماژەی بۆ کردو گوتی:
- لەو لایەیە!
- دڵنیا؟ دەڵێ ی دەستت دەلەرزێ.
گەنجەکە هەوڵ دەدا نەهێڵێ دەستی بلەرزێ. کەمێ ئاماژەی لای راستی کردو گوتی:
- ئەو لایە!
- ئەرگان راستی قسەکەی ئەوی سەلماند:
- ئێستا بە وردی نیشانت دا. باشە. ئەگەر رووی بەلەمەکە بۆ ئەو لایە بگەڕێنینەوە، ئەو حەلە سەگەبەڵەگ دەکەوێتە کوێوە؟
- ئەو لایە!
- ئەگەر با بۆ ئەو لایە بمانگێڕێتەوە؟
- ئەو لایە!
- ئەدی ئەگەر بەرەو لای چەپ بڕۆین؟
- ئەو لایە!
- ئەرگان دیسانەوە لێ ی پرسی:
- باشە ئێستا پێم بڵێ تۆ ئاراستەو لایەکان چۆن دیاری دەکەی؟
ئاخر هەموو چوار دەورت ئاوە و چاو بە هیچ شتێکی دیکە نابینێ.
کریسك وەڵامی دایەوە:
- من چاوی دیکەشم هەیە.
- ئەوە چ چاوێکن؟
- نازانم چ چاوێکن. بەڵام هەبێ و نەبێ ئەو چاوانە لەناو سکم دان، ئەو چاوانە بێ ئەوەی ببینن، دەبینن.
هەموو پێکەنین و سەیریان لێهات!
- لە ناو سکت!

ئەرگان گوتی:

- ئەمەش راستە ئەمجۆرە چاوانەش هەن. بەڵام ئەم چاوانە لەناو سکدا نیە. بەڵکە لەسەردایە.

ئەگەر چی کریسك خەریك بوو رازی دەبو کە ئەم تەرزە بیناییە رەنگە تەنیا لەسەردابێ، بەڵام هەر لە سەر قسەکەی خۆی بوو و گوتی:

- ئەم چاوانەی من لەناو سکدانە.

پیرەمێردە دوای ماوەیەکی کورت، دیسانەوەش کەوتەوە تاقیکردنەوەی کریسك و کاتێ کە تەواو باوەڕی بەوە هێنا کە توانای دیاریکردنی ئاراستەو لایەکانی دەریای هەیە، بە دەنگێکی لێ رازیبوونەوە، لە ژێر لێوەوە گوتی:

- باشە، چاوەکانی ناو سکت چاوی خراپ نین.

کریسك شاد بوو و گەشاوە لەو ستایشەی ئەرگان کردی. لەبەرئەوەی ئێستا، ناو دەریا کەمێ ئارامە. ئەم کارە هێندە کارێکی دژوار نەبوو.

سەگەبەڵەك مەزن و بە وەفا هەموو جارێك بە هانای کریسکەوە دەهات، بەبێ ئەوەی زۆر فشار بۆ مێشکی خۆت بێنێ، لە بەرانبەر چاوەکانی ناوەوەی ئەودا، رێك و بۆ هەمان لاو هەمان جێی کە لێ ی دەماوە رێك پەیدادەبۆوە، دەتگوت بە کەلەشێکی زەبەلاح لەگەڵ جەنگەڵی چڕوپڕی نشێوو هەورازەکانیدا بەپەڵەی بەفری سەر لووتکەو نسێ و هەڵدێرەکانی، بە خۆپێدادانی بەردەوام و کفت نەبووی و پڕ لە جۆش و خرۆشی شەپۆلان گابەردەکانی دامێنی: زۆر بە روونی لەبەرچاوی ئەودا بەدەردەکەوت. کوڕە کاتێ کە سەگەبەڵەکی دەهێناوە بەرچاوی خۆی، نەیدەتوانی بیر لە گردە گەورەو زەبەلاحەکانی نەکاتەوەو دەکەوتەوە یادی ماڵەوەیان، گەلیە بچووکەکەی نێوان گردەکانی کەنار دەریا، لەو گەلیەی دامێنی جەنگەڵ، لە کەناری رووبارە بچووکەکەی مەنزلگای راوچیان و لەوێ کۆمەلێك خانووی لە تەختەو دار دروست کراو کەپر، سەگ، عەلەشیش، رستی هەڵواسراوی تایبەت بە وشککردنەوەی ماسی، دووکەڵ و هات و بات و لەو ناوەدا دایك و پسوولەکی خوشکە بچووکی خۆی دەدیت. هەموو ئەو شتانەو هەرکارێکی دیکەی دەیانکردو سەر گەرمیەکانیان بە روونی لەبەرچاودا بەرجەستە دەکرد. هەڵبەتە دایکی بە نهێنی بیری لە ئەو و باوك و هەموو راوچیەکانی کە چووبوونە ناو دەریا دەکردەوە، بەڵێ ئێستاکەش دایکە بیریان لێدەکاتەوە و لە هەمان کاتدا دەترسێ کە نەوەکا

گیانە پیسەکان پەی بە بیروئەندێشیەکانی ببەن و ئاگادار ببنەوە. کەسێکی دیکەی کە بیری لێدەکاتەوە موزلوکە، موزلوك چۆتە ماڵیان کە گوایا لەگەڵ پسوولەك یاری بکەن.

ئەگەر بە رێکەوت موزلوك لەمەر ئەوەوە کە چۆتە ناو دەریا، قسە بکا، یان پرسیارێك بکا، بێ گومان دایکی کریسك سەرزەنشتی موزیك دەکاو رەخنەی لێدەگرێ و دەڵێ:" تۆ چیتە لە خۆڕا قسە دەکەی، مەگەر نازانی کە کریسك چۆتە ناو دارستان کەمێ دارو چیلکەو چاڵ بێنێ؟"

کچۆڵەکە هەست بە هەڵەی خۆی دەکا، شەرمەزار دەبێ و بێدەنگ دەبێ. کریسك لەناو ئەم بیروخەیاڵاتانەشدا دڵی بە حاڵی موزیك سووتا.

ئەو زۆر حەزی دەکرد کە موزلوك بیر لە کوڕەکەی بکاتەوە، حەزیشی نەدەکرد لەبەر خاتری کوڕەکەی موزلوك سەرزەنشت بکا.

بەلەمەکە بە هەمان شێوە لەناو دەریادا دەڕۆیشت و بە ئارامی بە سەر شەپۆڵەکانەوە لە هەڵبەزودابەزین دابوو. دەریا چ دەریا لە هەموو لایەکدا بە شەپۆڵی نەرم و بچووك کەروێشکەی ئاو دەدرەوشاوە. راوچیەکان لێکیان دەداوە کە سەر لە نیوەڕۆدا. یان زۆر زۆر رۆژ لە زەردان بگەنە دوورگەی یەکەم (ئەم دوورگە نزیکترین دوورگەی سێ مەمکۆڵە، و مەمکی بچووك بوو." ئەگەر بەخت یاریان بکا، لەوێ راوێکی لێبکەن، دوایی دەبووایە تا هەوا تاریك دانەهاتوە، بە دوورگەی دووەم مەمکی ناوەڕاست، بگەن و شەو لەوێدا بمێنێنەوە، بەتایبەتی کە لە کەناری ئەو دوورگەدا جێگایەکی پەنا (با) و گونجاو هەبوو بۆ بەلەمەکە، بەیانی زوو سەر لە نوێ رێگای دەریا بگرنەبەر، ئەگەر بەرەبەری رۆژئاوابوون بەخت یاریان بێ و یەکسەر سێ سەگی دەریایی راوبکەن. بەیانیەکەی بە بێ خۆ دواخستن رێگای گەڕانەوەی بگرنە بەر. بەڵام لە هەموو بارێکدا دەبووایە لە نیوەی یەکەمی رۆژدا. بەرلەوەی خۆر دوو گەز لە ئاسمان بەرزبێتەوە، رێگای گەرانەوە بگرنەبەر. چونکە لای هەموو کەسێك ئاشکراو روونە کە هەرچەندەی زووتر دەریا بەجێبهێلرێ و باشترە.

ئەرگانی پیر ئەم سەین و بەین و رووداوانەی پێشبینی کردبوو، کارەکانی ئەو هەموو بە حسێب و کتێب بوو. بەردەستی کەرەکانی ئەو — ئەمرایین و میلگون —یش یەکەم جاریان نەبوو کە بۆ دوورگەی سێ مەمکۆڵە دەچوون. خۆیان زۆرباش دەیانزانی کە بارەکە لە چ قەرارێکدا بوو. بنچینەی کارەکە لەوەدا بوو کە هەواکە بە باشی بمێنێتەوە و لە کاتێکی سەروەخت لە شوێنی خۆیاندا بەسەر سەگە ئاویەکان رابگەن. ئەمە خواستی سەرەکیان بوو،

بەڵام لە هەموو لایەنێکی دیکەوە خۆیان بەرپرسیاری کارەکانی خۆیان بوون. هەرکەسەی چۆنی دەتوانی ئەوها کاری دەکرد.

ئەرگانی پیر تەنیا لەبەرخاتری پێداویستیەکانی نەدەچووە ناو دەریا هەڵبەتە پێویستی لە جێگای خۆیدایە. روون و ئاشکرایە کە بەبێ وەدەست هێنانی بژێو لە دەریادا ناتوانرێ بژیەی، بەڵام سەرەڕای ئەمە. لەبەر ئەوەش دەچووە ناو دەریا چونکە دەریا ئەوی بەلای خۆیدا بە کێش دەکرد. پانابیە بێ رادەوسنوورەکەی دەریا بارێکی وای بۆ پیرەمێردە دەرەخساند، کە بکەوێـە قووڵبوونەوە دەروونیەکانی خۆی. ئەو بۆ خۆی لێکدانەوەی نادیارو پەنهانی هەبوو کە لە ناو دەریادا هیچ کەسێك رێگری نەبوو کە پیرەمێردە بۆ خۆی بچێتە ناو دەریای ئەو بیرو خەیاڵانەی، چونکە لە وشکانیدا، لە نێوان کارو زەحمەتی ڕاکەڕاکەی رۆژانەدا دەرفەتی نەدەهێنا کە بیر لە زۆر مەسەلان بکاتەوە. بەڵام لەناو دەریادا وەختی بیرکردنەوەت لە تێکرای ئەو شتانە هەیەو کاتەکە بەشی هەمووان دەکا، لەناو دەریادا هیچ شتێك ئەرگانی پیری لە هزرە مەزنەکەی هەیبوو، دوورنە دەکردەوە. ئەو لە ناو دەریادا خۆی بە خزمی دەریاو ئاسمان دەزانی. ئەو لەوە دەگەیشت کە ئەو مرۆڤەی لەناو بەلەمەدا دانیشتوە لەبەرانبەر پانایی بێسنووری دەریادا، هەر هیچ نیە، بەڵام مرۆڤ بیر دەکاتەوە. بەهۆی ئەم بیرولێکدانەوانە بە بورجە مەزنەکانی دەریا و ئاسماندا هەڵدەگەڕێ.

لەگەڵ ئەو بیرکردنەوە کەسایەتی خۆی لەبەرانبەر هێزە دایمیەکانی سرووشت دەسەلمێنێ و هەر بەهۆی ئەو بیرولێکدانەوەش قووڵی و بەرزی جیهان دەپێورێ. لەبەرئەمە تا ئەو رۆژەی کە مرۆڤ ماوەو گیان و دەروونی وەك دەریا بە تواناو وەك ئاسمان بێ کۆتاییە، لەبەرئەوەی بیری مرۆڤ رادەوسنووری نیە، هەر کە ئەو مرد، یەکێکی دیکە بەردەوامی بە بیرو ئەندێشەکانی ئەو دەداو پێشی دەخات و مرۆڤێکی دیکە بۆ پێشتریشی دەبا و بۆ رێگای بێ بن و کۆتایی... تێگەیشتن لەم راستیە دەبووە هۆی لەزەتێکی تاڵ بۆ پیرەمێردەکە. لەزەتێکی تاڵی ئاشتیانەی ئاشتی هەڵنەگر.

ئەرگانی پیر دەیزانی کەس لە چنگی مەرگ رزگاری نابێ و کۆتایهاتن بە ژیانیشی هێندە دوورنیە، دەیزانی کەوا مەرگ کۆتایی هاتنی هەموو شتەکانە، بەڵام لە هەمان کاتدا، لەبەر هۆیەکی نادیار، هیوادار بوو کە باشترین گەنجینەی شاراوەی دەروونی، یەعنی خەونە مەزنەکانی لە بارەی پەریی دەریاییەوە، دوای مردنیش هەر دەمێنێتەوە و هاودەمی رێگای ئەو دەبێ، ئەو نەیدەتوانی خەوەکانی خۆی بۆ کەسێکی دیکە بگوازێتەوە — خەوکە

ناگوازرێنەوە، لەبەرئەمە پیرەمێرد لەسەر ئەوەبوو کە ئەو خەونانە نابێ نابووت بن و هیچ شوێنێك لە دوای خۆیاندا بە جێ نەهێڵن.. نابێ! پەریی دەریایی مەحف نابێتەوە! کەواتە ئەو خەوانەی لەم بارەوەشن نابێ مەحف بنەوە.

هەر جارێك پیرەمێردەکە دەچوە ناو دەریا ماوەیەکی زۆر بیری لەم مەسەلە دەکردەوە، ماوەیەکی درێژ بێدەنگ دەبوو، فکروخەیاڵ دەیانبردەوە ناو خۆی و نەدەهاتە ناو هیچ قسەو باسێکی هاوڕێیەکانیەوە. سەیری دەریای دەکردو، دیارنەبوو لە کێ، تەنیا یەك داوای دەکرد کە خەونەکانی ئەو لە بارەی پەری دەریایی گەورەوە بۆ بهێڵێتەوە. مەگەر ناکرێ کە خەونەکان لەگەڵ مرۆڤدا بۆ جیهانی دیکە بچن و مرۆڤ بۆ هەتاهەتایە ئەو خەونانە ببینێ؟ ئەو وەڵامێکی نەدەدیتەوە، بە دەردو ئازارەوە بیری دەکردەوەو هەوڵی دەدا قەناعەت بە خۆی بێنی کە ئەوهاش دەبێ، خەوەکان لەگەڵیدا دەمێننەوە.

سەردەمێك لە رۆژگارانی دێریندا لە کەناری نزیك گردۆلکەی سەگەبەڵەکدا سێ برا دەژیان. برای گەورەیان وەك با خێرا دەرۆیشت و چوست و چاپوك بوو. هەرگیز لە هیچ شوێنێك دوا نەدەکەوت. کچی ئاسکە — مرۆڤی هێنا. بوو بە خاوەنی مێگەلە ئاسك، سەری بۆ ناوچەی "توندرا"[٥] هەڵگرت و رۆیشت.

برای بچووك لە شون پێ هەڵگرتن و تیرهاوێژیدا توانایەکی بێ وێنەی هەبوو. ئەویش ژنی هێناو کچێکی لە مرۆڤەکانی ناودارستان هێنا، بۆ تایگا[٦] رۆیشت و لە دارستانەکانی ئەوێدا کەوتە راوشکار. بەڵام برای ناوەنجی بە زگماکی شەلەبوو، بەخت یاری ئەوی نەکردبوو. بەیانیان هەر لە چێشتەنگاوەوە هەڵدەستاو شەو درەنگانێ دەنووست. بەڵام چ سوودێکی هەبوو؟ ئەو نەیدەتوانی بە دوای ئاسکاندا راکاو نەیدەتوانی بچێتە راوی گیانلەبەرەکانی ناو دارستان. هیچ کەسێك لەو ناوەدا کچی خۆی نەدەدایە، برایەکانی ئەویان بەجێهێشت و ئەو لە کەناری دەریاییێکی شیندا تاك و تەنیا ماوە. بە قولاب ماسیی دەگرت و رۆژگاری بەسەر دەبرد. دیارە کە دەکرێ چەند ماسی بگیرێ....

رۆژێك لە رۆژان برا شەلەو بێنەوایەکە لەناو بەلەم دانیشتبوو، قولابێکی هاویشتە ناو ئاوی دەریاوەو یەکسەر هەستی کرد کە داردەستی قولابەکە لەناو دەستیدا کەوتە لەرزە لەرز.

---

٥- توندرا:دەشتە یانەکانی ناوچەی باکوری شۆرەوەیە.

٦- تایگا:شوێنە بە جەنگەل داپۆشراوەکانی باکوری شۆرەوی

خۆشحاڵ بوو بە خۆی گوت کە ماسیەکی چاکی بۆ بە قولابەکەیەوە بووە. ماسیەکەی بەرەو بەلەمەکە راکێشا. رایکێشاو هەر رایکێشا تاوەکو لە پڕێکدا...

دەعبایەکی سەیری دیت! ماسیەکە لە شێوەی ژنێکدابوو! خۆی بە ئاوەکە دادەدا، شلْپە شلْپ لە دەوری خۆیدا پێچ و لوولی دەخواردو دەیویست لە دەستی دەرباز بێ. ژنێکی شۆخ و بێ هاوتابوو، لەشی زیوینی وەك وردە چەوی ناو رووبار لە شەوی مانگەشەودا، دەدرەشاوە، سەری گۆی رەشی مەمکۆلانی وەك دوو دانە گێلاسی گەییوو بەسەر مەمکۆڵەی بلوورینەوە دەدرەوشاوە، لە چاوە پیرۆزەییەکانیدا ئاورنگ دەباری. کوڕە بێنەواکە پەریەکەی لەناودەریا دەرهێنا و بازووی گرت.

لە هەمان کاتدا پەریەکەش کوڕەکەی لە باوەش گرت و پێکەوە لەناو بەلەمەکەدا لە تەنیشت یەکدا راکشان. برای شلە لەم خۆشیە بێ سنوورو رادەیە تاس بردیەوە.

خۆی نەیتوانی لەوە بگا چی بەسەر هاتوە. وای هاتە بەرچاو کە بەلەمەکە چۆتە کەشکەلانی فەلەك. دەریا تا پەرەگەی ئاسمان هەڵدەستاو دەنیشتەوە، و ئاسمانیش تا دەریا دەهاتە خوارو ئینجا جارێکی دیکە بەرزدەبۆوە. دوای ئەمە هەمۆداوەو و شتێك، وەك ئارامیی دوای نیشتنەوەی لافاو، لە پڕ خامۆش و هێور بۆوە.

لە هەمان کاتدا پەری دەریایی فرتکێکی بۆ ناو دەریاکە لێداوەو بەمەلە رۆیشت. برای شەلە هاواری کرد، بانگی کردەوە، زۆر گریا و نالایەوە کە بگەڕێتەوە، بەڵام پەریەکە وەڵامی نەداوەو لە قووڵایی دەریادا ون بوو.

رووداوێکی سەیری ئەوها لە براشەلەکە، واتە برای مام ناوەنجی کە هەموویان ئەویان لە کەناری دەریا بە تەنیا بە جێ هێشتبوو، رووی دا. پەری دەریایی رۆیشت و ئیدی هیچ شوێنەوارێکی نەبوو، بەڵام برای شەلە لەو رۆژەوە خەم و پەژارە دایگرت. ئەو دوای ئەوە، شەو و رۆژ هەر لە کەناری دەریادا دەگەڕا، هەر دەگریاو بانگی پەریە دەریاییەکەی دەکردەوە. سوێندی دەدا، تکای لێ دەکرد ئاواتەخوازە کە هەر نەبێ یەکجار لە دوورەوە خۆی پێ پیشان بدا.

کە ئاو هەڵدەستا بە گۆرانی دەیگوت:

ئەی دایکە گەورە، ئەی پەری دەریاکان،

پێم بڵێ، لە دووری ئێمە لە کوێ مەلەدەکەی؟

کاتی نیشتنەوەی ئاو دەچووە سەر ئاو و دەیگوت:

ئەی دایکە گەورە، ئەی پەری دەریاکان.
پێم بڵێ ئێستا لە دووری ئێمە لە کوێ مەلە دەکەی؟
لە شەوی مانگەشەودا دەچووە گوێ ی ئاو و دەیخوێند:
ئەم دەریایە خەمی بێ پایانی منە.
ئەم ئاوانە ئەشکی سووتانی منە.
لە شەوێکی تاریکدا دەرۆیشت و لەبەرخۆیەوە دەیگوت:
بەڵام، دنیا کەللەسەری تاك و تەنیایی منە.
پێمان بڵێ لە دووری ئێمە لە کوێ مەلە دەکەی؟
کە ئاو هەڵدەستا دەچووە سەر دەریاو پێیدا هەڵدەگوت، کاتێ ئاو دەنیشتەوە هەرهەمان شێوە....

لەم ناوەدا زستان بەسەر چوو و بەهار کۆتایی هات، رۆژێك لە رۆژانی هاوین برایە شەلە بێنەواو کەسەکە لە کەناری دەریادا بەشەلەشەل دەرۆیشت، تا ئەژنۆی لە ئاوی کەنار دەریادا رۆ چووبوو، دەرۆیشت و چاوی لە دەریا هەڵنەدەگرت، بە هیوای ئەوەی کە رەنگە پەری دەریایی لە پڕێك پەیدابێ، بێ پسانەوە بانگی دەکرد، بەو هەیوایەی کە رەنگە پەری دەریایی لە نکاوێك وەڵام بداتەوە. بەڵام لە پڕ لەناو دەریاوە دەنگێك کە دەتگوت دەنگی منداڵ بوو دەهات، بەرگوێ ی کەوت. دەتگوت منداڵێك زۆر بە کوڵ دەگریا، کابرای بێ کەس و کار بەرەو دەنگەکە رایکردو شتێکی وای دیت کە نەدەچووە مێشکەوە وای دەزانی کە چاوی رەشکەو پێشکە دەکا: دیتی منداڵێکی رووت و قوت لە تەنکاوێکدا دانیشتوەو، جاروبار شەپۆڵ بەسەری دا دەرژێن و دایدەپۆشن، جاری واش بوو لێی دوور دەکەوتنەوە.

ئەو هەر دەگریاو بە دەنگێکی بەرز دەیگوت:" باوکی من کێیە؟ باوکی من لە کوێیە؟" کابرای شەلە زێتر سەری سوورما. کلۆڵەی نەیدەزانی چی بکا. بەڵام کە منداڵەکە ئەوی دیت، بانگی کرد:" تۆ باوکی منی! هەڵمگرە و بمبەوە، من کوڕی تۆم!" شتێکی وا سەیر رووی دا! کابرا رۆڵەکەی خۆی هەڵگرت و بۆماڵەوەی بردەوە.

منداڵە بە خێرایی گەورە بوو، بۆ ڕاوکردن دەچووە ناو دەریا بە زوویی لەم کارەدا ناوبانگی دەرکرد. خۆش بەخت هاتبووە دنیا.

هەرکاتێك کە تۆڕی ماسی گرتنی هەڵدەدا، تۆرەکە پڕاوپڕ لە ماسی دەبوو، کە تیری لە کەوان دەردەچوو لە سنگی گیانەوەرە دەریاییەکان دەچەقی. ناو و دەنگی لە هەموو لایەکدا،

له شوێنه دوورەکانی ئەوپەڕی جەنگەل و لێرەوارەکان و شاخ و کێوەکاندا دەنگی داوە. له دواییدا له تیرەیەکی جەنگەڵ نشین کچۆڵەیەکی چاو کەژاڵیان به ریزەوه پێشکەش کرد وەچه بەرێکی زۆریان لێکەوتەوە و لەم شوێنه وەچەی پەری دەریایی رووی له زۆربوون کرد.

لەو سەردەمەوە که له ئاهەنگ و جەژنەکاندا ئەم گۆرانی و دیلانه دەڵێن:

ئەی دایکی گەورە، پەریی دەریاکان.
له کوێ تەی ئەکەی دایم به مەله
ناوسکی گەرمت به ژیان دووگیانه
ئێمەی زادەی کەنار دەریاینه.
شوێنێك لەناو سکی گەرمت باشتر نەبوو.
ئەی دایه گەورە، ئەی پەریی دەریاکان؟
تۆ له کوێ له دووری ئێمه مەله دەکەی؟
مەمکی بلوورینت وەك سەره گرێ بێ
شیری له رۆخی ئەم دەریایەدا به ئێمه داوە.
ئەی دایکه گەورە، ئەی پەریی دەریاکان.
وەرەوە. تۆ له دووری ئێمەدا له کوێی؟
بەهێزترین مرۆڤی جیهان دەهێنیتەبەر،
تا ناوسکت پڕ بەرو شکۆفان بێ،
تا وەچەی تۆ له دنیادا فراوان بێ.

***

ئەم خەونەدا، وەك لافاوی مەدێکی که قوتاربوون لێی مەحاڵ بێ و له قووڵایی دەریاوە هەڵدەستێ و بۆماوەیەك زەمین و گیاگۆڵ و تەپۆڵکه چەوولیمەکانی قەرغ دەریا له بولێڵەیەکی خەیاڵی و ئەفسوناویدا جیهان به ئاودا پۆشێ، بەهێمنی و لەسەرەخۆ و بەرەبەره به دوای ئەرگاندا دەهات و هەرجارەی هەستێکی سەرسووڕهێنەر بۆ ماوەیێکی دووردرێژ لەودا سەریان دەکرد. ئەرگان باوەڕی بەو رووداوانه هەبوو که له بارەی دیدارەکانی خۆی لەگەڵ پەری دەریاییدا هیچی بۆ کەس نەدەدرکاند، به هەمان شێوەش که له ژیانی ئاسایی رۆژانەشیدا ئەو جۆره رووداوانەی لەگەڵ کەسدا نەدەهێنا ناوەوە.

بەڵێ، ئەمە خەونێکی هاوڕێیەك بوو کە زۆربەی کایان بە سۆراغی پیرەمێردە کە دادەهات و هەم شادی و هەم خەم و وەهەم ئازارێکی گیانی و دەروونی لەم جیهانە خاکیەدا بە دەرەی بە دیاری بۆ دەهێنا. خاسیەتی سەرسووڕهێنەری ئەم خەونە ئەوەبوو کە هەر جارەی ئاماژە و کینایەتەپڕ مانایەکانی خۆی کە بە شێوەی جۆراوجۆری سەیروسەمەرە دەخستە روو. کە دەبووە هۆی تێمانی ئەرگان. ئەرگان بیری لەم مەسەلە  دەکردەوە و هەوڵی دەدا کلیلی نهێنیەکان. مانای ئەو پەیوەندیە هەردەم هەستێپێنەکراو و هەمیشە لە گۆڕانەی نێوان خەون و ژیانی راستەقینەی کە هەمیشە بە نیشانەی هێمادارو نادیار خودی مرۆڤی ئازاردەدا، بە دەست بێنێ. لەم نێوانەدا دەگەیشتە ئەوەی کە لەگەڵ تێکڕای پەشێوەیەکانی گیاندا. هەمیشە ئارەزوو دەکا کە ئەم خەونانە سەری لێنەبرشن و بە خەمێکی گەورە و لێ دەرباز نەبوو هەمیشە تینووی دیداری ئەو دیداری پەرییە دەریاییە گەورە دەبێ.

ئەرگان لەناو دەریادا بە دیداری پەریی دەریایی دەگەیشت، بە ئومێدی دیداری ئەو دەچووە ناو دەریا و کە لەناو ئەچەوو لیمەی کە هیچ پنچکێکی لێ نەدڕوا.

شون پێشی لێ بەجێ نەدەما، بەڵام سێبەری رەش و بێ جووڵە لە تیشکی خامۆشی رۆژ لە کاتی خۆرئاوابوون جێدەماو هەنگاوی دەناو دەردی چاوەڕوانی دەکێشا. ئەرگان بەسەر ئەو سێبەرانەی کە وەك بەفرێکی رەش بەم ناوەدا سێبەریان کردبوو.

بە دەردو ئازارێکی زۆرەوە و لەگەڵ خەم و کەسەرێکی وەڕسکەری لە توانای بەشەربەدەر، هەنگاوی دەنا، دەردی عەشق، دەردی حەزو ئومێد سەرایای بوونی ئەویان داگرتبۆوە. بەڵام دەریا خالی و بێ بایەخ بوو. لەو جیهانە سەراپای بێدەنگ و خامۆش و پڕ لە نائارامی تەنیاییەدا. نە گڤەی بایەك دەهات نە بچووکترین دەنگێکی دیکە، بەڵام ئەرگان چاوەڕێ ی دەکرد، ئەو چاوەی لە دەریای بڕی بوو هەڵی نەدەگرت، چاوەڕێ موعجیزەیەك بوو، چاوی لە رێ ی پەری دەریایی بوو.

شەپۆل بە هێمنی شڵپ و هور لە کەنارەکە نزیك دەبوونەوە بەبێ دەنگ خۆیان بە کەناردا دەکێشا کەفی سپیان لەگەڵ خۆیاندا رادەدا، و سەر ئەنجام خەم و خەفەت لە دڵی پیرەمێردەدا لانەی  دەکرد، یاغوەکان وەك پەڵە بەفری زل زل، بەبێ بچووکترین دەنگێك لەسەر سەریدا دەسووڕانەوە. ئەو لەو پانتاییە بێ سنوورەدا کەڕولاڵەدا جێ ی پێ نەبوو و ئارامی لەبەربڕابوو، لەبەرئەوە هەستی  دەکرد کە حاڵ و باری خراپ دەبوو و هەرچەندەی زێتر چاوەڕێ دەبوو، بە هەمان رێژە سوێ و ئارەزووی توندو لەبن نەهاتوی دیداری ئەو بەهێزتر و بەژانتر

دەبوو، و تا لە خەویشدا پیرەمێردە لەوە دەگەیشت کە ئەگەر پەری دەریایی نەبینێ، ئەگەر پەریی دەریایی نەیەتەکنی، حال و باری ناخۆش و زەحمەت دەبێ. و لە تەنیایی و دڵ تەنگی خۆیدا نابووت دەبێ. ئەو کاتە ئەرگان هەوڵی دەدا کە بانگی بکاتە کن خۆی. بەڵام گوێ ی لە دەنگی خۆی نەبوو، چونکە دەنگێك نەبوو، هەمان شێوە کە لەم خەونە سەیرەدا هیچ دەنگێکی دیکەش نەدەهات. دەریا هێشتاش خامۆش بوو. تەنیا ئاهی ساردو هانکە هانکی هەناسە برکێ لە رادەبەدەرکەی خۆی وترپە ترپی دڵ کە بە توندی لە بناگوێ یەکانیدا دەنگیان دەداوە. سۆراغی ئەویان دەکرد و رق و قینەیان هەڵدەستاند. ئەو نەیدەزانی پەنا بۆ کوێ ببا و چۆن لەشەڕی خۆی رزگاری بێ. ئەو شێتانەو بەهەمان تاوی کە خنکاوێك دوا ئومێدی رزگاربوون لە دڵی خۆیدا دروست دەکرد، چاوی لە رێ ی پەریی دەریایی بوو. و دەیزانی کە تەنیا بەس پەری دەریایی دەیتوانی شادی بۆ ئەو بێنێ، دەیزانی و بە هەموو توانایەکیەوە چاوەڕێ دەکرد.

کاتێ کە سەرەنجام پەری دەریایی بە خێرایی دەهاتە سەر ئاو، رووە ماتەکەی لە نێوان شەپۆلاندا دەدرەوشاوە، چاوی لەو دەبڕی و بەپەلە بەرەو لای ئەو دەچوو، بێدەنگی جیهان، وەك هەرەسی بەفر، دادەڕما، ئەو بە بانگ و هاواری شادمانی پێشوازی لە دەنگدانەوەکان — لە شڵپ و هۆڕی شەپۆلەکانی کەنار دەریا، لە گڤەی باو لە قاوقیژی یاغوانی سەرسەری دەکرد.

ئەو بەفەریادو هاواری شادی و دڵخۆشی خۆی بە دەریادادەدا، دەبووە گیانەوەرێك کە بتوانێ بە خێرایی نەهەنگ مەلە بکاو، بەرەو پەریی دەریایی تیژ مەلەی دەکرد.

بەڵام پەریی دەریایی چاوەڕێ ی ئەو بوو، چەرخەلەی دەداو دەریای دەهێنا شەپۆلان، لە ئاوەکە دەردەپەڕیە دەرێ و چەند چرکە ساتێك لە هەوادا دەماوەو لەو چرکەساتانەدا، وەك پەیکەرێکی جوانی ئاسایی کە لە پڕێك سەری لە دەریادا هێنابێتەدەرێ، بە لاشەیەکی زیندوو، بە رۆشنیەکی زۆر بەدیار دەکەوت.

ئەرگان بەمەلە خۆ دەگەیاندەپەری دەریایی و بەرەو پانتایی دەریا ملیان دەنا.

لە رۆخ و تەنیشت یەکەوە، شان بە شانی یەك مەلەیان دەکرد، هەردەم خێراو خێراتر بۆ پێشەوە دەچوون و جارجارە جوستەیان بەر جوستەی یەکدی دەکەوت. ئەمە ئەو شتە بوو کە ئەرگان لە پێناویدا ماوەیەکی زۆر باری خەم و ئازاری تەنیایی هەڵدەگرت.

ئێستا ئەوان لە تەنیشت یەکبوون. ئەوان بە گوڕو تاوێکی لە خەیاڵ بەدەر ئۆقیانووسیان تەی دەکرد. وەنەوزێکی سەیر کە لە قووڵایی دەریادا شەوقی دەداوە هێڵی لەرزان و نارێکی

ئاسۆ کەمێك رووناك دەبوو. ئەوان، بەلەشی خۆیان شەپۆلەکەفاویەکانیان کەبەردەوام رێگای لێدەگرتن، شەق دەکردو بەرەو ئاسۆ پەلەیان دەکردو دەستیان نەیدەگەیشتێ، ئەوان لەناو شەپۆلە خرۆشاوەکان جارێك بەرەو سەروجارێك بەرەو خوار دەچوون، سەراورێژی شاگەشکەیی فڕینێکی پڕ لە خۆشێ بوون، لە لووتکەی شەپۆلێکەوە بۆ یەکێکی دیکە بازیان دەدا. مانگ وەك پەڵەیەکی زیوین لەسەر رووی ئاوێنە ئاسای دەریادا لە کەناری ئەواندا بەسەر شەپۆلەکانەوە بە خێرایی دەجوولاوە. هەنگاو بە هەنگاو بە دوایانەوە بوو و بەرێ ی دەکردن. تەنیا مانگ و ئەو دووانە ئەرگان و پەرێ دەریایی — فەرمانڕەوای پانتایی بێ سنووری ئۆقیانووس بوون. تەنیا ئەوان و ئۆقیانووس بوون! و ئەمە ترۆپکی خۆشی ئەوان، شەوق و شادی ئازادی و جەژن و ئاهەنگی شکۆمەندی دیداری ئەوان بوو....

ئەوان بە هەموو هێزیان بەردەوام بەرەو پێش دەچون و زۆر ئارەزوو و سوێ ی ئەوەیان بوو تا بە شوێنێك بگەن کە لە جیهاندا چارەنووس بۆ ئەوانی دانابوو، لە کۆتاییدا لەوێ سەرمەستە بەبادەی شادو خۆشی لەگەڵ یەکدا زەماوەند بکەن و لەو تافەدا تەواوی شیرینی تاڵی سەرەتا و کۆتایی ژیان بچێژن....

ئەوان بە هیوای هەرچی زووتری گەیشتنیان هەرچەندی ئەوان تیژتر مەلەیان دەکرد، ئاگری حەزو سوێ لە لەشی ئەرگان زێتر کلپەی دەسەند. ئەرگان وەك ئازادماسی[7] کە تەواوی هێزی ژیانی خۆی تا دوا هەناسە، بە حسێب و بە ئەژمار بۆ شوێنی گەرادانانی دەبرد، بە بێ هیچ هەستکردنێك بە ماندووبوون بە هەموو هێزێکیەوە هەرتەکانی دەداو بەرەو پێشەوە دەچوو.

مەلەی دەکردو ئامادەبوو لە پێناو عەشقەکەیدا گیان بسپێرێ. بەڵام پەریی دەریایی نهێنی ئامێز لە نێوان گەردی ئاو و درەوشانەوەی کۆلکە زێڕینەییدا بەسەر شەپۆلەکانەوە لە فڕیندابوو.

ئەرگانی شێت و شەیدای نەرمی و توندوتۆڵی و گەرمی لەشی مرواری ئاسای خۆی کردبوو و بە دوای خۆیدا بۆ پانتایی بێ سنووری دەریای ڕادەکێشا. جوانیی بێوێنەی پەریی دەریایی لە نێو کوفارە[8].

---

٧- ئازاد ماسی: جۆرێکی تایبەتە لە ماسی.

٨- کۆفارە: فوارە.

فەیرۆزی و زیوینیەکانی ئاودا بە جۆرێکی ئەوها ئەرگانیان شەیداکردبوو هەناسەی پیرەمێردەیان لە سینەیدا بەند دەکرد.

ئەوان تەنیا قسەیەکیشیان لەگەڵ یەکدا نە دەکرد. تەنیا تەماشای یەکدیان دەکردو هەوڵیان دەدا لە مابێینی شەپۆل و ئاوڕشێنی ی دەریادا چاو لە چەهرەی نادیارو ئاشکرای یەکدی هەڵنەگرن، لە چاوەڕێی بێ ئاسمان و دەم لە دەمێ پتری گەیشتنە شوێن و کاتی کە چارەنووس بۆیانی لەبەرچاو گرتبوو، بە خێرایی لە پانایی بێ سنووری دەریادا بۆ پێشەوە دەچوون...

ئەوان هەرگیز دەستیان بەو جێگایە نەدەگەیشت و ئەو کات و زەمانەش هەرگیز دانەدەهات...

زۆربەی جارەکان خەوەکانی ئەرگان بەبێ ئەنجام کۆتاییان دەهات، لە پڕ دەبڕاو وەك دووکەڵێك هیچ شوێنەوارێکی لە دوای خۆیدا بە جێ نەدەهێلا. لەو کاتانەدا ئەرگان لە ناو سەرسامی خۆیدا نقوم دەبوو. خەم و خەفەتێکی بەراستی و جۆرێك لە ناڕازیبوون. سەراپای بوونی ئەوی دادەگرت، هەستی دەکرد کە کارەکە بە ناتەواوی ماوەتەوە. کاتێك دوای ماوەیەکی زۆر سەر لە نوێ هەموو شتێکی بەبیرخۆی دەهێناوە، دەکەوتە بیرکردنەوە تا پەی بە هۆو مانای ئەم خەونانە دەبرد. چونکە دڵی گەواهی دەدا کە ئەو شتانەی لە خەوندا دەیدیتن لە خەونێکی رووت زێتر بوون. ئەگەر خەونێکی ئاساییت لەبیریش مابێ، ئەوا دیسان هەر بە خێرایی لەبیر دەکەی.

مرۆڤ خەونێکی زۆر دەبینێ لە دیتنی ئەم خەونە پووچانەدا تەنیا ژانەسەری دەگرت. بەڵام ئەرگان قەت پەریی دەریایی لە بیر خۆی نەدەبردەوە، بۆ ئەو وەك شتێك کە بەڕاستی لە ژیانی خۆیدا بووبێ و هەبێ. دەکەوتە ناو ئەندێشە و خەیاڵان.

لەبەرئەمە پیرەمێردە هەرجارێك خەونی دیدارو لێك دابڕانەکانی خۆی لەگەڵ پەریی دەریاییدا، وەك رووداوێکی بەراستی وەردەگرت و بەراستی پێی دڵگران دەبوو..

بەڵام کە کاتێ خەوەکانی ئەرگان کۆتاییەکی سەخت و دژواریانا دەبوو. لەم بارانەدا پیرەمێردە. رەنج و ئازارێکی گیانی چاکی دەکێشا، خەم و خەفەتێکی زۆری دەخواردو نەیدەتوانی بۆ کۆتایی نهێنی ئامێزی خەونەکانی لێکدانەوەیەکی هەبێ.

خەونی دەدیت کە لە دوور دوور کەنارێك دیارە و هەر ئێستا نا ئێستا بەجێی مەبەست دەگەن. ئەو شوێنەکەناری عەشق بوو.

ئەوان بەرەو ئەو قەراغە دەچوون. بە هەموو هێزیان بەرەو ئەویّ خۆیان هەڵدەکوتا، تەنیا ئارەزووێکیان هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە زووتر بگەنە ئەویّ و بتوانن یەکدی لە ئامێزی بگرن و زەماوەند بکەن.

کەنارەکە نزیك بوو، تا بڵێ نزیك بوو، بەڵام لە پڕێك دەگەیشتنە تەنکاوێك کە ئاوەکەی نەدەگەیشتە چۆکان، لە لم و زریخی تەنکاوەکە دەچەقین و ئیدی نەیاندەتوانی مەلە بکەن. ئەرگان بە خۆ دەهاتەوە، تەماشای ئەم لاو ئەو لای  دەکرد و دەیدیت کە پەری دەریایی شێتانە پەلەقاژە دەکاو هەوڵیدەدا کە لەناو بەندی لیتەو چەوو قومی سەگمەسار رزگاری بیّ و لە تەنکاوەکە دوور کەوێتەوە، بەڵام نەیدەتوانی. ئەرگان کە ئارەقەی سارد لە هەموو گیانیدا دەتکاوە، خۆی هەڵدەکوتا کە یارمەتی پەری دەریایی بدا. بەڵام ماوەیەکی زۆر زۆر لە ناو کەفی دەریادا کە وەك زەنەکێکی قوڕلیتاوی خەست لە بزووتن دابوو پیاوی بەرەو خوارەوە رادەکێشا، تێیدا گیر دەبوو، لەسەر ئەژنۆیان دەڕۆیشت، لاقەکانی بە زۆر بە دوای خۆیدا رادەکێشا، پەریی دەریا تەواو نزیك و رێك لە رۆخ ئەودا بوو، ئەگەر هەنگاوێکی دەناو دەستی درێژ دەکرد، پێی دەگەیشت، بەڵام گەیشتن پێی زۆر سەخت بوو، ئەرگان لەناو قوڕ لیتەی کەفی دەریادا گیر دەبوو، هەناسەی بۆ نەدەدرا، ئاو دەپڕژا گەرووی و گوبۆق و قەوزە گیای ئاوی لە دەست و قاچان دەئالاّ و لە هەمووی بە دەردو خەفەتناکتر ئەمە بوو کە دەتدیت چۆن پەریە دەریاییە جوانەکەی ئەو لەناو لیتەدا چەقیبوو. لە هەوڵ و تەقەلای خۆ رزگارکردن دایە. دوای ئەوەی کە سەر ئەنجام خۆی دەگەیاندە پەریی دەریایی. لە باوەشی  دەکردو بە سینگی خۆیەوەی دەناو لە حاڵێکدا کە سەری بە گێژەوە دەهات، بەرەو کەنار دەچۆوە، بە عالەم ئاشکرا گوێی لێدەبوو کەوا چۆن دڵی پەری دەریایی یە توندی لێی دەداو دوورنەبوو هەر دەقەیەك شەق ببا، دەتگوت پەریی دەریایی مراویەکی ئاوی بریندار بوو و راویان کردبوو، وە لەمەی کە ئەوی لە باوەشی گرتبوو، توند بە سینگی خۆیەوە دەناو دەیبرد، لەوەی کە سەر تاپای بوون و قەوارەی بەرانبەربەو پڕ لە نەوازش و بەزەو خۆشەویستی بوو، وەك چۆن مرۆڤ ئەم هەموو خۆشەویستی و بەزەییە لەگەڵ منداڵێکی لە باوەش گرتووی لانەوازی بیّ توانا بنوێنیّ، خەفەت قوڕگی گرتبوو و فرمێسك لە چاوەکانیدا قەتیس دەما، کاری زۆری لێکردبوو. بەڵام شەرمی لەپەری دەریایی  دەکردو بەری گریانی خۆی دەگرت. ئەرگان بە دڵێکی پەرێشان و پەری بە باوەشەوە دەڕۆیشت، رێك و ئارام دەڕۆیشت. دەفڕی. لە هەوادا دەماوەو لەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا بیری لەو  دەکردەوە.

بەڵام پەریی دەریایی فرمێسکی هەڵدەڕشت، داوای لە ئەرگان دەکردو سوێندی دەدا کە بیباتەوە ناو دەریاو بەڕەڵای بکا. پەریی دەریایی هەناسەبڕکێ بوو. لەسەر لێواری مەرگدا بوو و نەیدەتوانی لە دەرەوەی پانتایی بێ سنووری دەریادا ئەرگانی خۆش بووێ، دەگریا، مات و بێدەنگ تەماشای ئەرگانی دەکردو روانینەکانی ئەوەندە کاریگەر و پڕ لە پاڕانەوە بوو کە پیرەمێردە توانای تەحەمولکردنی نەمابوو. ئەرگان بۆ پاشەوە دەگەڕاوە، لە تەنکاوەکە بۆ ناوەڕاستی دەریا دەچوو تا ئاو لە سەر سەری ئاوابێ.

لەوێ بە هێمنی و لەسەرەخۆ پەری دەریایی لە باوەشی خۆی بەرەڵا دەکردە ناو ئاوەکەوە.

پەری دەریایی دەچووە ناو دەریاوە و ئەرگان بە تاك و تەنیایی سەرگەشتەو مات و حەیران دەماوە، هەر تەماشای ئەوی دەکردو لە کاتێکدا کە هۆق هۆق دەگریا، لە خەو بێدار دەبۆوە...

ئای دایە گەورە، ئەی پەریی دەریاکان

پێم بڵێ لە دووری ئێمە لە کوێدا مەلە دەکەی؟

ئەم دەریایە خەفەتی بێ کۆتایی منە.

ئەم ئاواتە ئەشکی سووتانی منە.

ئەی دایە گەورە، ئەی پەری دەریاکان.

بێرەوە و پێم بڵێ تۆ لە دووری ئێمەدا لە کوێ ی؟

یادی ئەم خەونانە بۆ ئەرگان زۆر سەخت و لە توانا بەدەر بوو، دەتگوت ئەو بەراستی پەری دەریایی لە ئامێز گرتبوو و هەر خۆیشی ئازادی کردبوو.

بۆچی وا دەبوو؟ مەگەر ناکرێ کە لە خەوندا هەموو ئارەزووکانی مرۆڤ بهێنرێتە دی؟ ئەمە لە توانای کێ دایە؟ ئەمە چ داستانێکە. بۆ چییە، چ مانایەکی هەیە، کێ و چی لە دواوەیە؟ ئەرگان وەڵامێکی بۆ ئەو پرسیارانە نەدەدیتەوە، هەوڵی دەدا ئەم جۆرە بیرو خەیاڵانە لە کەللەی خۆی دەربکا، هەوڵی دەدا پەری دەریایی لە یاد بکا، چیدی بیری لێ نەکاتەوە.

بەڵام کاتێ کە بۆ ڕاو دەچوە ناو دەریا. بەبێ ئەوەی ئاگای لێ بێ. بیری لە پەری دەریایی و هەر شتێکی کە پەیوەندی بەو داستانەوە بوو دەکردەوە. لەناو دەریادا تێکڕای ئەو داستان و خەوە سەیرو سەمەرانەی بە خەیاڵدا دەهاتەوە. کە لە کاتی ئاسایی و عەقلێکی سەلیم لەمەڕ ئەم داستانە بەبیری دەهاتەوە، لە خۆی دەپرسی: بۆچی ئەو بیر لەم داستانە دەکاتەوە، مەگەر بۆ پیرەمێردێکی وەك ئەو شایستەیە لە جودایی پەری دەریایدا کە بوونی نیە، خۆی دڵتەنگ بکاو خەم

و خەفەتی لێ بخوا؟! خۆشی سەرزەنشت  دەکردو لە هەمان کاتدا ددانی پێدادەنا: ئەگەر پەری دەریایی نەدەبوو، ئەو خۆی سەربازی خۆی بوو، تواناو چاوەکانی ئیدی ئەو تواناو چاوانە نین، جوانیەکەی لە دەست داوە و ددانەکانی کەوتوون. تەواوی ئەو شتانەی کە ببوونە هۆی ناوبانگ دەرکردنی ئەو. لە نێو دەچێ و نابووت دەبێ، مەرگ نزیکە، تەنیا دڵی خۆی بە دەستەوە نادا، سوێ و حەزی دڵی وەك پێشوو وەك سەردەمی گەنجی زیندوون، ئامان لەو دڵەی کە پیر نابێ. لەبەرئەوەی ئەو بیرانەی لە کەللەدان ئەو جۆرە خەونانە دەبینێ. چونکە مرۆڤ لە خەو و لە ئەندێشە بۆ خۆی ئازادە. لە ئارەزوو خەیاڵدا دەفڕێتە پەرەگەی ئاسمان و دەچێتە قووڵایی دەریاکان.

مەزنی مرۆڤیش لەوە دایە کە تامردن بیر لە هەموو شتەکانی ژیان دەکاتەوە. بەڵام مەرگ بایەخ بەم مەسەلانە نادا، مەرگ کاری بەوەدا نیە کەوا مرۆ چۆن ژیاوە، چەندە عەقڵی هەبووەو بە هیمەتی عەقڵ توانیویەتی چ دەرگایەك بخاتە سەر گازەرای پشت؟! ئەوانە هەموویان بۆ مردن هیچ نرخێکیان نیە.

بۆچی ئەوهایە؟ بۆچی کاری دنیا بەم شێوەیە دروست بووە؟

وام دانا کە پەری دەریایی خەو و خەیاڵە، بەڵام لێگەڕێ با ئەم خەوو خەیاڵە تا هەتایە، و لەو جیهانیشدا بمێنێتەوە....

ئەرگان هەربەم جۆرەی کە باوەڕی بە بوونی پەری دەریایی هەبوو، باوەڕی وابوو کە دەریاش گوێ بۆ ئەو رادەگرێ. ئەو لە ناو دەریادا دەیتوانی زۆر بە مێشك رەحەتیەوە لە دەریا رابمێنێ و دەردی دڵی خۆی بۆ هەڵڕێژێ. کاتێ کە بەخەیاڵ دەریا دەیبردەوە.

جاری واش بوو لە خۆشی دەپرسی:" ئایا لێرە نەبوو کاتێ ئێمە لەگەڵ ئەودا پێکەوە مەلەمان  دەکرد؟"

لەم کاتانەدا ئەرگان سەبیلەکەی پڕ  دەکردەوە، لە زەتی لە دووکەڵی تووتن دەبرد و بە خۆی دەگوت:" ئەم گیایە لە کوێ دەڕوێ، ئەم گیایە کە توندو تیژ دیارە. بەڵام ئارام بە دڵ دەبەخشێ، دەبێ لە کوێ بڕوێ؟.... بازرگانان دەڵێن لە مەنجوری دەڕوێ و هەر لەوێشی دەهێنن. ئەم مەنچوریە دوورە.

زۆر دوورە قەت هیچ کەسێك لە خەڵکی ئێمە جارێك نەچۆتە ئەو شوێنە، زۆر دوورە. لە ڕاستیدا تووتن لەوێ، وەك گیاو گوڵی ناودارستان، دەڕوێ؟ بەراستی سەیرە! بەراستی شتێکی نەدیتراو و نەبیستراوە!."

***

وەخت لە نیوەڕۆ لای دابوو، لەم ماوەدا خۆر چەند جارێك لە پشت هەوران ون دەبوو دەهاتەوە دەر. ئەم پەڵە هەورانە لە جێگایەکی نادیارەوە لەو پەڕی ئاسۆوە کە دەتگوت سەرچاوەی هەوای خراپ لانەکەی لەوێدا بوو، لە پڕ وورووژمیان دەهێنا. ئەو کاتە دەریا تاریك و تنۆك دادەهات و تاریکیەکی نارحەت کەر باڵی بەسەر هەموو لایەکدا دەهێنا، دوای ئەوە خۆر لەو دیو هەورانەوە بە دەرکەوتەوەو بە تیشك و پرتەوێکی بەهاری جیهانی نقومی پرشنگی خۆی دەکرد، ئەوساکە هەزاران تیرێژی زیندوو لەسەر رووی ئاودا بە باق و بریقەوە دەتریسکانەوە و درەوشانەوەیەکی وایان هەبوو کە چاو بەرانبەری مۆڵەق رادەماو سەر لە نوێ گیان و دڵ پڕ لە شادی دەبۆوە.

هەرچەندە کریسك لەگەڵ دەریادا راهاتبوو و بەڵام کەمێ سەرو دڵی گرتبووی، هێشتاش هەستی سەرسوڕمان و سەیر لێهاتنی لە گەورەی پانایی بێ سنووری دەریا ئەویان بەرنەدابوو، هەرچەندەی بۆ پێشەوە دەچوون پانایی دەریا سنورێکی نەبوو. کریسك لە وشکانیدا هەر چەندێکی زەویش فراوان بوو، قەت بە ئەندازەی ئەمە سەری لی نەدەسوڕما.

بەڵام پیاوەکان یەك تۆزقاڵ سەیریان لە هیچ شتێك نەدەهات. هەموو شتێك بەلای ئەوانەوە ئاسایی بوو. ئەمرایین و میلگون بەهەمانجۆر یەك نەفەس سەوڵیان لێدەدا و سەری سەوڵەکانیان بە ئاستەم بەرئاو دەکەوت. ئەوان بەبێ ئەوەی ماندووبوون نیشان بدەن کاریان دەکرد، تا دەرفەتی ئەرگانیشیان نەدەدا کە لە باتی ئەوان کەمێ سەوڵ لێبدا تا ئەوان هەناسەیەك بدەن و پشوێ بدەن. دەیانگوت لە گەڕانەوەدا کە بەلەمەکە پڕ بار بێ، ئەوساکە یارمەتیمان دەدەی، ئێستا لێگەڕێ با تەنیا رێنمایی بەلەمەکە بکا. ئەرگانی پیر بە ملی درێژ و بەڵغەبابەی هەڵپخماویەوە لە دواوەی بەلەمەکە دانیشتبوو وەك بازو دالاش وەکو دوبراو واشە کە چاوەڕێ ی راوێی، خۆی قۆقز کردبوو، کەمتر قسەی دەکردو لەبۆخۆی پتر بیری دەکردەوە. بەڵام بەلەمەکە هەر دەڕۆیشت و هەربەو جۆرە بەسەر شەپۆڵەکانەوە کەمێ مەلەمەلی دەکرد، شەپۆڵەکانیش گۆڕانێکیان بەسەر دانەهاتبوو و ئاسایی بوون. بایەکی یەك ئاهەنگ و نەگۆر بەسەر دەریادا دەهات.

وە ئەوان بەرەو پێشەوە دەچوون....

لە پڕ کریسك قۆڵی ئەرگانی راکێشا و بە دەنگێکی پڕ لە شادی بانگی کرد:

- بابە گەورە، بابە گەورە! دوورگە مەمکی بچکۆڵە! ئەرگان باوەڕی نەکرد، دەستی بەسەر چاوەکانیەوە گرت و پرسی:

- کوا دوورگە لە کوێیە؟ سەوڵ لێدەرەکانیش بە سەر سوڕمانەوە تەماشای ئەو جێیەیان دەکرد کە کریسك نیشانی دەدات.

ئەرگان لە ژێر لێوەوە گوتی:

- نابێ ئەوێ بێ — چونکە کوڕەکە بۆ لایەکی دیکە ئاماژەی دەکرد کە ئەوان چاوەڕێیان نە دەکرد دوورگەکە لەو لایە کەوتبێ.

بەڵام کوڕەکە درۆی نە دەکرد. لەوێ لە ماوەیەکی زۆر دوور هێڵێکی ڕەنگ خۆڵەمێشی سوورباو و بەبێ جووڵە کە کت و مت وەك بڵێ ی وشکانیەکە و لەناو ئاودا قوت بۆتەوە. دیاربوو، ئەرگان ماوەیەکی زۆر تەماشای کردو لە دواییدا بە دڵنیاییەوە گوتی:

- نا هۆووە دوورگەینە، ئێمە دەبێ هێشتاش قەدەرێك ڕێك بەرەو خۆرئاوا. واتە بەو ئاراستەی کە تێیدا دەڕۆین، بڕۆین تا بە دوورگەی مەمکۆڵەی بچووك بگەین.

بەڵام ئەمە لە لایەکی دیکەیە. ئەمە دوورگەنیە، بە بڕوای من دوورگە نیە.

میلگوت گوتی:-

- لەم دەوروبەرانە هەرگیز دوورگەی وا نەبووە، ئێمە دوورگەی وامان لەم ناوەدا نەدیوە. مەمکۆڵەی بچووك لە لای چەپە، بەڵام نازانم ئەمەیان چیە.

ئەمرایین گوتی:

-ئەمە نە تەمەو نەهەورە؟ یان ڕەنگە ئاو بێ بەجۆرە شەپۆلان دەدا، ئەگەر وایە ئەدی بۆچی ناجووڵێتەوە؟

ئەرگان رای خۆی دەربڕی:

- ئەدی کەواتە، ئاخر دەبێ ئەمە چی بێ؟ کێ دەزانێ ئەمەیان هەورە لێرە دوورە. لە هەموو حاڵێکدا دوورگە نیە، بەڵام ئەگەر ئەمە تەمێکی ئەوتۆ بێ، هیچ شتێکی خۆشی بۆ ئێمە پێ نیە.

ئەمرایین زێتر فشاری بۆ سەوڵەکان هێناو سەرنجی داو بیروڕای خۆی دەربڕی:

- بایەخی نیە،تەنیا ئەگەر ئاڕاستەی هەڵکردنی با نەگۆڕێ باشە. ئەویش وا لە جێی خۆیتی، ناجووڵێتەوە.

ئێمەش کارێکمان بەو لایەدا نیە. هەرچی هەیە، با بۆ خۆی ببێ....

کریسك سەرەتا کەمێ نارەحەت بوو لەوەی کە دیتبووی، شتێکی نەزانراو بوو، بەڵام بەخێرایی لەبیری کرد.

بەڵام راوکەرەکان بە هەڵەدا نەچووبوون. بە زوویی دوورگەی مەمکۆڵەی بچووک لەلای چەپدا لە نێوان ئاودا بە دەرکەوت. ئەمەش جێی هیچ گومانێك نیە. ئەم دوورگە یەك پارچە وشکانی زۆر بچووك سەرانسەری بەردەڵان و بەرزونەوی نارێك بوو کە بەراستیش لە گۆی مەمك دەچوو.

هەموو، بەتایبەتی کریسك کاتێ دوورگەکەیان دیت. جۆش و خرۆشکێان تێکەوت. کریسك بە خۆی گوت. کەواتە وا بەدیار دەکەوێ کە دەریا بێ کۆتایی نیە. لێرەدا جوانترین و خۆشترین بەشی گەشتی دەریا دەستی پێکرد.

ئەرگان بۆ نەوازش دەستێکی بە کڵاوەکەی سەری گەنجەکە داهێناو گوتی:

- باشە! سەگەبەڵەك، خۆی لە ماڵێ ماوەو، بەڵام ئێمەی گەیاندە دوورگە. ئاخر ئەگەر بەدوای ئێمەدا رای کردبا، نوقم دەبوو، کریسك کە وایدەزانی پەی بەمەبەستی ئەرگان بردوە، گوتی:

- هەڵبەتە وایە!

- ئەرگان گوتی:

- لەبەرئەوە پێویستمان بەسەگەبەڵەك هەیە کە لەو لا بمێنێتەوەو پاسی ماڵەوەمان بۆ بکا، ئێمەش ئەومان لەبیربێ و رێگاون نەکەین و بگەینە شوێنی راوەکەمان. تۆ بیروبڕوات چیە، سەگەبەڵەکمان پێویست دەبێ یان نا؟

کریسك دیسانەوە بە دڵنیایی تەواوەوە وەڵامی داوە:

- نەخێر، پێویست نابێ. ئێستا خۆمان دەزانین بۆ کوێ دەچین ئەرگان بە دەنگێکی لۆمەکەرانەوە گوتی:

- راست بیر بکەوە! ئاخر تۆ زۆر زرنگی، بیربکەوە.

کریسك تێنەگەیشت کە سەگەبەڵەك لەناو دەریادا لە کەنار دوورگەیەکی دوورەدەستدا چی پێویست دەکا، و پرسی:

- لێرە ئیدی سەگەبەڵەکمان بۆ چیە؟

- ئەرگان وەڵامی داوە:

- چۆن چۆنی بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە؟ بەرەو کام لا، بەرەو کوێ دەڕۆی؟ بیر بکەوە، بزانم؟ تێگەیشتی؟ لەبیرت بێ کە لە کام لاوە لە دوورگەکە نزیك دەبینەوە، کام لای دوورگەکە

رووبەرەو سەگەبەڵەکە، ئەوساکە دەزانی کە گەڕانەوەدا دەبێ، روو لە کامە لابکەی و بەرەو کام لا بڕۆی.

کریسك لە دڵدا ڕازی بوو، بەڵام لەبەرئەوەی غیرەتی نەفسی رووت و ڕەنگە هەر لەبەر ئەو هۆیەش، بەگەرمی پرسی:

- ئەدی ئەگەر هەوا تاریك بێ، چی؟ ئەگەر شەو لەناو دەریادا بین و هیچ نەبینین، چی بکەین؟ ئەوسا چی بکەین، ها؟ ئەوساکە چۆن دەبێ بزانین سەگەبەڵەك لە کوێیە، لەکام لایە؟ ها!

ئەرگان وەڵامی ئەو پرسیارانەی کریسکی بە خوێن ساردی و ئارامیەوە داوە:

- چ کۆسپێك هەیە. ئەو کاتەش دەکرێ بزانین. بۆ ئەم کارە لە ئاسماندا ئەستێرە هەنە. ئەستێرە دەستخەرۆی مرۆڤ ناکەن، هەمیشە بە وردی نیشان دەدەن. تەنیا ئەوە نەبێ کە دەبێ خۆت بزانی کە کام ئەستێرە لە کام لادایە. سەرو سەلیقە هەبێ، ئەمەش فێر دەبی. تۆ دەزانی رووی فەلەکی ماسیگرە لە کوێ وەیە؟

کریسك بە دوو دڵیەوە وەڵامی داوە:

- وەك بڵێ ی دەزانم. — و چاوێکی لە باوکی کرد.

ئەمرایین بە باری دژواری کوڕەکەی پەی برد گوتی:

- کەمێکی لێدەزانێ، من جارێکیان پێیم نیشان داوە. بەڵام ئەمە کەمە. دەبێ هێشتا باشتری فێربێ.....

ئەوان هەر بەرەو پێشەوە دەچوون و بەرە بەرە لە دوورگەکە نزیك دەبوونەوە. کاتێ کە هێندە نزیك بوونەوە کە دەیانتوانی بەردو تاشەکان دەستنیشان بکەن، بە دەوری دوورگەکەدا خولانەوەو کەنارەکانیان بە وردی نۆڕی تا جێگای سەگە دەریاییەکان ببیننەوە. کریسك بەراستی و حەزێکی زۆرەوە تەماشای دەکرد، حەزی دەکرد لە پێش هەموان گەلە سەگەدەریاییەکان ببێنیتەوە. بەڵام پێیان گوت کە ئەگەر گیانلەبەرەکانیان دیت بیدەنگ بن. ئەرگان گوتی کە سەگەدەریاییەکان لە دەریا دێنە دەرێ و لەنێو بەردەکانی رۆخ دەریا، لە رۆخ ئاودا لە بەر هەتاودا دەنون تا گەرمیان بێتەوە. دەبێ بە تەواوی ببیستریێ ئەوان لە کوێ نووستوون، لە دواییدا بە دزەدزو ماتەمات لە کەناردا پیادەبن و بە جۆرێك کە سەگەکان نەیان بینن، نەڕەونەوە بەرلەوەی لێیان نزیك ببینەوە. بەڵام کریسك هیچی نەدیت، کەنارەکان خاڵی بوون و مرۆڤ بە دیتنی دڵی تەنگ دەبوو جگە لە تاشەبەردی کە لە ژێر کاری زەمانەدا

ڕۆچووبوون و شێوەیەکی دیاریکراویان نەبوو، شتێکی دیکە بەرچاو نەدەکەوت. شەپۆل خۆیان بەکەنارەکە دادەداو بەشێوەی ئەلقەی سپی بە جۆش و خرۆش لە هەموو لاوە دوورگەکەیان دەوردابوو هەوڵی دەدا لە نێوان کۆمەڵە بەردەکانی کە شەختە لێ ی دابوو دزە بکاتە ناو دوورگەکەوە، نەخێر کریسك لە دوورگەکەدا جگە لەبەردی بەسەریەکدا کەڵەکەبوو، هیچ شتێکی یان هیچ گیانلەبەرێکی نەدیت، میلگون بەر لە هەمووان دیتی. وتا کریسك سەری بەم لاو ئەودا دەچەرخاند و هەوڵی دەدا ببینێ سەگە دەریاییەکان لە کوێ ماتەیان کردوە، بەلەمەکە لەو ناوە دووربێ. کە نەوەکا سەگە دەریاییەکان لە پەناگاکەی خۆیانەوە بەلەمەکە ببینن.

بەڵام ئەرگان زانی کە کریسك هیچی نەدیتوە، لێی پرسی:

- باشە، هیچی دیت؟

کەنەیدەویست درۆ بکاو ددانی پێدانا:

- نەخێر، هیچم نەدیت.

- ئەرگان گوتی:

- جارێکی دیکە لەوێ نزیك دەبینەوە. هەوڵ بدە فێر بی کە ناوەندی بەردەکان دیاری بکەی. ئەگەر بۆت دیارنەکرێ ناتوانی ببیتە ڕاوچی.

سەوڵ لێدەرەکان بە فرمانی ئەرگان بەلەمەکەیان بۆ شوێنی پێشدان بردەوە، هەرچەندە ئەم کارە ترسناك بوو، ئەوەندە بەس بوو یەکێك لە سەگەدەریاییەکان هۆشداریەك بدا لە هەمان کاتدا تەواوی ڕەوەکە خۆیان بەدەریادا بدەنەوە.

بەڵام خۆشبەختانە گیانلەبەران ئاگایان لە ڕاوچیەکان نەبوو، ئەوان لە پشت کەڵەکە بەردو تاشەکان، لەناو کۆمەڵە بەردە تێکەڵ و پێکەڵە کەچ و کولەکاندا، وبگرە لە ڕۆخی ئاودا لێی نوستبوون.

میلگون بە کریسکی گوت:

- ئەو تیشە بەردەی کە بە ددانی شکاوەجیێ، و کەمێك ئەو لاتر، ئەو گردۆکە سوورو شەختەییە دەبینی، تەماشای ناوەندی ئەوان بکە.

کریسك چاوی لەوێ بڕی، لەم سەروبەندانەش میلگون و ئەمرایین سەوڵیان لێدەداو هەوڵیان دەدا بەلەمەکە ڕاگرن. لە هەمان کاتدا کریسك پشتی گیانلەبەرە دەریاییە بەهێزو تێکسمڕاوە

کلکدارەکانی دیت. پشتە خۆڵەمێشی و خاڵدارو بەبریقە گیانلەبەران بێ جووڵە بۆ چاوێکی ناشی و کەم ئەزموون لە دوورەوە و لە نێوان بەرداندا بەدی نەدەکرا.

لەو کاتەدا هەڵچوونێکی زۆر کوڕەی داگرت، چونکە بەراستی گیانلەبەرە دەریاییەکانی دیت و راوی گەورە بۆ ئەو دەستی پێکرد.

دوایی کە ئەوان لە قەراخ ئاوەکە دادەبەزین. دڵی گەنجەکە پڕ لە دلاوەری و هەڵچوون و شەوق و شادی بوو. پڕ لە دلاوەری بوو، چونکە ئەو لەو کاتەدا خۆی بەهێزو بە کەسایەتیەکی بە توانا دەدیت. پڕ لە شەوق و ئارەزوو بوو. چونکە ئەو دەیدیت کە راوچیان بە چ دەستوبرد و لێهاتووییەکەوە کاریان دەکرد. چۆن بەلەمەکەیان بەرەو کەنار دەبرد. چۆن چۆنی ئەمرایین و ئەرگانی پیر بە بزواندنی سەوڵەکان بەلەمەکەیان لە نێوان شەپۆڵەکانی کەنار دەریا لە جێی خۆیدا رادەگرت. چۆن میلگون بە چاپووکی خۆی فڕێدایە سەر زیخەڵانی کەنارو دوایی ئەو سەرەپەتکەی کە بۆیان هەڵدا لەسەر شانی خۆی داناو بەلەمەکەی بەرەو کەنار راکێشا. چۆن باوکی تفەنگەکانی هەڵگرت و بازیدا سەر کەناری دەریا. کریسکیش بە دوای ئەواندا خۆی فڕێدا قەراغ دەریا، هەڵبەتە ئەرگانی پیر کەمێ یارمەتی ئەوی دا و لەبەر ئەوەی، پێی بەر شەپۆلەکانی کەنار کەوت تەڕ بوو و باوکیشی لەسەر خۆ سەرکۆنەی کرد.

ئەرگان لەناو بەلەمەکەدا ماوە تا نەهێڵی بەلەمەکە لە کەنارەکە دوورکەوێتەوە. و ئەوان هەرسێکیان ئەمرایین و میلگون و کریسك.

بەرەو مۆڵگەی سەگە دەریاییەکان چوون. لە کەنار دەریادا دەڕۆیشتن. کەمەری خۆیان چەماندبۆوە بە بازوهەنگاوی گەورەو خێرا لە پەنایەکەوە بۆ پەنایەکی دیکە دەچوون. کریسك دوانەدەکەوت.

تەنیا هەستی دەکرد کە دڵی لە قەفەسەی سنگیدا تەپە تەپی دەهات، جارجارە لە باغری و هەڵچوندا سەری بە گێژەوە دەهات.

وە ئەگەر وەچەی پەری دەریایی دەیاندیت کە ئەو لە هاوڕێیەکی راوچیە گەورەکانەو بە چ خێراییەك بۆ ڕاوی گیانلەبەری دەریایی خۆی هەڵدەکوتێ! ئەگەر ئێستا دایکی دەیدیت، چەندەی شانازی بە راوکەری گەورەو بژێو پەیداکەری ئایندەی هۆزەکەی دەکرد!

وە ئەگەر موزولوك دەیدیت کە ئێستا ئەو دوور لە سەگە بەڵەکی ئازیزیان، لە کەنارێکی پڕ جۆش و خرۆشی نادیاردا، لە نێوان تا شەو گابەردی خام و دەست لێنەدراودا بۆ شوێنی سەگەدەریاییەکان خۆی هەڵدەکوتێ، هەمان موزلوکی کە ئەوان زۆربەی جاران لەگەڵدا یەکدا

یاریان  دەکرد و ئێستا ئەو چیدی یاری لەگەڵدا ناکا، چونکە لەو دەقەوە کەناوی راوچی لێدەنێن! هیچ بایەخێکی نیە کە تفەنگەکان لە دەستی ئەمرایین و میلگون دان، باوکی قسەی پێداوە کە کاتی تەقە دەکەن. تفەنگەکەی دەداتە دەست.

سەرەتا ئەوان لەسەر خۆو بە پارێزەوە لە شوێنی سەگەدەریاییەکان نزیك دەبوونەوە لە پاشدا لەسەر زەوی درێژ بوون و لە سەرزگ خزین. کریسکیش لەسەر زگ خزی. خزین لەسەر بەردی سفت و شەختەی چلوورەکردووی ددان ددان سەخت و ناخۆش بوو. بەڵام کریسك تێدەگەیشت.

کە کارەکە پێویستە وابێ.

ئەوان بە خزە خشکەخشك دەچونە پێشەوە. هەناسەبڕکێ ببوو ئارەقەی دردابوو. هەموو دەم هەر لە بۆسەدا بوون. زوو زوو سەرەقوتکە و سەرە تاتکەیان  دەکردو تەماشای ئەم دەوروبەرەیان  دەکرد. کاتێ کە وەختی نیشانەگرتن و تەقەکردن هات، بەبێ جووڵە لە جێی خۆیاندا وشك بوون و هەناسەیان لە خۆیان بڕی بوو.

کریسك ئەو کات و ئەو رۆژە بەهارییەی ئەم دوورگە بەردەڵانو ساردەی ناوەندی دەریایی پان و بەرینی بێ کۆتایی و، بەردی سورباو و رەش و خام کە تا ئێستا کەس دەستی بۆ نەبردبوون. کە بە دەستی هێزێکی فەلامەرزی نادیار بەو ناوەدا پەرت و بڵاو ببوونەوە. ئەم زەمینە رووت و سفت و بێ گیاو رووەکە شەختاویە کە ئێستا نەتاوابۆوە و ئەو و باوکی و میلگون لە کەناری یەك لەسەر زەویدا درێژ ببوون، تا دوایی ژیانی لەبیر نەچوو.

ئەو تا دوایی تەمەنی لەبیری بوو کە ئەوان ئامادەی تەقەکردن بوون و لە پێشی ئەوان، لە کەندێکی سەر رۆخی دەریادا، لە نێوان بەردە خوارو خێچەکانداو کە لە ژێر کایگەریی باو بۆراندا داتەپی بوون. گەلەیەکی بچووکی سەگی دەریایی ئارام و بێ ترس درێژ ببوون، و هێشتا ئەوان لەو ترسەی کە هەڕەشەی لێدەکردن خەبەردار نەبوون، بە سەر سەری ئەوانیشەوە، بەسەرسەری سەگە دەریاییەکانیشەوە، لە ئاسمانی تەماوی و بێ جووڵەی پان و بەریندا، بەسەر دوورگەو دەریادا ئاسمانی تەماوی و بێ هەست و خوست پان ببۆوە. بە جۆرێك لەو کاتەدا واهاتە بەرچاوی کریسك، بە هەر هەموو دیقەتێکەوە لە چاوەڕێ ی یەکەم تەقەدابوو.

کریسك قۆنداغی تفەنگەکەی کە باوکی دابوویەی، لە شانی خۆی قایم کردو لە دڵی خۆیدا دەیگوت:" خۆزگە گوللەم بە خەسار نەچێ!."

لەو چرکە ساتەکورتەدا کە کریسك دەمێك بوو چاوەڕێ ی ئەو ساتەی  دەکرد. لەو چرکەی کە ئەو بە خۆی دەنازی و خۆی وەك راوچیەکی دلاوەرو بەناوبانگ دەدیت، لە پڕ حەپەسا کە پشت و لاتەنیشتی ئەو گیانلەبەرە زیندوو چڵمن و قەڵەوانە لە چاوەڕوانیی کەمە گەرماییەکی خۆر خۆیان خزاندبووە ناو کەلێن و چالاییەکانی، چەندە بێ دیفاع و قابیلی زیان لێدان بوون. بەڵام ئەم حاڵەتە هەردەمێکی کورت بوو بڕاوە. ئەو یەکسەر بەبیرخۆی هێناوە کەراوچیەو خەڵك چاوەڕێ لێدەکەن کە ڕاو بکا. و ژیان بەبێ گۆشت و چەوری سەگی دەریایی هەژاری و برسیەتی پێوەیە، و لەم سەروبەندانەش وای بە کەللەدا هات کە دەبێ بەر لە هەمووان تەقە بکاو دەست و قامی خۆی نیشان بدا. کریسك ورەی دایە خۆی، هەر بەو جۆرەی کە باوکی فێری کردبوو، ژێر شانی چەپی سەگی دەریایی گەورە خاڵدارەکە — کەمێك هەورازترو نەختێك بەلای چەپدا، بەڕێکی نیشانە سەردڵی دەپێکیٚ. بەڵام سەگە دەریاییە خاڵدارە زەبەلاحەکە، هەرچەندە راوچیەکانی نەدەدیت و بۆنی ئەوانی بەبەرلووت نەدەکەوت، چونکە با لە لای دەریاوە هەڵی کردبوو، دەتگوت هەستی بە ترسێك کردبوو، لە پڕ گوێیەکانی قولاغ کرد.

دەبووایە دیسانەوەش کەمێ بچێتە ئەولاترەوە تا بتوانێ چاکتر نیشانەی لێ بگرێ، چونکە شتێکی وەك سێبەر بەری نیشانە داگرتنی لێ دەگرت، بەڵام دەبوو زۆر لەسەرخۆو بە پارێزەوە بۆی بچێ، لە هەمان کاتدا گاشەبەردێك لە ژێر هەنیشکی کریسك دەرپەڕی، کەوتە خوارەوەو بەربەردەکانی سەر رێگای کەوت، سەگە دەریاییە خاڵدارەکە دەنگێکی وەك وەڕەیەکی لەسەر خۆی لێ هەڵسا، گەلەسەگە دەرياييەکە لە جێگای خۆیان راپەڕین و بەمرۆهووڕێکی زۆر بەرەو ئاوی دەریا خزین. بەڵام لە هەمان کاتدا پێش ئەوەی ئەوان بگەنە ئاوی دەریا، تەقەیەك لە تفەنگەوە هەڵساو سەگەدەریاییە خاڵدارەکەی کە لە رۆخی گەلەکەوە بوو، کەلاکەوت — ئەمە میلگون بوو کە سەر وەخت و دەستوبرد تەقەی کرد. کریسك دەستەپاچە بوو. ئەمرایین بە دەنگێکی فەرماندەرانەوە گوتی:

- تەقە بکە!

چەپۆکێکی توندی بە تفەنگەدادا، شانی کریسك ئازاری گەیشت و دەنگی گوللە لەناو کەللەیدا دەنگی داوە و ئیدی گوێ ی لە هیچ دەنگێکی دیکە نەبوو.

کریسك لەوەی گوللەکەی نیشانەی نە پێکابوو زۆر هەستی بەشەرمەزاری  دەکرد. بەڵام دەم و دەست باوکی گوللەیەکی دیکەی دایەو گوتی:

- تفەنگەکە پڕکەوە، و بەخێرایی تەقەبکە!

پڕکردنەوەی تفەنگو تەقەکردن، کارێك بوو زۆر جاران کاتی مەشقکردن لەسەر تفەنگ بەڕێکی کردبووی، کارێکی هێندە دژوار نەدەهاتە بەرچاو. بەڵام ئێستا ئەو نەیدەتوانی ئەم کارە سادەساکارە ئەنجام بدا. میلی تفەنگەکە نەهاتەوە ماوەیەك گیربوو. لەم نێوانەدا میلگون چۆکی داداو دووجاران تەقەی لە سەگە دەریاییەکان کرد، کە بەپەلە پڕوزە بەرەو دەریا ڕایان دەکرد. یەکێك لە سەگە دەریاییەکان زامدار بوو و ڕێك لە دەم ئاوەکەدا چەرخەلەی داو تەپەی لێوە هات و کەوت. راوچیەکان بەرەو ئەوێ رایانکرد.

گەلە سەگە دەریاییەکەی دیکە خۆیان گەیاندە دەریاو لەژێر ئاودا ون بوون. بەڵام ئەوەی کە پێکرابوو لەقەراغ ئاوەکە کەوتبوو، و بە هەموو تینی هەوڵی دەدا خۆی بەناو ئاوەکەدا بکاتەوە. کەراوچیەکان گەیشتە ئەوێ، سەگە دەریاییەکە بە زەحمەت خۆی گەیاندە ئاوەکە، بەرەو قووڵایی دەریایی روون و شەفاف خۆی خزاندو ئەو پەڵەخۆێنەی کە وەك ئاڵاییێك دەشەکاوە. بە دوای خۆیدا بە کێش دەکرد. چاوەکانی سەگە دەریاییەکە لە ترساندا مۆڵەق مابوون، و هەروەها هێڵێکی بنەوشەیی کە لە پشت گەردنیەوە تا سەرنووکی کلکی کشابوو، بە باشی دەدیترا.

میلگون کە ئامادەی تەقەکردن بوو، سەری تفەنگەکەی هێناخوار، چونکە تازە کوشتنی سەگە دەریاییە بریندارەکە بێ سوودبوو. ئەمراپین گوتی:

- وازی لێ بێنە، نقوم دەبێ و مردار دەبێتەوە.

کریسك خەمبارو دڵتەنگ وەستابوو و هەناسە بڕکێ بوو. ئەو لە خۆی ناڕازی بوو و چونکە لەمەر پتری لە خۆی چاوەڕێ دەکرد، و لە دڵی خۆیدا گوتی: ئای کە ڕاوچیەکی گەورەی!

کوڕەکە هێندە خەمبارو سەر لێ شێواو بوو کە بێدەنگ و خامۆش وەستابوو و بە هەموو هێزی هەوڵی دەدا بەری گریانی خۆی بگرێ.

کاتێ کە سەگە دەریاییە راوکراوەکەیان راکێشا و بردیان، میلگون دڵی داوەو گوتی:

- گرنگ نیە، هێشتا ڕێگای سەرکەوتنت لەبەر ماوە.

ئێستا بەرەو مەمکۆڵەی ناوەڕاست دەچین. ئەوێ زێتری گیانلەبەری ئاوی لێیە.

کریسك بۆ پاکانەکردنی خۆی گوتی:

- من پەلەم کرد ئەگینا....

بەڵام باوکی قسەکەی ئەوی بڕی و گوتی:

-هەوڵ مەدە پاکانە بۆ خۆت بکەی — هیچ کەسێك بە یەکەم تەقە نابێتە راوچی. هێور بەوە، بە باشی تەقەدەکەی، نێچیرت لە دەست دەرباز نابێ.

کریسك کپ بوو، بەڵام لە دڵی خۆیدا لە راوچیەکان مەمنوون بوو کە سەرزەنشتیان نەکرد. و ئەو کاتە گفتی بە خۆی دا کە لە راودا پەلە نەکاو بیر لە هیچ شتێکی دیکەش نەکاتەوە، بە جۆرێکی وا نیشانە دابگرێ. کە گوللەکەی بەفیڕۆ نەڕوا و هەروەك باوکی فێری کردووە. تەنیا کاتێ کە دەست پەلەپیتکەوە دەنێ، چاوی نەترۆکێنی و هەناسەی خۆی راگرێ.

سەگە دەریاییەکە، گەورەو سەنگین بوو. هێشتا وەك گیانلەبەری زیندوو، بە تەواوی گەرم بوو. میلگون لەگەڵ ئەوەی کە لە ورگیەوە سەگەکەی کەوڵ دەکرد، دەستەکانی خۆی بە رازیبوونێکەوە پێکداهێناو گوتی:" بینە چەندەی بەز هەیە، بە پانایی چوار ئەنگوست دەبێ."

کریسك کە خەم و خەفەتی خۆی لەبیر بردبۆوە. زۆر بە حەزو ئارەزووەوە کۆمەکی ئەوی دەکرد. لەم کاتەدا ئەمرایین چووە نزیك ئەرگانی پیر تا بەلەمەکە بێننە نزیك کەنارەکە.

ئەمرایین بە خێرایی گەڕاوە و بەپەلە و نیگەرانیەوە گوتی:

- کات تێدەپەڕێ، خێراکەن! پاشدان تەماشایەکی ئاسمانی کردو بەبێ ئەوەی کەس دەنگ بدا، گوتی — هیچ خۆشیەکم لەم کەش و هەوایە نایە...

راوکەران بە خێرایی دل ۆ و هەناوی لاشەکەیان دەرهێنا، تەنیا دڵ و جگەرەکەیان هەڵگرت، لاشەکەیان خستەسەر چەند دارێکی کە بە یەکەوەیان شەتەك دابوون، و بەرەو بەلەمەکەیان برد. کریسك بە دوایانەوە بوو و هەردوو تفەنگی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو.

ئەرگان لە دەم ئاوەکە، لە تەنیشت بەلەمەکەوە، چاوەڕێ ی ئەوانی دەکرد. پیرەمێردەکە شادبوو و گوتی:

- با خودای مەزن گوێی لێ بێ کە ئێمە چەند شوکرانە دەکەین. ئەمە لە سەرەتای کاردا خراپ نیە! — و لەم کاتەشدا کێردی راوی بۆ گرنگترین کار کە لە دوای راوکردن ئەویش خواردنی جگەری کاڵ بوو — ئامادە دەکرد. پاشدان لەسەر لاشەکەی کە شەقیان کردبوو، دانیشت و جگەرەکەی دابەشی چەند بەشێك کرد. راوچیان پتەخۆییەکیان بە جگەرە جوانەکە دا دەکرد، دەیانخستە نێو دەمیانەوە، بە مڵچە مڵچ و چێژێکی زۆرەوە قوتیان دەدا، جگەرەکە زۆر بە تام و خواردەنی و هێندە جوان بوو کە کاتێ لەناو دەمیان دەنا، دەبوو بە ئاوو ناو دەمیانی پڕ لە ئاوی گەرم و چەوری دەکرد.

ئارەزووی دێرینی کریسك هاتە دی، ئەو وەك راوچیەکی بەراستی، لە کاتی راودا جگەری خاوی دەخوارد.

ئەرگان مێرمنداڵەکەی فێر دەکرد:

- بخۆ، بخۆ، پتر بخۆ! شەو هەوا سارد دادێ، سەرمات دەبێ، جگەر لە هەموو خواردنێك زێتر مرۆڤ گەرم دادێنی. باشترین دەرمانی دەردانە.

بەڵێ بەڕاستی بێ وێنە بوو! تیروپڕیان خواردو هەستی تێنوێتی دایگرتن. بەڵام ئاوەکە لەناو جلیکانەو جلیکانەش لەناو بەلەمەکەدا بوو.

کە هەموویان تێر بوون، ئەمراپین گوتی:

- ئێستا پێویستە لاشەکە کەلوپارچەکەین. — و سەرلەنوێ بە نیگەرانیەوە تەماشای ئاسمانی کرد.

ئەرگان رازی بوو و گوتی:

- درەنگ نابێ. — دیسان گوتی: - کە شەو گەیشتینە دوورگەی مەمکۆلەی ناوەڕاست چایێکی لێ دێم دەکەین. دەکرێ ئێستا چای نەخۆینەوە. بارەکان لەناو بەلەمەکە دەکەینەوەو سوار دەبینەوە.

راوچیان بەرلەوەی رێگا بگرنەوە بەر، لەبیریان نەچوو کە خۆراکی زەویش بدەن. دڵی سەگە دەریاییەکەیان پارچە پارچە کرد، پلی بچووك بچووکیان بەم لاوبەولادا فڕێ دەدا داوایان لە خاوەنی دوورگەکە دەکردو لەبەری دەپارانەوە کە جارێکی دیکەش یارمەتیان بدا تاوەکو لە خۆشی و شادمانیدا بن. و لە دواییدا خۆیان بە دەریادا کردەوە.

مەمکۆلەی بچووك لە دواوەیان دا بە جێ ما. ئەم دوورگە بچووکە تاك و تەنیا و بێکەس لە نێوان ئاوە رەش و تاریکەکاندا، هەستی بەزەیی و نیگەرانی لەناو مرۆڤدا دروست دەکرد. راوچیان بەرەو مەمکۆڵەی ناوەڕاست ملیان دەنا. پاش نیوەڕۆ بوو، شەو نزیك دەبۆوە. سەوڵ لێدەرەکان بە هەموو هێزیان سەوڵیان لێدەداو پەلەیان دەکرد کە بەرلەوەی تاریك دابێ بگەنە مەمکۆڵەی ناوەڕاست، چونکە وایان نیازبوو کە بەلەمەکە بە جێیەکی باش لە رۆخ ئاوەکەدا بە جێ بهێڵن و شەو لەو دوورگەیەدا بەسەر ببەن و. مەمکۆڵەی بچووك بە خێرایی لە چاواندا بزر بوو. بەڵام مەمکۆڵەی ناوەڕاست هێشتا بەدیار نەکەوتبوو و لەناو دەریادا هیچ شتێك نەدەدیترا. هێشتاش هەتا چاو بڕی دەکرد بە هەر چوار لادا هەر ئاو بوو.

ئەو ماوەیەی راوچیان سەرقاڵی راوی سەگی دەریایی بوون. هەوا بە جۆرێکی هەستپێکراو گۆڕا. شەپۆڵەکان بەتاوترو توندتر بوون. ئاوێکی زۆر هێشتاش هەر بە هەمان ئاراستەی جاران شەپۆلی دەدا.

بەڵام ئاراستەی با گۆرا بوو. ئێستا بەلەمەکە زێتر لە جاران مەلەمەلی دەکردو تەکانی دەداو بەرزونەوی دەبۆوە.

بەڵام نیگەرانی و ترسی راوکەران پتر لە هەرشتێکی دیکە لە ئاسمان بوو. ئاسمان خەبەری چی دەدا! دیار نەبوو لە کوێوە زەڕاتی تەم ئاسا لە فڕیندا بوو و پەردەیەکی سپی بەسەر ئاسماندا دەدا، و وەك دوو کەڵی رەشی ئاگری جەنگەلێکی چڕ کە با دوور لە رووی زەمین بەرەو لایێکی راپێچەك دەدا، لە جووڵە دابوو، و ئەگەر چی ئەم پەردە تەنکەی هەور تەنیا کەمێك ئاسمانی دادەپۆشی و هیچ نارەحەتیەکی بۆ کەس دروست نە دەکرد، بەڵام دیسان راوچی روویان گرژ کردو ئەرگان بەسەرو سەکوتێکی ناقایلەوە تەماشای ئەم لاو ئەولای کردو لە ژێر لێوەوە گوتی:

- ئەمە لە کوێوە دەهێنیێ؟

ئێستا ئەوان بە تاو سەوڵیان لێدەداو بەرەو پێشەوە دەچوون و لەگەڵ هەر سەوڵ لێدانێکدا چاوەڕیی بەدیارکەوتنی زەویان دەکرد و بۆ ئەوان مەمکۆڵەی ناوەسراست باشترین و دڵنیاترین دوورگەیەکی ئەو سێ دوورگەیە بوو.

لەو کاتەدا ئاسمان شین و رووناك، تا هەتاویش جارێکی دیکە لەو لای دیکەی دەریاوە، ئەوەندە دوورو هیچ لێ چاوەڕێ نەکرابوو کە بڵێ ی لە دوورترین گۆشەی جیهان دایە، هەڵاتبوو. بە تەواوی دەکرا بەبێ گرفت سەیری هەتاو بکرێ.

هەتاو بە هێڵی رووناك و ئەرخەوانی بە خامۆشی دەگەڕاو لەو دوورابیە پڕ لە دوکەڵ و ئەرخەوانیەوە، بە شێوەیەکی نادیار سوور دەچۆوە. بەشێك لە ئاسمان بێگەردو رووناك بوو. جارێکی دیکە رووناکی و هێمنی باڵی بەسەر دنیادا کێشاوە. هەر ئەوەندە بەس بوو، ئالۆزی یەکسەر زیادی کردەوە.

راوچیانی ئێمەش لە دەریادا هەستیان بە ئەمینی ئیسراحەتی دوورگەکە دەکرد.

ئەرگان کە لە رۆخ کریسك دانیشتبوو. لە حاڵێکدا دڵی ئەوی دەداوە و ورەی دەدا بەر گوتی:

-کەمێ ئارامت هەبێ، دوورگەی مەمکۆلەی ناوەڕاست بەدەر دەکەوێ. گەنجەکە دەمێك بوو حەزی دەکرد قومێك ئاو بخواتەوە، سەرەنجام بەپێ ی هەمان سادەیی منداڵانەو چاودێری کردنی چەندو چوونی راسپاردەکەی بابی، رێگای لەم داواکاریەی گرت. باوکی دوێنی پێ ی گوتبوو کە لە کاتی گەشتی دەریادا ئاو خواردنەوە زۆر کەمە. نابێ لە ناو دەریادا وەك ماڵەوە ئاو بخورێتەوە. لە هەر سێ دوورگەدا ئاوی خواردنەوە نیە. نابێ باری زیاد بخرێتە ناو بەلەمەوە.

تەنیا کاتێ کە هەموو ئاو دەخۆنەوە، دەکرێ، ئاو بخورێتەوە لەو کاتەی کە ئاسمان ساف و رۆژ بە دەرکەوتەوە. نەوجەوانەکە میهرەبان ئەرگانی پیری هەست پێکردو بە زەردەخەنەیەکی پیاوانەوە.

و تەماشایەکی باوکی گوت:

- بابە گەورە! زۆر حەز دەکەم قومێ ئاو بخۆمەوە!

ئەرگان تێگەیشت، زەردەخەنەیەکی گرت و گوتی:

- ئەوجا جەندەش! دوای خواردنی جگەرێکی ئەوها عەجایب نیە.

ئاخر خۆ هەمووومان تینوومانەو حەز دەکەین ئاو بخوێنەوە!

ئەمرایین و میلگون لە جێگای خۆیانەوە. سەریان بۆ راستی قسەکە باداو و ئەمە کریسکی خۆشحالْ کرد، چونکە تێگەیشت نەك تەنیا ئەو بەڵکە هەموویان تینویانە.

- باشە چی دەکرێ، کەوایە دەمان تەڕ دەکەین و پاشان جگەرەیەکی بۆ دەکێشین! — ئەرگانی پیر ئەمەی گوت و سەوڵەکەی وەلاناو جەلیکانە ئاوی لە جانتای بەلەمەکە دەرهێناو بە دەستەوەی گرت، لە دواییدا ئاوەکەی لە لوولەی جلیکانەکە لە ناو چەمچەکەکرد. ئاوەکە ساردو سازگار بوو. لە کانیەکەی بەر سەگەبەڵەکیانەوە هێنابوو. ئەو ئاوە هەمیشە پاك و سازگارەی. هاوینان بۆن و بەرامەی گیاو گوڵ و زەوی شێداری لێدەهات. کریسك چەمچەکەی لە ژێر ئاوەکەی راگرتبوو زۆری حەز دەکرد بە خێرایی قومێ ئاو بخواتەوە. بەڵام کە نیوەی چەمچەکە پڕ ئاو بوو، ئەرگانی پیر بە تەپەدۆر سەری داخستەوە. ئەرگان بۆ کریسکی پێشنیار کرد:

- باشە، بخۆوە، لە دواییدا دەدەینە ئەوانی دی. — ئاگاداری کردەوە کە ئاوەکە نەرێژێ.

کریسك سەرەتا زۆر بە خۆشیەوە ئاوەکەی بەسەر بینەوە کرد بەڵام لە کۆتاییدا ئارامتر و لەم کاتەدا هەستی کرد کە ئاوەکە تامی تەختەی کێشاوەو تام خنکیش بووە.

ئەرگان پرسی:

- تێر ئاو بووی؟ - کوڕەکە وەڵامی داوە:

- بەڵێ.

ئەرگان گوتی:

- لە چاوەکانت ڕا دیارە کە تەواو تینوێتیت نەشکاوە ئێستا با ئەوهابێ. لە دوایی دا چۆڕێکی دیکەشت دەدەمێ.

پیرەمێردەکە ئاوی لە چەمەچەکەی دەست کریسك کردو گوتی:

- جگەر شتێکی باشە، ئەگەر ڕێگات بە وشکانی کەوتەوە، بە سەتڵ ئاو بخۆوە.

ئەوساکە ئەو ئاوێکی زۆری خواردەوە لەو کاتەدا پەی بە راستی ئەو قسەی پیرو بە ساڵاچوان برد کە دەڵێن: ئۆخەی کە سەر دڵم سووك بوو!

لە دواییدا ئەرگان بۆ هەر یەکێك لە سەولْ لێدەرەکان سێ تا چوار چەمچە ئاوی تێکرد.

کریسك خۆی چەمچە ئاوەکانی دەدانێ. هەر کە کوڕەکە تێر ئاو بوو، هیچ ناڕەزاییەکی نەبوو کە باوکی و میلگونیش ئەوەندەی بۆیان دەخورێتەوە ئاو بخۆنەوە. بەڵام ئەرگانی بە ساڵاچوو بە پێویستی زانی کە ئەم خاڵەی بۆ روون بکاتەوە کە بۆچی بۆ هەریەکێك لەوان سێ چوار چەمچە ئاوی تێکرد.

- تۆ هێشتا قەوارەی لەشت بچووکە. بەڵام سەیری ئەوان کە چ پەیکەرێکیان هەیە! کارەکەشیان گرانە. هەر کە سەوڵ لێ بدەی زووتر تینووت دەبێ.

لە راستیشا ئەو دووە یەکسەر چەمچە ئاوەکەیان خواردەوە و پێویست بوو دیسانەوە ئاوی دیکەیان بدرێتێ. ئەم جارە ئەرگان بە پێویستی زانی سەوڵ لێدەرەکان سەرزەنشت بکا.

- ئێوە، براینە! وانەزانن، لە دەم رووبار دانیشتوون!

ئەمرایین و میلگون لە وەڵامی ئەودا تەنیا زەردەخەنەیەکیان هاتێ. یەعنی تێگەیشتن. تینوومان بوو و نەمان توانی جڵەوی تینوەتیەکەمان بگرین.

بەڵام خودی ئەرگان کە بەشە ئاوی خۆی خواردەوە. سەرێکی باداو بە پێکەنینەوە گوتی:

- بەڵێ، خراپ نەبوو لە کەنار رووبارێکدا باین. بەراستی ئەم جگەرە خاوە شتێکی قورسە...

لە دوای ئەمەدا سەبیلەکەی پڕ کردەوە و دەستی بە سەبیل کێشان کرد کەوتە دوو کەڵ و کەیف کردن، لە حاڵێکدا بە بیری دانەدەهات کە هەرگیز جارێکی دیکە تام و چێژی ئەم خۆشی و کەیف کردنە نابینیتەوە.

کریسك یەکەم کەس بوو کە فەلاکەت باریەکەی دیت..

**********

پێش ئەمە، کاتێ کە هەموو تینووەتیان شکا. رازی و خۆشبەخت هەستیان بە خۆیان دەکرد، چەند دەقەیەکی زۆر هێمن بوو. یەکەم سەگی دەریایی ڕاوکرابوو، بە زوویی لە دوورگەکە ئیسراحەتێکیان لەبەر بوو بۆ بەیانیەکەش دەبوایە راوێکی دیکەی گیانلەبەرە دەرياییەکان بکەن. هەموو شتێك رێك بوو.

بەلەمەکە وەك پێشوو شەپۆلەکانی دەریایی شەق دەکردو بەرەو پێشەوە دەچوو. ئەرگان لە دواوەی بەلەمەکە دانیشتبوو و سەبیلەکەی دەکێشا و لەناو دالغە و خەیاڵاتی پەری دەریایی خۆیدا بوو، رێنمایی بەلەمەکەی دەکرد. ئەمرایین و میلگون بەبێ ئازارو فشارێك. بەئارامی و وردو جوان، بۆ خۆیان سەوڵیان لێدەدا. کریسك چاوی لە راوچیەکان بڕی بوو و چێژی وەردەگرت. ئەو لەم چرکە ساتانەدا بەپێ ی تەرزە خەسڵەتێکی منداڵانە هەر یەکێکیانی بە جیا هەڵدەسەنگاند و لە بارەی هەر یەکێکیانەوە بیری دەکردەوە.

ئەو نائاگایانە شەیدایان دەبوو شانازی بەوەوە  دەکرد کە لەم کاتانەدا لە رۆخ ئەواندا لەناو بەلەمەکە دانیشتووە.

کریسک نەیدەتوانی هیچ بیرێکی دیکەیان لێ بکاتەوە. ئەرگانی بەساڵاچوو. بە هەمان بەلغەبابەی هەڵپفماو ملی قیت و دەستی درێژ وەك رەگی ژێر خاك کەچ و کوڵ و چاوانی عاقڵ و فرمێسکاوی. هەمیشە دەبوو هەر ئەرگانی بە ساڵداچووبێ.

ئایا دەکرا جگە لەمە شتێکی دیکە بێ؟ ئایا ژیان بە بێ پیروبەساڵداچوان، بەبێ ئەو مرۆڤەی کە جێگای رێزی هەمووان بوو دەکرا مرۆڤ بژیە؟ ئەگەر وابا زۆر سەیردەبوو؟ داکی کریسك دەڵێ ئەو کت و مت باوکیەتی کە گەورە دەبێ مووبە موو دەچێتەوە سەربابی. چاوەکانی هەر چاوەکانی ئەو بوون وەك رەنگی بەڕوو قاوەییە. ددانەکانی تۆکمەو ساغ و سەلیم، رێك وەك ددانەکانی باوکی دوو ددانی پێشەوەی نەختێ کەروێشکانی هاتوون و بۆ پێشەوە هاتوون.

دایکی دەڵێ ریشی وەك ریشی باوکی رەش و زبرو پڕ دەبێ. بێ ئەسەل نیە باوکی بە ئەمراییني ریشۆ ناو دەبەن.

کە کریسك کەمێ بچووکتر بوو و رووت و قووت لەناو رووبادا مەلەی  دەکرد، دایکی ئەنیشکێکی لە خوشکەکەی خۆی دەداو پێ ی دەگوت: تەماشاکە، تەماشاکە، کت و مت ئەوە، وەك بلێ ی هەردوو خووشك کەسێکیان لە دلْدا گرتبێ و مەبەستیان یەك کەس بووبێ.

لە پێکەنینا خەریك بوو شەق ببەن و بۆ مەکرو شەیتانی کەوتنە پسکە پسك. دایکی دەیگوت کاتێ کە کریسك گەورەبوو. ئەگەر هاوسەرێکی وەك خۆی بە بەخت بێ. ئەوساکە هیچ خەم و خەفەتێکی نابێ. و دڵنیا دەبێ کە هاوسەرەکەی خۆشبەخت دەبێ. کریسك کەوتە بیرکردنەوەو بە خۆی گوت، دەبێ چ کەسێك بێ و چۆن خۆشبەت دەبێ؟ ئەگەر ئەو بە باوکی چوبێ هاوسەرەکەی چۆن خۆشبەخت دەبێ؟

ئەو کەسەی کە باسی کرا، واتە باوکی. ئەو کەسەیە کە لە پێشەوە دانیشتوەو سەوڵ لێدەدا، بەو سەروریشە رەش و ددانە سپیانەی، پیاوێکی چوار شانەو باوەڕ بە خۆبوو و بەردەوام خەسڵەتێکی جێگیری هەیە. کریسك بەبیری نایە باوکی هاواری بەسەردا کردبێ و یان وەك خەڵکی دیکە جگەر سۆزی لەگەڵدا بنوینێ و یان پارێزگاری لێ بکا. لە راستیدا چاوەکانی وەك بەرووی پێگەیشتوو، پاك و پڕ لە درەوشانەوە بوون.

لە دوای ئەوەوە لە کەنار ئەو دوو جووتە سەوڵەی دیکە، میلگون ئامۆزای باوکی دانیشتبوو کە دوو ساڵ لە باوکی بچووکترە. بێ هودە ناوی برای ئەویان لێناوە. ئەسلەت ریشی نیە و ئەوەی کە لە

دەم و چاویدا بەرچاو دەکەوێ، شتێکە وەك سمێڵی شێر ماسی.[9] خۆیشی هەر لە شێر ماسی دەچێ، ئەگەر شتێکی بە دڵ نەبێ.

عەجایب دەکەوێتە تۆژینەوەو درێژەدادڕی و زۆرگوتن. ناهێڵی هیچ کەسێك بیڕەنجێنێ. ڕۆژێکیان لەگەڵ بازرگانێکی کە تازە گەیشتبووەجێ بووە پێکدادانیان.

هەموو خزمەکانی ناچاربوون بۆ ڕازی کردنی کابرای بازرگان عوزر خوایی بکەن. بەڵام میلگون خۆی ئامادەی بیستنی ئەم قسانە نەبوو، بەو هەموو کورتە بنەیی و خریلەیی یەوە کە دەتگوت کۆتەڵەدارە، هاواری دەکردو دەیگوت، من ڕاستی نیشانی ئەم کابرایە دەدەم. خواردبوویەوەو مەست بوو. ئەو زۆری دەخواردەوە. چەند کەس لەوانە ئەمرایین دەیانویست دەست و پێی ببەستنەوە، بەڵام زۆر بەزەحمەت دەرەقەتی هاتن، دەڵێی ورچە هێندە بەهێزە. کریسك بە مامە میلگون بانگی دەکرد. زۆر برادەری باوکی بوو و هەمیشە پێکەوە دەچوونە ڕاوێ، لەبەر ئەمە هەرگیز دەردەسەریان بۆ یەکدی دروست نە دەکرد و هەردووکیان دوو ڕاوچی وەك یەك بە توانا بوون. کوڕی میلگون زۆر وردیلە بوو تازە پێ ی گرتبوو، بەڵام دوو کچەکەی گەورەتر بوون. کریسك نەیدەهێشت کەس بیانڕەنجێنێ. مەگەر کەسێك دەیوێرا کە دەستیان بۆ درێژ بکا. دایکی کریسك زۆری دڵ دابووە کچەکانی میلگون. زۆربەی کات ئەوان بۆ یاری کردن دەهاتنە کن پسوولەك.

بەڵام لە نێوان هەموو کچەکاندا. موزلوك لە هەمووان جوانتر بوو. بەداخەوە! دەڵێن کە ئەم کیژۆڵە گەورە بوو دەیدەنە یەکێك لە گەنجەکانی هاوسێیان. چەند باش بوو ئەگەر مرۆڤ لە پڕێك دەیگرت و ئیدی بە کەسی نەدەدا....

کریسك، لەوێ لە کەنار دەریا کەمتر بیری لەم شتانە دەکردەوە، بەڵام ئێستا لە دووری و دابڕان، هەموو شتێکی ئاسایی ماناو چەمکێکی خۆشەویستی ئامێزی وەرگرتبوو کە پێشتر ئەو لێ ی بێ ئاگابوو.

زۆر زۆری حەز دەکرد ئێستا لەماڵەوە با. لە پشت گردی سەگەبەڵەك و لەدەم ئاوی ناو دۆڵەکەو لە کەنار جەنگەل بایە، لەوێ کە هەوارگەی دێرینی نیوخیە دەم ئاو نشینەکانی نەوەی پەری دەریایی لێ بوو.

لەم وەختەدا ئەم ئارەزووی بۆ دیدەنی دایکی ئەوەندە لە ناخیدا هەڵچووبوو. دڵی خستنەژان. بەڵام ئەو لە ڕۆخ دەریا عەزیزەکەی خۆی. لە سەگەبەڵەکە عەزیزەکەی، کە هەموو دەم لە ڕۆخ دەریای

---

٩- ناوی ئاژەڵێکی دەریاییە.

ئەبەدی بە دوای کارەکانی خۆیدا ڕای دەکرد، زۆر دووربوو. کریسك هەتا ئاورێکی داوە تا لە ڕاستی ئەو بیرو ئەندێشانەی دڵنیابێ. و لەوسەرو بەندانەی کە چاوی بە دەوروبەریدا دەگێڕا شتێکی تەواو پێچەوانەو چاوەڕێ نەکراوی دیت.

لە ناوەڕاستی دەریادا دیوارێك لە تەمێکی چڕی خۆڵەمێشی کە دوو کچی پان و پێکەوە نووساو کە نزیکەی نیوەی لەبەر ئاسۆدا پان ببۆوە. بەرەو لای ئەوان نزیك دەبۆوە. تەم ئاشکراو بەتاو و لە شێوەی شەپۆلان دا بەسەر رووی شینی ئاوەوە نزیك دەبۆوەو بەردەوام تەواوی ئاسمان و دەوروپشتی خۆی دادەگرتەوە. تەم لە شێوەی گیانلەبەرێکی زیندوو. وەك دێوێك کە ئامانجی هەڵلوشینی ئەوان و بەلەمەکەیان و هەموو شوێنێکی دیارو نادیاربێ، نزیك دەبۆوە، تەم بە تایبەتی لە لایەکەوە نزیك دەبۆوە کە کریسك پێشتر لە هەمان لادا شتێکی نادیار، تەمێکی چڕی خۆڵەمێشی لە ناوەڕاستی دەریادا دیتبوو و وایزانی بوو کە دوورگەیە، ئێستا "با" ئەم کۆمەڵە تەم و مژەی کە هەردەم لەبەرچاو گەورەتر دەبوو، زێتر گەورە دەکرد بە کش و ماتی و بە خێرایی بەرەو ئەوانی رادەماڵی. کریسك بە تۆقینێکەوە هاواری کرد:

- سەیری سەیری! تەماشاکەن!

هەموویان دەستە پاچە بوون. بەلەمەکە کە دەمێك بوو بەبێ ڕابەری وەستابوو، بەسەر شەپۆلانەوە سەمای دەکرد. و لە هەمان کاتدا شڵپ و هۆڕی ترسناکی شەپۆلی گەورە لە پشت پەردەی تەمەوە دەگەیشتە گوێ. شەپۆل لەگەڵ هاژەی بەردەوام زیادبوونی دەریای یاخی بوو هەڵدەچوو و هەردەم گەورەتر و پتر دەبوو و دەنیشتەوە.

ئەرگان بە قەهرو نائومێدیەوە هاواری کرد:

- سەری بەلەمەکە وەچەرخێننەوە، بیگەڕێننەوە.

هەر کە سەوڵ لێدەرەکان سەری بەلەمەکەیان لە رووی شەپۆلەکان سووڕاندەوە، هێندەی نەمابوو کە یەکەمین زەبری تۆفان بەلەمەکە وەربگێڕێ. شەپۆلەکە ڕۆیشت و تێپەڕی و لە دوای ئەوەدا یاخی بوون و هار بوونی دەریا زێدەتر بوو و لە هەمان کاتدا تەم و مژەکەشیان گەیشتەسەر. ئەوساکە تەمێك کە لە پێشیانەوە بەرەو روویان دەخزی و لێیان نزیك دەبۆوە هێندەی نەمابوو بیانگاتێ، بە ئاشکرایی دەدیترا کە ئەم هەموو تەمە زۆرو تاریك و شەپۆلاویە بە چ جۆرە شکۆیەکی خەماوی و پەتك بچڕێنی و خۆڕاگریەکی شوم و مەرگبارەوە بۆ پێشەوە دەهات.

ئەرگان تەنیا توانی هاواربکا:

- شوێنی هەڵکردنی بایەکەتان لەبیر نەچێ! شوێنی هەڵکردنی باتان لەبیر بێ!

بەجارێك هەموو شتێك لەناو تەمێكی ئەستورو تاریكدا نقوم ون بوو. ئەم وەك هەرەسێك كە بەسەر سەری ئەواندا ڕوا ئەوانی لەناو گەرداوێكی تاریك دا دەشێردەوە. بەجارێك و لەیەك چاوتروكاندا ئەوان لە جیهانێكەوە كەوتنە ناو جیهانێكی دیكەوە، هەموو شتێك بەرەو نەمان چووبوو. لەم چركەوە نە ئاسمان لە شوێنی خۆیدا مابوو نە دەریا و نە بەلەمێش لە شوێنی خۆیاندا مابوون. ئەوان دەم چاوی یەكدیشیان لێك جیا نەدەكردەوە. لەم چركەساتەوە بە دواوە ئارام و پشوویان لەبەر هەڵگیرا و مانای ئیسراحەتیان نەدەزانی. دەریا لە گێژاو و هەڵچوندا بوو جارێك بەلەمەكەی بەرز دەكردەوەو جارێكی دیكە نەوی دەكردەوە، جارێك لە پڕ و بەخێرایی بەرزی دەكردەوەو دەمێك لەو گێژاوەی كە لە نێوان شەپۆلەكاندا پەیدا دەبوو، دەهاویشت. لەئەنجامی پڕژانی ئاو و ڕشێنی شەپۆلەكان جل و بەرگەكانیان تەڕو سەنگین ببوو.

بەڵام گەورەترین كارەسات ئەوەبوو كە لە نێو ئەو تەمە ئەستووەدا بەلەمەوانەكان هیچ شتێكیان لە دەووروبەری خۆیاندا نەدەدیت نەیاندەتوانی تێبگەن كە لە ناو دەریادا چی ڕوودەدا و چ ڕێگاو پلانێك بگرنەبەر. تەنیا یەك ڕێگا لەبەرئەوان دامابوو. ئەویش ئەوەبوو كە كوێرانەو بە تەمای خوا هەوڵ بدەن و بەهەر جۆرێك بووەو چۆنی بۆیان دەكرا بەلەمەكە بەسەر ئاوەكەوە ڕاگرن و نەهێڵن قلْپ بێتەوە. ئێستا ئیدی قسەیەك لەمەڕ لێخۆڕینی بەلەمەكەوە بۆ ئامانجێكی دیاریكراو لە نێواندا نیە.

شەپۆل بەلەمەكەیان بەپێ ی ئارەزووی نادیاری خۆیان بەرەو خاڵێكی نادیار بە كێش دەهێناو نەدەزانرا تا چ كاتێك ئەم بارە ناهەمواره درێژە دەكێشێ.

كریسك بەر لە ئێستا بیستبووی كە لە ڕابردوودا ڕوویداوە ڕاوچیان تووشیان بە تووشی لافاوی دەریایی بووەو سەریان تێدا چووەو بنبوو بوون.

لەم بارانەدا ژنان و پیاوان چەندان شەو ڕۆژان لەبەرزایی گردی سەگەبەڵەكدا بە ئومێدێكی ئاوێتە بەبێ ئومێدی، ئاگرە شینەیان دەكردەوە: تا بەڵكە ئەمە خوایەو سوراغێكیان پەیدابێ.

بەڵام ئەو لەم چركەساتانەدا تەنانەت نەیدەتوانی مەزەندە بكا كە ئەو ڕووداوە ناخۆشەی گیان سپاردن لە دەریایی بێ سنوور تا چ ئەندازەیەك ترسناك و تاقەت پڕوكێنە بەتایبەتی ئەوەی كە نەیدەتوانی بیری لێبكەنەوە، كە ئەم هەموو تەمە بێ ئازارو تازە گەیشتووە خامۆشانەی وەرزی زستان كە پەیدابوونیانی ئەوەندە لە كن ئازیز بوو، دەتوانن كاتێك جیهان لە كپی یەكی دڵدەرەوەی تەلیسماوی و لە سەرابێكی سەرتاپا سپی داپۆشرابوو. زەمانێك بوونەوەرەكانی سەرزەوی گوایا لە ئاسماندا لە فڕیندا بوون و زۆر خەیاڵاوی لە هەوادا كپ بوونەتەوە، كاتێ كە دڵەكان چاوەڕێ ی ڕوئیایەكی ئەفسانەیی سەراوڕێژ لە سستی و خاویەكی خۆش و نادیار دەكەن.

بەڵێ ئەم تەمانە دەتوانن لە هەموو شوێنیکدا ببن بە دوژمنانێکی ئەوها بێ بەزە. کۆمەڵێ تەمی ڕەش لە کاتێکدا تاویان دەهێنا، دەخزین و پەراگەندە دەبوون و دووبارەی فشاریان بۆ ناو یەك دەبردەوەو بەسەر دەریا هەڵچوو تۆفانیەکەدا مەلەیان دەکرد، پێچولولی خزینی ماریان دەهێناوە یادی مرۆڤ.

کریسك کەبەسەر جێگاکەیەوە بزمارکوت بەند ببوو، سەراپان گیانی پەشۆکابوو لە ترسان هەترەشی ڕژابوو بە قاچەکانی ئەرگانی پیرەوە نووسابوو.

ئەرگانی پیر سەری بردە بناگوێ ی هاواری کرد:

- تۆ من توند بگرە! توندم بگرە!

ئەرگان لەمە زێتر نەیتوانی شتێکی دیکە بە کوڕەکە بڵێ و یان شتێکی بۆ بکا. هیچ یەکێك لەوان نەیدەتوانی کە چارەنووسی ئەو باشتر بکا. چونکە ماڵ و باری هەموویان لەبەرانبەر ئەم تووڕەبوونەی سرووشت یەکسان بوو. ئەگەر هاتوو کریسك بشگریابا و هاوری کردباو بانگی باوکیشی بکردبا ئەمرایین لە جی ی خۆی نەدەجوولاوە، چونکە بەلەمەکە تەنیا لەبەر ئەوە لەسەر ئاو ڕاوەستابوو کە ئەوو میلگون لەگەڵ پێشبینی جووڵەی شەپۆلەکاندا بێ ئومێدانە بە سەوڵ پارسەنگی بەلەمەکەیان دەپاراست. بەڵام شەپۆڵەکان بەردەوان بەلەمەکەیان بەرەو تاریکی تەمە ئەستورەکە بە کێش دەکرد. ئەرگان هەوڵی دەدا سوود لە سەولەکانی بەلەمەکە وەرگرێ و بەلەمەکە بۆ لایەك ڕێنمایی بکا. بەڵام هەرچەندەی بەرەو پێشەوە دەچوون، ئەوەندە زیاتر وروژمی شەپۆلەکان بەتاوتر دەبوو.

ڕەنگە شەو لە نیوەی ڕەتی دابوو. لەم تەمە ئەستوورەدا توانای لێککردنەوەی شەو ورۆژ کارێکی گران بوو. ئەوان تەنیا لە تاریك و تنۆکیەکی ئەنگوستەچاودا دەیانتوانی هاتنی شەو ورۆژ مەزەندبکەن. دەمێك بوو لەم تاریکیەدا ئەم نەبەردە بەردەوام و نابەرانبەرو تاقەت پروکێنە کە وەبگرە ئومێدی باشەی تێدا نەدەدیترا، بەردەوام بوو لەگەڵ ئەوەی ئەم بەلەمەوانانە بەرگریان دەکردو بەهەر حاڵ ئومێدەوار بوون کە ڕەنگە دەریا هەر بەو جۆرە چاوەڕێ نەکراوەی دەستی بە تۆفان و هەڵچوون کرد،ئەوهاش ئارام ببێتەوە، تەمەکە بڕەوێتەوە، ئەوساکە ئەوان دەتوانن بیرلە ئایندەی خۆیان بکەنەوە. بە جارێك خەریك بوو ئەم ئومێدەیان بە ڕاستیەوە پەیوەنددەبوو. کاتێك وەك بڵێ ی لافاو کەمی کرد، بەلەمەکە لە بەلاداهاتن بەم لاو ئەو لادا وەستا پرژان و شڵپەشڵپی ئاویش ئارامی گرت. بەڵام تاریکی هەمان تاریکی تەمە ڕەشەش و شینەکە هەموو جێگایەکی داگرتبوو. بۆ یەکەمین جار ئەرگان بەسەر هاش و هۆشی دەریادا زاڵ بوو هاواری کرد:

- ئەوە منم، کریسك گوێت لێمە؟ کریسك لەگەڵ منی؟
- ئەمرایین بە دەنگی کەرخەوە گوتی:
- گوێما لێتە! ئێمە هەموومان لەسەر جێگای خۆمانین!
ئەرگان بە هات و هاوارەوە پرسی:
- کێ ئاراستەی بای لەبیر ماوە؟
میلگون بە توڕەبییەوە وەڵامی دایەوە:
- بە کەڵکی چی دێ؟
پیرەمێردەکە خامۆش بۆوە. لە راستیشدا زانینی ئاراستەی با بۆ ئەوان سوودێکی نەبوو. مەزەندە کردنی ئەوەی کە بائەوانی بۆ کوێ راداوەو لە کوێنە. دوورن یا نزیکن لەو دوورگانەی کە دەکرا بۆ دۆزینەوەی ئاراستەیەکی کە ئەوان دەیانوویست کۆمەك بکا. کارێکی سەخت و ئالۆز بوو چەندی بڵێ ی دەکرا با ئەوانی بۆ دوور ڕادابێ کە ئەوان هەرگیز نەتوانن دوورگەکانی سێ مەمکۆلەی خۆیان بدۆزنەوە و ئەرگانی پیر لە ژێر فشاری تاریکی و تەلەکانی بەلەمدا بێدەنگی هەڵبژاردبوو، لەبیرکردنەوەیەکی قوڵدا رۆچووبوو. بە مەزەندە بە تێپەڕین لە کەناری دوورگەکانەوە. لە ترسی پێکهاتنیان لەگەڵ گا بەردەکانی کەنار دوورگەکان و تێکشکانی بەلەمەکەیان رەها ببوون و ئەمە هەمان شتەکە دەتوانرێ ناوی تەنیا شانسی لێ بنرێ. بەڵام بەبێ دوورگەو بەبێ ئەستێرە. لەو شەوە تاریك و تەماوەیەدا هیچ شتێکی دیکە بۆ دیاری کردنی ئاراستە لە ئارادا نەبوو.
ئەرگان دەمی لە گۆکەوتبوو، بەڵام هەر چۆنی بوو دوای ماوەیەك هاواری کرد،
- کە سەری بەلەمەکەمان وەرچەرخاند، با لە لای باشووری رۆژهەڵاتدا بوو.
کەس وەڵامی نەداوە. ئەوانی دیکە حاڵی وەڵامدانەوەیان نەبوو. جارێکی دیکە ئەرگان بێدەنگ بۆوە. لە حاڵێکدا کریسك خۆی بە قاچەکانی ئەوەوە نووساندبوو. سەراپای دەلەرزی. ئەو جارە ئەرگان فەرماندەرانە بە سەوڵ لێدەرەکانی گوت:
- ئێوە ئاگاتان لە بارو وەعزەکە بێ. من و کریسك ئاوی ناو بەلەمەکە دەردەدەین!
ئەو بۆلای کریسك داهاتەوەو لە تاریکیدا دەستی بەسەرو رووی ئەودا هێناو لەوە دڵنیابوو کە منداڵەکە سەلامەتەو مەزەرەتێکی پێ نەگەیشتوە.

- کریسك، مەترسە، وەرە با ئاوی ناو بەلەمەکەمان دەردەینە دەرەوە. بەبێ ئەمە کارەکەمان خراپ دەبێ. لە جامولکەیەکمان زێتر نیە. ئەویش لەوێیە من بادیەکەم[10] دیتەوە تۆش وەرە ئەو چەمچە بگرە. هەر چۆنی بێ لە هیچ باشترە....

ها گرتت یان نا؟ دەڵێم چەمچەکە بگرە...

- بابە گەورە، گرتومە. ئەم بارە زۆر درێژە دەکێشێ؟

من دەترسێم.

ئەرگانی بە ساڵدا چوو گوتی:

- منیش ترسم لی ێنیشتووە. بەڵام ئێمە پیاوین و دەبێ بۆ راهاتن لەگەڵ ژیان ئامادەی ئەم جۆرە رووداوانە بین.

- بابە گەورە، نقوم نابین؟

نقوم نابین. ئەگەر نقومیش بووین، دیارە چارەنووسمان وابووە. بەڵام هەنوکە بە دەستێك بمگرە و بە دەستەکەی دیکەت ئاوی ناو بەلەمەکە دەردە.

باش بوو کە ئەرگان لە کاتێکی باشدا ئەوەی بەبیر داهات و ئەوان لەگەڵ سوود وەرگرتن لە پشوودانێکی کورتوو هەناسەوەرگرتنێك توانیان ئەو ئاوەی کە لە ناو بەلەمەکە کۆ ببۆوە. دەردەنەدەرێ. ئەرگان ئاگاداری کریسکی کردەوە کە ئاگای لی جلیکانە بچووکەکە بێ ئەو جلیکانەی کە بە رۆژ ئاویان لی ێخواردبۆوە. ئەو ئەو جەلیکانەی بە دەستەوە گرت و گوتی:

- کریسك، ئەمە جلیکانە ئاوەکەمانە. دەستێکی لێدە.

هەرشتێك روو بدا ئەمەت لەبیر نەچێ، باش ئاگات لەم جەلیکانە بێ، ئاگاداری بی، لە باوەشی بگرە. بەری نەدەی.

هەمومان بمرین باشترە لەوەی ئەم جەلیکانە ئاوە شتێکی لێ بێ و بێ ئاو بمێنینەوە، تێگەیشتی چیم گوت؟ گوێت لێ بوو؟ پشت بە کەس مەبەستە....

باش بوو کە ئەم شتەی زانی و لە کاتی خۆیدا کورپژگەکەی لەمەئاگادار کردەوە، چونکە بە خێرایی ئەنجامی ئەم دوور ئەندێشەی ئەو ئاشکرا بوو.

لافاو کەمێك نیشتبۆوە، جارێکی دیکە هەڵساوە. و ئەم جارەیان رێك بە سوود وەرگرتن لە شەوداهاتن و لاوازی مرۆڤەکانی کە لە ناو ئەو تەمە ئەستوور و تاریکەدا هیچیان نەدەدیت، بە قین و

---

١٠- بادیە: جام

توڕەیی و تاوو گوڕێکی پتر دەستی پێکردەوە. و ئەمجارە شەپۆلەکان بە تووڕەیی و ورژمی نوێ وە، ڕێك وەك بڵێی تۆڵەی ئەو چەند چرکە ساتە بکاتەوە کە تێیدا نیشتبۆوە. جۆش و خرۆشی گرتەوە. بەلەمەکە لە ئەنجامی شەپۆلە نادیارەکان چەرخەلەی دەداو بە دەوری خۆیدا پێچی دەخواردەوە و لە هەموو لایەکەوە ببووە نیشانەی زەبری بێ بەزەییانەو لەرزینەوەی شەپۆلەکان. ئاو دەرژا ناو بەلەمەکەوە. بەلەمەکە پڕ ئاو ببوو، بەرە بەرە دەنیشتە ناو دەریا، ئەرگان کە لەسەر ئەژنۆیان دانیشتبوو بە هەموو توانای هەوڵی دەدا بە چەمچە ئاوی ناو بەلەمەکە دەربدا. بێ سوود بوو ئەو جارە سەوڵ لێدەرەکان بەرق و نیگەرانیەوە هاواریان کرد:

– هەر شتێکی لەناو بەلەمەکەدایە فڕێ دەنە دەرەوە! نقوم دەبین، فڕێیاندەنە دەرێ!

کریسك لە ترسان یەك بە خۆی دەگریا بەڵام کەس گوێ ی لە دەنگی ئەو نەبوو، ئەسڵەن هەرکەس بیری لەو نە دەکردەوە. کوڕەکە لە بەشی دواوەی بەلەمەکە لە گۆشەیەکدا خزاندبوو. توند جەلیکانە ئاوەکەی گرتبوو. ئەو بەسەر لاتەنیشتیدا کەوتبووە سەر جلیکانە ئاوەکەو لە تاو پەشێوی و ترس و لەرزی خۆی بێ حال بوو. ئەو قسەکانی بابە گەورەی لەیاد بوو کە پێ ی گوتبوو هەرشتێك کە رووبدا، گرنگ پاراستنی ئەم جەلیکانە ئاوەیە. ئەو هەستی  دەکرد کە نقوم دەبن. بەڵام بە هەر شێوەیەك ئەو وەسیەت و راسپاردەکەی ئەوی کە پاراستنی جەلیکانە ئاوەکە بوو. بە هەند هەڵگرتبوو.

رزگارکردنی خێرای بەلەمەکە کارێکی گرنگ بوو پەیوەندی بە ژیانی ئەوانەوە بوو. میلگون وەك شێتان سەوڵی لێدەدا و بە هەموو هێزی خۆی هەوڵی دەدا کارێك بکا تا بەلەمەکە سەراو نخون نەبێ و ئەرگان و ئەمرایین لە لایەکی دیکەوە هەرشتێکی لەناو بەلەمەکەدا بوو فڕێیان دا ناو دەریاوە. چارەیەکی دیکە نەبوو. هەردوو تفەنگ کلافەی رێسمان و تێکڕایی شتەکانی دیکەو تا بە قۆریەکەی ئەرگانیش رادەگا فڕینەئاسمان و رژانە ناو دەریاوە. لە هەمووی ناخۆشتر لاشەی سەگە دەریاییەکە بوو کە تا بڵێ ی تەڕو سەنگین و لووس بوو و لەناو دەستان گیر نەدەبوو. دەبووایە لە ناو بەلەمەکەوە بەرز بکرێتەوە تا سەر لێواری بەلەمەکەو فڕێ بدرێتە ناو دەریاوە.

ئەو نێچیرەی کە لەو هەموو دوورەوە بۆی هاتبوون لەبەرخاتری ئەو روویان لەو دوورگە چۆڵ و بێ سەر نشینانە کردبوو. ئەوا دەبێ بەناچاری فڕێ ی دەن. ئەوان بە دەنگێکی گیراوەوە هەرچی خراپ بوو بە دەمیاندا دەهات و نەفرەتیان بۆ زەوی و ئاسمان دەنارد و بە کۆڵێك زەحمەتیەوە ئەو لاشەیان لە گۆشەیەکی تەسکی بەلەمەکەوە بۆ سەر لێواری بەلەمەکە بەرز کردەوە و سەرەنجام فڕێیان دا ناو دەریا. هەتا لەو سەر لێتیکچوون و جەنگە ترسناکەی لەگەڵ لافاو دا هەستی پێدەکرا. بە خاڵی بوونی

بەلەمەکە لە لاشەی سەگەدەریاییەکە باری سووك بوو و هەناسەیەکی رحەتی هەڵکشا. ئای کە ئەم کارە چەندە بووە هۆی رزگارکردنی ئەوان و نقوومنەبوونی بەلەمەکە.

***

ئەرگان یەکەم کەسێك بوو کە بە هۆش هاتەوە، ئەو لە فەزایە بێ رەنگ و خالی لە ژیانە نەی توانی بزانێ لە کوێیەو ئەم دەوروبەرە بێ جووڵەو تەماوی و تاریکە یانی چی. هەور هەموو جێگایەکی داگرتبوو.

تەمەکە ئەستوورو گەورە، خامۆش و خۆڕاگر و تەنیاو بێ هاوکار سەر ئۆقیانووسەکەی داگرتبوو و لەکپی سڕیەکی گەورەدا رۆچوو بوو.

کاتێ چاو تا ڕادەیەك توانای دیتنی پەیداکرد. ئەرگانی بەساڵاچوو لە نێوان ئەو تەمە ئەستوورە بەلەم و هاوڕێیەکانی خۆی لێ بەدیارکەوت.

ئەمراپین و میلگون لە جێگای خۆیاندا لە کەنار سەوڵەکانیاندا کەوتبوون هەموویان ماندو و شەکەت تا سەر لێواری قەبر لە دەست گەرداوی شەوانە. بە شێوەیەکی عەجیب و غەریب درێژبووبوون. دەتگوت تازە لەو جێگایەدا لە ئەنجامی شەرێکدا کوژراون. و تەنیا لە پرخە پرخی ناو ناوەیان دەزانرا کە ئەوان زیندوون. کریسك لە حاڵێکدا پێیەکانی خۆی هەڵکێشابوو و لە تەنیشت جلیکانە ئاوەکەدا خەو بردبوویەوە. ئەو بە دەم خەوەوە لەسەرمان و زۆری شێ ی هەوادا دەلەرزی. ئەرگان دڵی پێ ی سووتا. بەڵام هیچی لە دەست نەدەهات. ئەرگان لە حاڵێکدا هێشتا لە ئەنجامی رووداوە وڕکەرەکەی شەوی رابردوو کە بەسەریان داهاتبوو. بە هۆش نەهاتبۆوە. لەسەر لێواری بەلەمەکە بە حاڵێکدا بەسەرو قژە سپیەکەی خۆیەوە کە لەبەرە خۆی نابوو، دانیشت. هەموو گیانی دەیزریکاندو دەیزیڕاند. دەستە درێژو خوار و خێچەکانی وەك قامچی شۆڕ ببوونەوە. پیرەمێردە زۆری رووداو و بەدبەختی و ئەزموون لە ژیاندا دیتبوو. بەڵام ئەو یەك لەبارە خۆی. لە ژیانی خۆیدا بەبیری نەدەهات.

رووداوێکی وا بێ بەزەییانەی بەسەر هاتبێ ئەو نەیدەتوانی لەوەبگا ئێستا لە کوێن و لافاو و گەرداو بۆ کوێی هەڵداون. چەندە لە وشکانی دوورن. لەناو دەریاوان یان لەناو ئۆقیانووس تا بەوە دەگەیشت کە نەیدەتوانی بزانێ سەعات چەندە لەم هەل و مەرج و حەلەدا بە هەموو مانایەك تاریك و تەماوییەدا نەدەکرا شەو و رۆژ لێك جیا بکرێتەوە بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە گەرداو لافاوی دەریا سپێدەدەمان دەنیشێتەوە، ئەگەری زۆری رۆژ و بەتایبەتی دوای نیوەڕۆ دەکرا.

ئەگەر چی لەوەی بە موعجیزە رزگاریان ببوو، ئەرگان زۆر خۆشحاڵ بوو، بەڵام هەرچی و چۆنێکی بێ هۆی بیرکردنەوەو چوونە ناو خەیاڵاتی هەبوو. ئەوان دارو نەداری خۆیان، تا بە تفەنگەکەیانەوە کە

لە بازرگانێکی گەرۆك بەسەد پێستە سمۆرە وەریان گرتبوو، لە دەستدا ئێستا لەم بەلەمەکەدا خۆیان و دوو جووت سەوڵ و یەك جەلیکانە ئاوی خواردنەوە چ چارەنووسێ چاوەڕێیان بوو؟

هەڵبەتە کاتێ ئەوان. ئەوانی دیکە لە خەو بێدار بوونەوە. هەموویان بیریان لەمە دەکردەوە کە سەرەنجام چیەو چی دەبێ؟ دەبێ لە دەهاتووچی بکرێ؟ بەڵام کێ دەتوانێ بڵێ کە بە چ ئاراستەیەکی بادا بۆی بڕۆن؟ ئەمە یەکەم. و بەڵام دووەم. ئەگەر تا هاتنی ئەو ددان بە خۆیاندا بگرن و ئەوە ئەگەر هاتوو ئاسمان سامالْ بێ. دەکرێ بە یارمەتیی ئەستێرەکان و هەوڵێکی زۆرەوە رێگاو ئاراستەی خۆیان دیار بکەن. بەڵام چ رێگایەکی دوورو درێژیان لەبەر دەبوو؟ و بۆ ئەم کارە چەندە کات و هێزو توانا پێویستە؟ ئایا ئەوان دەتوانن خۆیان راگرن؟

لە تەم تومان مەپرسی و ئەویش چ تەم توماتێك؟ ئەوەندە ئەستورو بێ جووڵە، بەسەر سنگی دەریادا چۆکی دادابوو کە دەتگوت ئەم شوێنەی بۆ هەتا هەتایە بۆ خۆی قۆرخ کردووە.

ئایا جێگاکانی دیکەش هەر وانە؟ و ئایا لە راستی هەموو جیهان لە ژێر باری سەنگینی تەمێکی وا گراندا کەوتوە؟

ئەرگان حەزی لێ بوو سەبیلێك بکێشێ و ئاوێك بخواتەوە. بەڵام نارەحەتی لەمەڕ سەبیل کێشانەکەی هێندەی نەخایاند. چونکە ئەو تووتنەی کە پیرەمێردەکە هەیبوو بە تەواوی تەڕ ببوو، سەبیلەکەشی لە گۆشەیەك کەوتبوو. بەڵام ئاوو خۆراك چی؟ ئەرگان نەیدەوێرا لەم بارەوە بیربکاتەوە. دەکرا ددان بە خۆی دابگرێ بیری لێ نەکاتەوە.

ئارامی تەواو بە دەریاوە دەدیترا و شەپۆلێك بەرچاو نەدەکەوت. بەلەمەکە بە ئارامی لە جێگای خۆی دەجووڵاوە. نەبەرەو لایەك بەکێش دەهات و نە بۆ لایەك دەچوو. سەوڵەکان کە بەسەر ئاوەکەوە بوون. خۆی سەرئاوکەوتبوو. هەڵبەتە حالْ و باری ئەمراپین و میلگون هی دەرك کردن بوو. ئەم دووە ئەوەندە ماندووشەکەت بوون کە ئیدی بڕشتی ئەوەیان نەبوو سەوڵەکان بۆ سەر لێواری بەلەمەکە بەرزکەنەوە و وەك بڵێی لە خەوێکی ئەبەدی دابوون.

لە ئارامی و کپیەکی موتڵەقدا هەموو شتێك لەناو تەمێکی ئەستووردا بێ جوولەو مردووبوو. دەریا، تەم و بەلەم هەموویان بێ جووڵە بوون چ پەڵەیەکیان کردبا... ئامانجێك لە پێش نەبوو تا بەرەو ئەوێ بچن....

پیرەمێردە بە خەفەتەوە هەڵتروشکابوو و خەو دەیبردەوەو تەنیا کاتێ کریسك بێداری کردەوە بە خۆهاتەوە. کریسك رای تەکاند و پێ ی گوت: - بابە گەورە. بابە گەورە! تینومانە. حەز دەکەین چۆڕێ ئاو بخۆینەوە..

ئەرگان لە خەوەکەی راچەنی و سەیری کرد کە سێ کەسی دیکەی هاوهۆزەکەی چاوەڕێ بڕیارو دەستوورێکی ئەون، چونکە ئەو ریش سپی ئەوان بوو. پیرەمێردە تێگەیشت کە ترسناکترین چرکەسات، یەعنی کاتی دابەشکردنی ئاو هاتووە...

تەم هەروەك خۆی ئەستوورەو بێ جووڵە بوو.. دەریاش تەواو ئارام ببۆوە...

***

بە درێژایی رۆژەکە ئەوان بەبێ پەلەکردن، بەبێ ئامانج و بەبێ ئەوەی بزانن بەرەو کوێ دەچن. لەناو تەمە ئەستوورەکەدا بەسەر دەریاوە بە خۆ و بەلەمەوە دەخولانەوە.

دوای ئەوەی ئەوان بە خۆهاتنەوە و تێگەیشتن ئەوان لە چ بارێکدان. ئیدی وەستان لە هیچ جێگایەك پێویستی نە دەکرد. ئەوان هەر بە سەردەریاوە بۆی دەجووڵانەوە. رەنگە لە وشکانی نزیك و رەنگیشە بە پێچەوانەوە، لێ ی دوور دەکەوتنەوە.

بەڵام بە هەر حاڵ لێکدانەوەی هەڵە لەمەر بەرەو پێشەوەچوونیان هەبوو.

هەموو ئومێدێکیان بەمەوە بەندبوو کە لەگەڵ رەوینەوەی تەمەکە هەموو شتێك روون دەبێتەوە.

بەهەر حاڵ زۆر لەوانەیە شەو هەور بڕەوێتەوەو ئەستێرە بەدەرکەون. پێشی هەموو شتێك دەبوو سوود لە ئەستێران وەربگیرێ.

ئومێدێکی دیکەش هەبوو و ئەویش ئەمە بوو کە دوورگەیەکیان لێ بەدەرکەوێ و لەو دوورگەوە دیارکردنی ئاڕاستەو دۆزینەوەی ئاسانتربێ.

بەم جۆرە ئەوان لەم کاتەدا بەرەو خاڵێکی نادیار، و لە تەمێکی ئەستووردا بەسەر پشتی دەریاوە بوون.

لەگەڵ ئەمەشدا ئەرگان فرمانی دا، کە جۆرە رێکخستن و دەستوورێك بەرقەرار بکەن. هەر هەموو ئەو ئاوانەی کە لە تەپڵی بنی بەلەمەکەدا مابۆوە، دەریاندا دەرێ تا ژێر پێیەکانیان چیدی شڵپە شڵپ نەکا.

پیرەمێردە کریسکی لە نزیکە خۆی لە دواوەی بەلەمەکەدا دانا تا کوڕەکە لە تەنیشت ئەو گەرمی بێتەوە و جل و بەرگەکەشی وشك بێتەوە. لە دواییدا بە یەکسانی ئاوی بەسەردا بەشکردن.

سەرەتا هەریەکەو سێ چوار چەمچە ئاوی دانێ. دوای ئەو شەوە لافاوو گەرداوە پێویست بوو هەر نەبێ بۆ جارێکیش بێ تێر ئاو بخۆنەوە. بەڵام ئەرگان ئاگاداری کردنەوە کە لەمەودوا هەر کاتێکی ئەو بە پێویستی زانی ئەوا ئاو دەخۆنەوە و ئەویش ئەوەندەی کە ئەو بڕیاری دابەشکردنی دەداو بۆیان

تێدەکا. لەگەڵ ئەم قسانەیدا بۆ ئیقناعکردنی زێتریان جەلیکانەکەی ڕاشەقاند کە نیوەیەکی خاڵی بوو.

خۆشحاڵیەکی لە پریان بۆ پەیدا ببوو. بەم مانایەی کە وەختی دابەشکردنی ئاویان دەست پێکرد. بەرێکەوت لە پشت جەلیکانە ئاوەکەدا، لە دواوەی بەلەمەکەدا و لە ژێر شوێن دانیشتنەکەوە، هەنبانەیەکی پڕ لە ماسی وشك کراویان دۆزیەوە. جانتای گەورەیان لەگەڵ خۆراك و شتەکانی دیکەیان فرێدابووە دەریاوە. بەڵام ئەم هەمبانەکە هاوسەری میلگون بۆ تیسووبەرەی ڕێگا شتەهایەکی تێ کردبوو، بەرێکەوت لەوێ مابوو، چونکە لە ژێر تەختی دانیشتن و پشت جەلیکانە ئاوەکە ببووو کریسکیش داوای لێکرابوو بە هەر نرخێك بێ بیپارێزێ. لە راستیدا ئەوهامبانە پڕاو پڕ لە ئاوی دەریاببوو و ماسیەووشکەکان بەبێ سوێری و خوێ ئەوەندەی سوێری ئاوی دەریا وەرگرتبوو کە رەنگ نەبوو لە زمانی نزیك کەیەوە. بەڵام بەهەرحاڵ ئەمەش هەر نەبێ خۆراکێك بوو، و ئەگەر ئاوێکی مشەیان پێبا و تێر بە سکی خۆیان لیٚ خواردباوە. ئەم ماسیە وشك و سوێرانەش بە تەواوی بە کەڵکیان دەهات. بەڵام ئێستا لەم کاتەدا لە ترسی تێنوێتیی کەس لەم ماسیانە نزیك نەدەبۆوە، هەموویان چاوەڕێ ی تەنیا شتێك بوون ئەمەش ئەوە بوو تەم چ کاتێك دەڕەوێتەوە.

لەم تەمە ئەستوورو بێ جوولەو خامۆشەدا، تەنیا دەنگی دڵتەزێن و خەماوی ترق و تریقی سەوڵەکان دەهاتە گوێ. ئەم ترقە تریقە لە نێو ئەو بێدەنگیەدا لەناڵەی مرۆڤێکی نەخۆشی ون بوو دەچوو کە هاوار بکا و داوای یارمەتی بکا: لە کوێم؟ لە کوێم؟ و ئێستا پەنا بۆ کوێ ببەم؟

هەموویان چاوەڕێ ی شتێك بوون: تەمەکە کەی دەڕەوێتەوە؟!

❋❋❋

بەڵام تەمەکە نەدەڕەویەوە و تەمایشی نەبوو بڕەوێتەوە، هەر لە جێی خۆیشی نەدەبزووت. دەتگوت شتێك وەك فەلامەرزێکی لە خەیاڵ بەدەر، گیانلەبەرێکی لە هی سەر زەوی بەدەر کەشێ یەکی زۆری هەناسە دەدا، هەموو جیهان و زەوی ئاسمان و دەریایی هەڵلوشی بوو.

دیسان شەوی تاریك و تنۆك لەناو سکی ئەم تەمەدا هاتەوە. ئەم هەموو تاریکیە کە هەموو گۆشەو کەنارێکی داگرتبۆوە نیشاندەری ئەم ئاراستەبوون. نە ئەستێرەیەك لە ئاسمان بەرچاو دەکەوت و کەلێنێکەوە ئاسمان دیاربوو.

ڕۆیشتن و بەلەم هاژوان بەرەو خاڵێکی نادیار تەنیا هەر بۆ ئەوەی بجولێنەوە، هیچ مانایەکی نەبوو.

قەدەرانێك چاوەڕێ بوون و ئومێدیان هەبوو كە سەرەنجام ئەستێرە لە ئاسماندا بەدەردەكەون یان نا؟ چاوەروانی زۆری كێشا، چاوەڕێ بوون بەڵكە شنەبایەك هەڵكاو ئەم تەمە نەحلەتیە و هەزار بار نەحلەتیە رامالێ. خەو خۆراك و ئارامیان نەبوو. دەستی پارانەوەیان بۆ پەروەردیگاری ئاسمان پان كردەوە، بەڵكە ئەوە خوایە و پەردە لە رووی ئەستێرەكانی ئاسمانی دامالێ. دەستەو دامێنی خوداوەندی با بوون تا بەڵكە لە پشتی دەریا، ئەو درنجە سەرویاڵ بژە، بێدار كاتەوە.

بەڵام هەر هەموو ئەم شتانە بێ كەڵك بوون، نەكەس ناڵەناڵ و پاڕانەوەی ئەوانی بیست و نە تەمەكەش رەوییەوە.

كریسكیش چاوەڕێ ی بەدەركەوتنی ئەستێران هەبوو، كە زێتر لە گەمەو یاری مندالآن دەچوون، و لە ئاسماندا دەدرەوشانەوە.

ئەوەی كە دوێنی شەو بەسەریان هاتبوو گوزەراندبوویان. كوڕەكەی تووشی پەشێوی و هەترەش رژان كردبوو. ئاخر شكاندنی دڵی لاوێك. دروستكردنی بێ ئومێدی و هەمیشە كوتانەوەی ئەو زۆر گرفت نیە.

بەڵام لەوەی كە سی ّكەسی لە خۆی بە تەمەنتر لەیەك رێزدا لەناو بەلەمەكە لەگەڵی دانیشتبوون و كاتی پەیدابوونی ترس و لەرز و نزیكبوونەوەی مەرگ، كاتێ كەوا دێتە بەرچاوان ئیدی ئەوە دوا چركەساتی ژیانە بە خۆڕاگری و بەرپەرچدانەوەی بەسەر زەبری توڕەیی سروشتدا سەركەوتن، ئومێدی لە دڵی ئەودا زیندووكردەوە كە لەم چارەش رێگای دەربازبوون پەیدا دەبێ.

ئەو زۆر دڵنیا بوو هەر كە ئەستێرە لە ئاسماندا بەدەركەونەوە، رەنج و ئازاری ئەوانیش كۆتایی پێ دێ.

چەندە باش بوو كە ئەم وەختە زوو بهاتبا. خێراتر دەگەڕاینەوە سەر وشكانی، ئەوێ لە نزیكی گردی سەگەبەڵەكدا، خێراتر و خێراتر، لەبەرئەوەی زۆر دڵیان بۆ خواردن و خواردنەوە چووبوو و دەم لە دەمێ ئەم حەزە زیاتر دەبوو. زۆری حەز دەكرد لە ماڵەوە لە نزیك دایكی، لە نزیك خزم و كەسەكانی. لەنزیك مالآن و دوكەڵی بەرزبۆوە و سەوزەگیادابێ.

شەوەكە بە جۆرێكی هێزو توانا پڕۆكێن لە چاوەڕوانیدا رابوورد، بەڵام هیچ شتێك نەگۆڕا. نەتەمەكە لە جێی خۆی جوولاوە، نە ئەستێرەكان لە ئاسماندا بەدەركەوتن. دەریا وەك خۆی تەماوی بوو.

بەدرێژایی شەوەكە بۆ قومێ ئاو كسپە لە جەرگیان هەڵدەستا، هەوا ساردو شێدار بوو، بەڵام ئارەزووی چۆڕێ ئاو لە هەموو شتێك بەتاوتر بوو.

کریسك وایدەزانی کە تەنی ئەو هێندەی تینووە. هەڵبەتە ئەوانی دیکەش لە تێنوێتیەکی لە ڕادەبەدەردا ڕەنج و ئازاریان دەکێشا. بەڵام کریسك لە هەمووان پتر تینووی بوو. وە ئەمەش کە لە هەمووان تینووتر بوو. زۆری ئازاردەدا. کاتێ کریسك داوای قومە ئاوێکی کرد. ئەرگانی پیر رازی نەبوو و بە دەنگێکی توند گوتی:

- نەء نابێ، ئێستا لە توانادا نیە، ددان بە خۆتدا بگرە.

ئای خۆزگە ئەرگانی پیر دەیزانی کە ئەوان — کریسك و باوکی کریسك و میلگون هەرسێکیان، ئێوارە برسیەتی زۆری بۆ هێنان، دەستیان بە جوینی ماسی وشککراوە و سوێرکردو ئێستا تا چ رادەیەك تێنوێنی لەپەل و پۆی خستبوون. هەرچەندە لە دوای ماسیەکەدا کەمێك ئاویان خواردبۆوە. بەڵام ئەوەندە ئاوە تێرایێ ئەم هەموو تینوێتیەی نەکردو دوای دەمێك تینوویتیەکەیان تاوی سەند، ئەرگان لەم ماسیە وشککراوانە نزیك نەبۆوە. و بەرگەی تێنووێتی گرت و ئاویشی نەخواردەوەو ئاوەکەی پاشەکەوت کرد. تەنانەت یەك قومە ئاویشی نەخواردەوە. لە هەمان رۆژدا جگە لە ئەرگان ئەوانی دیکە دووجاران بەیانی و دوای نیوەڕۆ، ئاویان خواردەوە بەڵام عەسرەکەی کەمێکیان ئاو خواردەوە کە ئەندازەی نیوە چەمچەکە دەبوو.

ئاوی جەلیکانەکە وردە وردە کەم دەبۆوە. کاتێ مرۆڤ پێویستی بە ئاو دەبێ، ئاو، ئاو و تەنیا ئاو، چاوەڕێ ی گۆڕانکاریەك، خۆی ئازارێکی بە جووتەیە.

تەواوی شەو بەم جۆرە بەسەرچوو.. و تەواوی شەوەکە تەمێکی ساردو بێ جووڵە بەسەر سنگی دەریادا نیشتبۆوە و ئاوی دەریا نەدەشڵەقا و نەدەجووڵاوە.

❋❋❋

بەیانی ئەو رۆژە هیچ گۆڕانیگاریەك رووی نەدا. تەنیا قووڵی تەمە خۆڵەمێشی و رەنگ خورماییەکە[11] نەختێ رووناکتر بوو رەنگی کراوە. ئێستا دەکرا تەنیا کونی چاو لە دەم و چاوی مرۆڤدا ببینی. لە ماوەیەکی نەهێندە دوور، لە دەوروبەری بەلەمەکەدا شەپۆلەکان بە بێ جووڵە وەك جیوە سەنگین و خەست. کەم بریسکە و وەك نوقرە دەدرەوشاوە. کریسك ئاوی وا وەستاوی هەرگیز نەدیتبوو.

نە شنەی بایەك دەهات و نەگۆڕانگاریەك لە ئارادا بوو.

---

١١- ئەم نەختیێ جێ سەر سورمانم بوو چونکە خوڵەمێشی و خورمایی زۆر لێك دوورن رێ ی تێ دەچێ لەناو دەریادا تەمی ئەستوور وا بنوێنێ.

بەڵام هەر بەیانی ئەو ڕۆژە تێکچونێکی زۆر و بەرچاو لە سیمای پیاوەکان زۆر بەسەختی کوڕێژگەکەی مات و بێدەنگ کرد. هەموویان لەڕو لاوازبوون.

مووی سەروریشیان سفت و زبرو دژوورن و چاوەکانیان وەك کەسانێکی کە دووچاری نەخۆشیەکی کوشندبووین، بە قوڵا چووبوون، تا بە باوکیشی ڕادەکا باوکی ئەو پیاوە بەهێزە، حاڵی زۆر گۆڕابوو، تەنیا ریشی نەبێ هەمان ریشی پێشوو بوو. هێندە لچ و لێوی خۆی گەزتبوو و تەواو شین و مۆر ببۆوە. ئەگەر چی بێدەنگ بوو و هیچی نەدەگوت ، بەڵام بەبەزییەوە بە کریسکیدا هەڵدەڕوانی.

ئەرگانی پیرەمێرد لاوازتر ببوو پشتی چەمابۆوە و ڕەنگی سپی تر هەڵگەڕابوو. گەردەنە درێژەکەی درێژترو چاوەکانی لە جاران فرمێسکاویتر بوون. لە نیگایەکانیدا تەنیا ئەوە مابوو کە نیشانی دەدا کە ئەو ئەرگانی بە ساڵاچووە و بەس. هەروەها لە نیگایە حەکیمانەو بەڕاستیەکانی ریش سپیدا شتێکی پڕ لە مانا، کە تەنیا خۆی بتوانێ دەرکیان پێ بکا، خۆی مەڵاس دابوو.

ژیانی ڕۆژانەیان بە و سەختترین کار دەستی پێکرد. خۆی ئاوی دابەش دەکرد. ئەو لە بارێکدا کە جەلیکانە ئاوەکەی توند لە باوەشی گرتبوو. چۆڕ چۆڕەی زۆر کەمی لە بنی چەمچە دەکرد. دەستەکانی ئەرگان دەلەرزین. سەرەتا ئاوی دا کریسك. کریسك بەبێ ئارامیەوە چاوەڕێ ی دەکرد. ئەو ددانەکانی لە لێواری چەمچەکەوە گیر دەکرد. ئاوەکەی فڕ دەکرد و تەنیا بۆ یەك چاو چوقان هەستی کرد تێنوێتیی شکا. لە تاو هەڵچوونی خۆی سەری بە ژان کەوت بەڵام هێشتا چەمچەکەی نەدابۆوە کە دووبارە، و بگرە لە جاران زێتر هەستی بە تێنوێتی کرد، ڕێك وەك ئەوەی کە دڕندەیەکیان لەناو دەروونیدا تووڕەو سەر شێت کردبێ. دوایی میلگون و ئینجا دوای ئەو ئەمرایین ئاویان خواردەوە. دیمەنی چۆنێتی ئاو خواردنەوەکەیان ترسناك بوو. بە دەستی لەرزۆکەوە چەمچەکەیان دەگرت و دەیانداوەو تەماشایەکی روخساری ئەرگانیان دەکرد. وەك بڵێ ی ئەرگان لە کەمبوونی ئاودا بەرپرس بێ. بەڵام کە نۆرەی ئاو خواردنەوە گەیشتە سەر ئەرگان، تەنیا یەك تنۆکیشی بۆ خۆی تێنەکرد. مات و بێدەنگ سەری جەلیکانەکەی توند کردەوە.

ئەم کارەی بۆ کریسك شتێکی چاوەڕێ نەکراو و وێنا نەکراوبوو. ئەگەر جەلیکانەکە لەبەردەستی ئەو و ژێر دەسەڵاتی ئەو با، دەللە عاست چەمچە ئاوێکی بۆ خۆی تێ دەکرد و دوای ئەمەش چەند چەمچەیەکی دیکەی دەخواردەوە، تا لەپەل و پۆ دەکەوت، هەرچی دەبوو با بووبا و قیڕوسیا، لایەنی کەم تەنیا جارێك تێر ئاو بخواتەوە. ئەرگانی پیر لە مافی ڕەوای خۆی چاوپۆشی کردو ئاوی نەخواردەوە.

سەرەنجام ئەمرایین زۆری بۆ هات، هێزی دا بەرخۆی و بەدەنگێکی گیراوەوە گوتی:

-بابە گەورە! ئەمە چیە دەیکەی، وەك ئێمە ئاو بۆ خۆشت تێبکە! دوێنیش ئاوت نەخواردەوە، ئەگەر بڕیارە بمرین، ئەوا هەمووومان پێکەوە دەمرین.

- ئەرگان بە خوێن ساردیەوە وەڵامی داوە:

- گرنگ نیە دەگوزەرێ!

ئەمرایین بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی:

- نا، ئەمە راست نیە، و زێتر گوتی: ئەگەر وابێ منیش چیدی ئاو ناخۆمەوە!

ئەرگان گوتی:

-ئاخر ئاوێکی وانەماوەتەوە، ئەم قسانە لەبەرچیە؟

ئەو زەردەخەنەیەکی گرت و بە خۆی گوت ئای کە پیاوی بی ٚعەقڵن. لەسەرخۆ سەری باداو جارێکی دیکە سەری جەلیکانەکەی باداو کەمێك ئاوی لە ژێری چەمچەکە کرد و گوتی: هانێ با کریسك لە باتی من بیخواتەوە.

کوڕیژگە دەست و پێ ی تێك ئاڵاو بێدەنگی هەڵبژارد، بەڵام ئەرگان چەمچەکەی بۆ درێژ کردو گوتی:

- بگرە، کریسك، بیگرەو بیخۆوە. بیر لە هیچ شتێك مەکەوە. کریسك بێدەنگ بوو.

میلگون، ئەمرایین و ئەرگان هەرسێکیان پێیان گوت.

- بیخۆوە.

کریسك دوو دڵ ٚبوو. لە تێنوێتیان هەڵکڕوزابوو حەزی  دەکرد بە فڕێك ئەم چەند قومە ئاوە هەڵدا، بەڵام نەیوێرا.

کریسك لە حاڵێکدا هەوڵی دەدا تێنوێتیە لە توانا بەدەرەکەی دەروونی خۆی دامرکێنێتەوە و هەستی  دەکرد تووشی سەرەسوڕمان بووە، گوتی:

- نا، نا، بابە گەورە، خۆت بیخۆوە.

ئەرگان بە بیستنی ئەم قسانە دەستەکانی کەوتنە لەرزین و بە قورسی هەناسەیەکی هەڵمژی. لەگەڵ ٚنیگایە ئاران و پڕ لە خۆشەویستیەکەی کوڕەکەی نەوازشی کردو گوتی:

- دەزانی من لە ژیانمدا چەندەم ئاو خواردۆتەوە؟

تۆ هێشتا ساڵانێك بژیەی تا...

ئەرگان دوای چرکەیەك ئەوهای گوت:

- کریسك تێگەیشتی چیم گوت؟ بیخۆوە، پێویستە دەبێ تۆ ئاو بخۆیەوە، بگرە، لەبەر من نارحەت مەبە.

کوڕە گەنجەکە جارێکی دیکە کە ئاوەکەی خواردەوە، تەنیا بۆ چرکەیەك هەستی کرد کە تینوەتیەکەی شکاو لە دوای ئەو چرکەساتە کورتەدا یەکسەر حەزی ئاو خواردنەوەی زێتر تاوی سەند. ئەم جارەیان ئەو هەستی بەوە کرد کە تامی ئاوی گەنیوی لەناو دەمدا مابۆوە. بەڵام ئەمە گرنگ نەبوو، تەنیا هەر ئاوبێ. ئیدی هەر تام و جۆرێك دەبێ با ببێ.

تەنیا ئاو بخواتەوە. بەڵام ئەو ئاوەش دەم بە دەم لە کەمبوونەوە دابوو...

لەم کاتەدا ئەرگان بەهاوهۆزەکانی خۆی گوت:

- باشە دوای ئەمە چیبکەین؟ ئێوە دەڵێن چی بکەین؟ با لە سەر هاژوانی خۆمان بەردەوام بین؟

بۆ ماوەیەك بێدەنگی باڵی بەسەر ئەو ناوەدا کێشا، هەر هەموو تەماشای دەوروبەری خۆیان دەکرد.

بەڵام جگە لە تەمێکی ئەستوور لە دوولای بەلەمەکە، هیچ شتێك لە جیهاندا نەبوو،

ئەمرایین بە هەناسەیەکی قوڵ گۆمی بێدەنگیەکەی شڵەقاند:

- بۆ کوێ بچین؟

دیارنەبوو میلگون لەبەرچی و بە شێوەیەکی چاوەڕێ نەکراو تووڕە بوو گوتی: بۆ کوێ مانای چی، دەبێ بڕۆین بجووڵێین، باشترە بڕۆین تا ئەوەی لێرە بڕزێینیەوە!

ئەمرایین قسەکەی بڕی و گوتی:

-ئاخر چ جیاوازیەکی هەیە؟ لەم تەمە ئەستوورەدا چ بجووڵێنیەوە و چ نەجووڵێینەوە وەك یەکە ڕۆیشتن بەرەو خاڵێکی نادیار چ سوودو کەڵکێکی هەیە؟

میلگون بەهارو هاجێکی پترەوە نارەزایی نیشاندا:

- من بەم تەمە، بەم تەمە ئەستوورەی تۆ بایەخێك نادەم، تێگەیشتی چیم گوت؟ من لێدەخوڕم و بۆی دەڕۆم، و دەنا ئەم بەلەمە نەحلەتیە وەردەگێڕم و تا هەموومان ژێر ئاو بکەوین ببینە خۆراکێکی باشی ئەم ماسیانە! تێگەیشتی دەڵێم چی ئەمرایین ریشۆ، دەبێ بڕۆین، تێگەیشتی؟

کریسك خۆی لە بارێکی خراپ و ناخۆشدا هەست پێکردو لەبەر رەفتارەکەی مامە میلگون تەریق بۆوە.

بەڕای ئەو ڕەفتارەکەی مام میلگوت ڕاست نەبوو و نەدەبووایە بەمجۆرە بێ، بەهەر حاڵ میلگون لە باوکی بچووکتر بوو. لەبەر ئەوەی گۆڕانێك رووی داوە یا لە ورەی ئەو یا لە وێناکردنی ئەم چوار کەسە "نەیوخیە " دا دەبێ. ناهاوسەنگیەك هاتبێتە ئاراوە.

هەمویان دڵ بە خەم و داماو و بێدەنگ بوون. میلگونیش خۆی لە حاڵێکدا بە دەم هەناسە بڕکێوە بێدەنگ بوو.

ئەمرایین سەری لەبەرخۆی نا. بەڵام ئەرگانی بە سالاّچوو تەماشای ئەولای دەکردو سەرو سیمای وەك هەمان تەمە ئەستوورەکە لە هەموو لاوە چوار دەوری تەنی بوون و یەخسیری کردبوون، نەدەکرا بیبڕن و لێ ی ڕەت بن. لە کۆتاییدا ئەمرایین لە ژێر لێوەوە گوتی:

- میلگون، نارحەت مەبە. من هەر ئەوها قسەیەك بوو کردم، لە دەمم دەرچوو، هەڵبەتە ڕۆیشتنمان لە چەقین و مانەوەمان باشترە. تۆ ڕاست دەکەی، وەرن دەی سەوڵ لێدەن با بجوولێین دەی.

ئەوان جمان جارێکی دیکەش دەنگی سەوڵەکان و پێکهاتنیان لەگەڵ ئاوی دەریادا بڵندبۆوەو سەوڵەکان بە هۆی شڵەقانی ئاوی دەریاوە بڵندونەوی دەبوونەوە و ئاوی وەستاو و ئارامی دەریا بەبێ ئەوەی شوێنەوارێك بە دوای بەلەمەکەوە بەجێ بهێڵێ و بەبێ هەست و خواست شەق دەبوو لە هەمان کاتدا وێك دەهاتەوە.[12]

بەڵام وا دەهاتنە بەرچاو کە ناجوولێنەوە. دەتگوت لە جێگایەك و لەناو بازنەیەکی تەلیسماویدا گیربوون. وەك بڵێ ی هەمان باری نالەبار بوو کە جارێکی دیکەش میلگونی دەهری کردو لە پێستی خۆی بردە دەر. بە تووڕەییەکەوە گوتی:

- گوێ بگرە، ئەمرایین هەی ڕیشۆ، من ئەم تەمە تاریك و سەنگینەی تۆ بە هیچ نازانم و حەز دەکەم هەرچەندەی لە توانام دایە خێراکەم. تەکان بدە هەی ریشۆ، سەوڵ لێدە، خەو نەتباتەوە، گوێت لێمە، من بایەخ بەو تەمەی تۆ نادەم! — و لەم کاتەدا میلگون بە هەموو هێزو توانای دەستی بەسەوڵ لێدان کردو بە تووڕەیی و گەرمیەوە گوتی:- دەی ی ها سەوڵ لێدە! سەوڵ لێدە گیانەکەم!

ئەمرایین نەی ویست پتری تورە بکا، بەڵام چونکێ هەستی بریندار ببوو، هاتە ناو بازنەی ئەم یاریە شێتانەوە!

چەندەی بەلەمەکە خێراتر دەبوو بەتاوتر تەمەکەی دەبڕی و دەڕۆیشت، دیارنەبوو بۆچی و بەرەو کوێ دەچێ، ئەمرایین و میلگون پێکەوە و بەبێ ئەوەی یەکدی بەجێ بهێڵن بە دڵڕەقی و تووڕەییەکی

---

١٢- وێك هاتنەوە: دەهاتنەوە یاریەك.

دڕندانەوە لەسەر سەوڵ لێدانیان بەردەوام دەبوون، ڕێك دەتگوت دەتوانن لە تەمەکە بە پێشکەوتنەوە و لە سنووری بێ کۆتایی ئەودا دەرچن.

نووکی سەوڵەکانی کە بە نارێکی پڕیشکە ئاوی بەهەموو لایەکدا دەپرژاند، دەبریسکانەوەو شڵپ و هوڕیان لەم لاو ئەولای بەلەمەکەدا دەگەیشتە گوێ. دەم و چاوی ئارەقاوی و گرژی سەوڵ لێدەرەکان لە کاتی کووڕبوونەوەو سەوڵ لێدانیان دا. دا دەهاتنەوەو کاتێ کە بە هەموو تواناوە سەوڵەکانیان لە ئاوەکە دەدا، ناو قەدیان ڕاست دەکردەوە، بۆ سەرەوە دەهاتنەوە، بە هەناسەی قووڵ و هانکە هانکێکی زۆرەوە: ها، ها، ها، ها.

لە پێش و لە پاش، لە هەر چوار دەوریاندا تەنیا تەم بوو. میلگون لە حاڵێکدا ئحمە ئحمی دەکردو سینگی خۆی ساف دەکردەوە، بە کینە و وەك بڵێ ی بە مەبەستی هاندان و جووڵاندنیان هانکە هانکی دەهێنا خۆی.

سەرەتا کریسك هاتەوە سەر خۆ و کەوتە ژێر کاریگەریی توندی ئەم هەڵس و کەوتە، بەڵام لە دواییدا تێگەیشت کە ئەم کارە، کارێکی بێ سوود و ترسناکە. گەنجەکە بە زەندەق ڕژاویەوە بە ئەرگانی ریش سپیدا هەڵدەڕوانی تا بەڵکە ئەو ئەم پێشبڕکێیە شێتانە کۆتایی پێ بێنێ. بەڵام دەتگوت ئەو هەر بوونیشی نیە.

نیگا ئەندێشاویەکانی لە جێگایەکی دیکە دابوو و سیمای ئەو لە حاڵەتێکی ئازادو بێ گرێ و بەنددا دەدیترا. دەم چاوی ئەو پیرەمێردە یان بە هۆی گریان یان ئەو فرمێسکانەی کە بە عادەت لە چاویدا دەهاتنە خوارێ، تەڕ بوو. ئەو بەبێ جوولە لەسەر کوشینەکەی ناو بەلەمەکە دانیشتبوو و دەتگوت ئاگای لەوە نیە کەچی لە چوار دەوریدا روودەدا.

بەلەمەکە دەرۆیشت، لە حاڵێکدا تەمە ئەستوورەکەی دەبڕی و دیارنەبوو و بۆچی و بۆ کوێ مل دەنێ....

هانکە هانکی سەوڵ لێدەرەکان لەناو تەمەکەدا دەنگی دەداوە. ئەم بارە ماوەیەکی زۆری کێشا. بەڵام وردە وردە سەوڵ لێدەرەکان هەناسەیان لەبەربڕاو بەرە بەرەش خێرایی کەم بۆوە. بە زوویی هەردووکیان لە گەرمان هەناسەیان تەنگ ببوو و هەناسە بڕکێ ببوون، سەوڵەکانیان کەنار خست. میلگون سەری خۆی هەڵنەبڕی.

ئەم جۆرە حاڵەتی وشیاریەکی تاڵ سەری هەڵدا. ئەوان نەیانتوانی لەناو تەمەکە دەرچن و سنووری ئەودا رەت بن.

هەموو شتێك لە باری پێشویدا مابۆوە: شەپۆلەکان بێ جوولّە و مردوو، تاریکی و نادیاریی یەکی زۆر و تەمێکی ئەستووری وادا کە نەدەکرا ببیڕن. بەلەمەکە ماوەیەك لە سەر حسێبی پەلەپەلی پێشوی خۆی لە خۆیدا دەسووڕاوە.

ئەمە چ کارێك بوو کردیان؟ بۆچی؟ و ئەگەر لە شوێنی پێشووی خۆیاندا بمابانەوە چیان لێ بەسەر دەهات؟

هیچ و هیچ!

هەریەکێك لەوان لەم بارەو بابەتەوە بیری دەکردەوە. لەم سەروبەندانەدا ئەرگان گوتی:

ئێستا گوێ بدەنە من. — ئەو وشەکانی یەك یەك و بەبێ پەلەپەل دەگوت و رەنگە دەیویست بەم هۆیە توانای خۆی بەفیڕۆنەدا، چونکە دووەمین رۆژی بوو کە نە ئاوی خواردبۆوە و نەزادی بڕی بوو. ئەرگان لەسەر قسەکەی خۆی بەردەوام بوو گوتی:

- رەنگە ئەم تەم تومانە ماوەیەکی زۆر بکێشێ. لەم جۆرە پێشهاتانە زۆر روودەدەن. خۆتان باش دەزانن. تەم حەوت، هەشت، بگرە دە رۆژیش، وەك مەرگ و مردن بەسەر ئاوایی دادەدا، وەك نەخۆشی و پەتا، رووی دەریا دادەپۆشێ و تا وەختی خۆیشی دانەیە نارەوێتەوە و هیچ کەسێك نازانێ کەی وەختی رەوینەوەی دێ. ئەگەر ئەم تەمە لەو تەمانەیە کە چارەنووس و رۆژگاری ئێمە بخاتە ژێر رکێفی خۆی. لەو ماسیە وشکەوە کراوانە کەمێك ماوەو تازە وەختی کە ئاومان نەبێ بە کەلّکی چی دێ. ئەو ئاوەیش کە هەمانە ئەمەیە کە دەیبینن — ئەرگان جلیکانەی ئاوەکەی راشەقاند و لە شلّپە شلّپەکەیدا دیاربوو کەچۆڕێکی لە تەپلّی بنی داماوە.

هەموویان مات بوون و پیرەمێردەش گەلاّقوپی لێکرد. هەموویان دەیانزانی کە پیرەمێردە کە دەیویست چی بلّێ. دەیویست بلّێ کە دەبێ رۆژی تەنیا جارێك. ئەویش بە ئەندازەی بنی چەمچەکە ئاو بخورێتەوە بۆ ئەوەی بتوانرێ ئەوەندەی دەکرێ دەست بە ئاوەکەوە بگیرێ، بەلّکە ئەوە دنیایە بەسەر بارەکەدا سەرکەوتن و کۆتایی هاتنی وروژمی تەمتومانەکە بە چاوی خۆمان ببینن، کە دەریا کراوەو ئەستێرە و خۆر بە دەرکەوتن، ئەو حەلە هەموو شتێك روون و ئاشکرا دەبێ. ئەوە ئەگەر هاتوو بەخت و ناوچەوانمان کردی و گەیشتینەوە وشکایی.

هەرواش بوو نەدەکرا رێگای دەرچوونێکی دیکە هەبێ. بەلاّم بە گۆتە گۆتو سەبر و دانبەخۆداگرتن زۆر ئاسانە، ئەوەی کە مرۆڤ لە جیهانی خەیالّ و ئەندێشەدا بۆی دەچێ و دەیکا، هەمیشە لە ژیانی خۆیدا بۆی ناچێتە سەر. ئێستا ئەم رەنجاوانە پڕ بەدلّ حەزیان لە قومێ ئاو بوو، ئەویش نەك بە قەدرایی بنەچەمچەیەك، بەلّکە زۆر زۆر لەمە پتر لە تێنووتیان هەلّکڕوزابوون.

ئەرگان دەرکی بەم بارە ناهەموار بن بەستە  دەکردو بۆ خودی ئەویش لە هەمووان دژوارتر بوو. پیرەمێردە لەبەر چاوی مرۆڤ وشك دەبوو. دەم و چاو و چەهرەی پڕ قلێش و چرچ و لۆچ و قاوەیی ئەو لەژێر{ کاریگەری ئەو دەردەی کە لەناو دەروونیەوە هەڵدەقولا، رۆژ بە رۆژ رەش ترو پتر دەبوو. لە چاوە فرمێسکاویەکانیدا جۆرە شێوان و ئاڵۆزی و تین و تایەك بەدەرکەوتبوو. بۆ مرۆڤێکی ئەوها بە ساڵاچوی کەنەفت ناچارکردنی خۆی بە ددان بە خۆداگرتنی بەرانبەر ئازارو ئەزابێکی وادا کارێکی هەروا ئاسان نەبوو.

بەڵام تادوا تنۆکە خوێنی و تا دوا ترپەی دڵی، وەك رەگی درەختێکی کە بەرەو وشکەوە بوونە، پایەداری خۆی دەنواند. هەڵبەتە نەدەکرا ئەم بارە زۆر درێژە بکێشێ. پێوویست بوو هەرچیەکی کە لە توانادا بوو و دەکرا بۆ رزگارکردنی ئەوان کە هەر ئاهێکی رزگاربوونی ئەوانی تێدەگەڕا. روون بکرێتەوە.

ئەرگان درێژەی بە قسەکانی خۆیدا:

- بیرم کردەوە کە دەبێ بەردەوام تەماشای ئاسامان بکەم و گوێ راگرم کە چڕگی[١٣] قوتبی لە ئاسماندا دەفرێ یان نا، چڕگی قوتبی تاکە پەرەندەیەکە کە ئەم کاتانە بەسەر دەریاوە دەفرێ. ئەگەر ئێمە لە مابێنی دوورگەو وشکاییدا بین. ئەوا چڕگی قوتبی دەتوانێ ری ێنیشاندەری ئێمە بێ. هەموو پەرەندەیەك لەسەر دەریادا تەنیا رێك و ڕاست دەفرێ. بە هیچ شێوەیەکی دیکە نافرێ و هیچ رێگایەکی دیکە ناگرێتەبەر. تەنیا ڕاستەو ڕاست دەفرێ. چڕگی قوتبیش ئەوهایە، میلگون کەسەری لەبەرخۆی نابوو، خەم لێ نیشتوانەو بە پەشێوەیەوە پرسی:

- ئەدی ئەگەر لە نێوانی دوورگەو وشکاییدا نەبووین چی؟

ئەرگان جارێکی دیکەش بە خوێن ساردیەوە وەڵامی داوە:

ئەو حەلە هەرگیز چڕگی قوتبی نابینین.

کریسك دەیوویست بە وردی بزانێ کە بۆچی چڕگی قوتبی بەسەر دەریاکانەوە دەفرێ و چ پێویستیەکی بەم کارەیە.

بەڵام میلگون پێشی لێبڕیەوە. بە جۆرە و خەمباریەکەوە پرسی:

- ئەگەر چڕگی قوتبی لە یادی بچێ و بەسەر سەری ئێمەدا نەفرێ و حەزبکا بە لایەکی دیکەدا بفرێ. ئەوساکە چۆن؟

---

١٣- چڕگ: باڵندەیەکە لە توخمی باز.

پیرەمێردە دیسانەوە بە خوێنساردیەوە گوتی:

- ئەوساکە قەت چڕگی قوتبی نابینین.

میلگون بە تووڕەییەکەوە گوتی:

-یەعنی نابینین؟ لە هەموو بارێکدا چڕگی قوتبی نابینین؟

لە دواییدا دەپرسین کە ئێمە بۆچی لێرە بە ئاوارەیی ماینەوە؟ میلگون کە لە پێشدا زێتر تورە ببوو و قرەقرِی دەکرد، لە پڕ دایە قاقای پێکەنین و کپ بۆوە. هەموویان لە بارێکی نائاساییدا بوون. هەموویان بێدەنگ بوون و نەیاندەزانی چی بکەن.

میلگون لەم کاتەدا بڕیاری کارێکی دابوو. بە هەموو هێزی ناو لەپی لە دەسکی سەولەکاندا و لە شوێنی خۆی دەرهێنان. لە دوایی بۆ مەبەستێکی نادیار چووە سەر پێشەوەی بەلەمەکەو لە حالێکدا کە پارسەنگی بەلادا هاتنی خۆی بە هۆی سەولەکانەوە دەداوە، بە تەواوی راست بۆوە. نە ئەو هیچی گوت و نە کەسیش بایەخی پێدا.لە دوایی بە دنیایەك تووڕەیی و بە هەموو هێزی وەك بلّێ ی بەسەولەکان گەف و هەڕەشە لە کەسێك دەکا رووی لە تەمە ئەستوورەکە کردو یەك بە خۆی هاواری کرد:

- ئای، هەی دێلەسەگ، هەی جادووگەری بایەکان! لەگەلّ تۆمە، ئەگەر تۆ خوای "با" ی و ئەگەر کەلاکە سەگێکی تۆپیو نی، ئەو بایەی تۆ لە کوێیە، لە چ گۆڕێکی تەنگ و تاریك دای؟

رەنگە تۆ هەی دێلە سەگ، گۆلە سەگان دەوری تۆیان دابێ و تۆش نازانی بچێتە ژێری کامیانەوەو کامەیان سواری خۆت بکەی، یان دەتەوێ، هەر هەموویان لە خۆت بپەڕێنی و کاتت نیە شنەبایەك هەلّکەی؟

یا لەبیرت کردووە کە ئێمە لێرە وەك تۆ لە چالاییەکدا دانیشتووین، خەریکە دەڕزێینەوە. مەگەر نازانی منداڵێکمان لەگەل ٚدایە، ئەم کوڕیژگە ئاوی گەرەکە، ئاو، ئاو، تێدەگەی؟

پێت دەلێم منداڵێکمان لە تەکدایە کە یەکەم جاریەتی بێتە ناو دەریاوە. ئەمە چ مامڵەتێك بوو کە لەگەلّ ئێمەتدا کرد؟

ئایا ئەمە چ شکۆ و رووەمەتێکە؟ دەلێم ئەگەر لەشەیەکی گەنیو نی و خوای بای، وەلاّم بدەوە، گوێت لێیە؟

ئەم بایە هەلّکە و ئەم تەم تومانە ڕامالّە. دێلە قۆر گوێت لێمە یان نا؟ ئاخر لافاوو باو بۆڕانێك هەلّسێنە، ترسناکترین لافاو هەلّسێنە، ئای دێلەسەگ، هەموومان ڕامالّە ناو ئاوی دەریا، لێگەڕێ با هەموومان ژێر ئاوی دەریا بین. گوێت لێیە یان نا؟

من تف لەو لمزە تووکاویەت دەکەم و تیّ ی دەڕیم! ئەگەر تۆ خوای ئەم بایانەی دەی.... دەی هەڵکە باوبۆران و لافاو هەڵسێنە و نقومی ناو ئەو دەریایەمان بکە، دەنا ئەی دەڵە سەگ منیش لێت دەبمە گۆڵە سەگێك، گۆڵە سەگێکی دیکە، هەی هیچ و پوچ، بەڵام من سوارت نابم. وەرە، وەرە، ئەمە بگرە، ئەمە بگرە و تا تێردەبی بیمژە!!

میلگون ئەوهای جوێن بە جادووگەری بایەکاندا، گیانەوەرێکی نادیارو بایەکی نادیار کە گوایا لە ژێر رکێفی ئەم گیانلەبەرە خەیاڵی و نادیارە دابوو. میلگون تا ئەو کاتەی نەکەوتبووە لرخە لرخ و تەواو لە هێزو توانا نەکەوتبوو. زۆر جاران هاواری دەکردو ئاگای لە خۆی بڕابوو و داوای لە خودا دەکرد هەڵکاتە بایێك.

لە دواییدا سەوڵەکەی بە توندی هەڵدا ناو دەریا و لەسەرهەمان شوێنی سەوڵ لێدەران دانیشت. لە حاڵێکدا دەم و چاوی خۆی لە نێوان دەستەکانیدا شاردبۆوە، لە پڕ بە دەنگێکی بڵند و بە شێوەیەکی ترسناك لەکورژنی گریانی دا. هەموویان لە بڕشت کەوتبوون و بێدەنگیان لێکردبوو. بەڵام ئەو کە ناوی منداڵەکانی خۆی دەژمارد لە تاو گریان هەناسەی وەگیر هاتبوو. کریسك کە قەت نەیدیتبوو گەورەکانیش بگریەن. سەراپای ئازای لەشی کەوتە لەرزین و بەچاوی فرمێسکاویەوە روو لە ئەرگان گوتی:

- بابە گەورە، بابە گەورە! ئەمە چیەتی؟ بۆچی دەگری؟

پیرەمێردەکە لەو دەمەدا دەستی کوڕیژگەکەی دەگوشی و ئارامی دەکردەوە گوتی: مەترسە رۆڵە، ئەمەش بەسەر دەچیّ، هەر ئێستا ئارام دەگرێتەوە. تۆ بیری لیّ مەکەوە. ئەم شتانە پەیوەندیان بە تۆوە نیە، بەسەردەچیّ.

لە راستیشدا، بەرە بەرە میلگون ئارامی گرتەوە، بەڵام دەستەکانی چۆن بە دەم و چاویەوە گرتبوو لای نەدەبردن، لە کاتێکدا نوڕ نوڕ دەگریا.

بە جۆرە پەشۆکاوی و کەف و کولێکەوە لە هەژمەت گریانەکە شانەکانی بەرزو نەوی دەبوونەوە. ئەمرایین لەسەرخۆ بەلەمەکەی لەو سەوڵە نزیك کردەوە کە سەر ئاوەکە کەوتبوو. ئەو سەوڵەکەی بۆ ژێر بەلەمەکە راکێشاوە و پاشدان بەرزی کردەوەو لە شوێنەکەی خۆیدا دایناوە.

ئەمرایین بە هەستێکی پڕ لە هاودەردی و خەمەوە بە ملگونی گوت:

- میلگون، ئارام بگرە، مافی خۆتە، مرۆڤ تووشی لافاوی دەریابیّ باشترە نەك لەناو ئەم تەمەدا گیر بخوا، دە باشە دەی کەمیّ ددان بە خۆتدا بگرە. بەڵکە ئەو دەریایە و تەم بەری داو بکرێتەوە، چی بکەین، چیمان لە دەست دیّ؟...

میلگۆن هیچی نەدەگوت، سەری تەواو لەبەرخۆی نابوو و وەك شیێتان پشتی کوورِ کردبۆوە و دەترسا تەماشای دەورو بەری خۆی بکا.

بەلاّم تەم هەر ئەوها وەك خۆی خوێنساردو مەرگ بار بەسەر ئۆقیانووسدا بلاّوبۆوەو جیهانی لەناو تاریکیەکی بیّ وێنەدا نقوم کردبوو نەبا یەك هەبوو نە گۆران کارییەك. هەر چەندەش میلگۆن دەمەقالّەو سەرکێشی لەگەلّ بادا کردبیّ. ئەو-جادووگەری بابایەکان لە مەرِ هەر هەموو ئەمانەوە کەرِو لالّ بوو، هەتا تورِەش نەبوو لە جیّ ی خۆیشی نەجولاّ و تۆفان و باووبۆرِانی بۆ هەلّنەکردن.

ئەمرایین بەسەولّەکانی خۆی وردە وردە سەولّی لیّدەدا تا لە هیچ جێگایەك گیر نەبیّ و نەوەستیّ، بەلەمەکە بە جۆرِێکی هەستپیّنەکراو بەسەر ئاوەکەوە دەخزی.

ئەرگان بیّدەنگ و لەناو دەریادا لەناو بیرو خەیالّی خۆیدا رۆچووبوو، رەنگە جارێکی دیکە و رەنگە بۆ دواجار لە ژیانیدا بیری لەپەریە دەرياییەکەی خۆی دەکردەوە.

کریسك ئەرگانی لەناو بیرە خەماوی و پیرانەکەی خۆی دا برِی و لەسەر خۆ پرسی:-

- بابە گەورە! بابە گەورە! بۆچی چرِگی قوتبی بەسەر دوورگاندا دەفرِیّ؟

ئەرگان وەلاّمی داوە:

- ئەمن لەبیرم چوو پیّت بلّیّم کە لەم جۆرە تەمە ئەستوورانەدا تەنیا ئەم پەرەندە دەتوانیّ بەسەر دەریادا بفرِیّ.

ئەم پەرِەندە بۆ رِاو بەسەر دوورگاندا دەفرِیّ و جاری واش هەیە کە بیّچوە سەگی دەریای بە چنگان دەرِفێنیّ.

چاوەکانی ئەوهان کە لە تەم و شەوی تاریکدا وەك رۆژ دەبینیّ. لەبەرئەوەیە کە ئەم چرِگە گەورەترین و بەهێزترینیانە کریسك بە لیّوی وشك و لەسەرەخۆ گوتی:

- چەند باشدەبوو کە ئەگەر من ئەو چاوانەم دەبوو. من لە هەمان کاتدا تیّدەگەیشتم کە ئێمە بە کام ئارِاستەی بادا دەجوولّیین، زووتر دەگەیشتینە وشکایی، زۆر زۆر ئەوەندەی کە حەزمان دەکرد...

ئەرگان ئاهێکی هەلّکێشا:

- ئاه کە ژیان هەرکەسەو چاوی لیّیەتی.

ئەوان بیّدەنگ بوون و لە دوای ماوەیەکی زۆر ئەرگان تەماشایەکی کورِەکەی کردو گوتی:

- بۆ تۆ زۆر سەخت و دژوارە؟ ددان بە خۆتدا بگرە، ئەگەر دان بە خۆتدا بگری ئەوا لە داهاتودا دەبیتە راوچیەکی گەورە، ددان بە خۆتدا بگرە ئازیزەکەم زۆر بیر لە ئاو مەکەوە.

بیر لە شتێکی دیکە بکەوە، بیر لە ئاو مەکەوە.

کریسك زۆر گوێڕایەڵانە هەوڵیدا کە بیر لە ئاو نەکاتەوە بەڵام سوودی نەبوو. هەرچەندەی پتر هەوڵیدا کە بیر لە ئاو نەکاتەوە، زێتری تینوو دەبوو. زۆر ئارەزووی خواردن و پاروە نانێکی دەکردو تا گەیشتە ئەو رادەیەی حاڵ و باری تێك چوو حەزی دەکرد وەك میلگون هاوار بکا.

ئەو رۆژە بەمجۆرە کۆتایی هات. تێکڕای رۆژەکە چاوەڕێ بوون و ئومێدەوار بوون کە بەڵکە لە دوور دەنگی شەپۆلێك بێ و شنەبایەکی تازە هەڵکاو ئەم تەمە بۆ گۆشەو کەنارێکی دیکە ڕابماڵێ ڕێگایەکی دەربازبوون لە رووی ئەواندا بکاتەوە. بەڵام بێدەنگی بەسەر دەریادا حوکم فەرما بوو، بێدەنگیەکی بێ جووڵە، بێدەنگیەکی مەرگبار کە گوێچکەو کەللەی مرۆڤی بەژان دەهێنا. و هەموویان تێکڕای کاتەکە و بەبێ پسانەوە لە تێنوێتیان ئازاریان دەکێشاو دەیانویست هەر نەبێ لێویان تەڕ بکەن.. ئەمە زۆر ترسناك بوو کە مرۆڤ لە نێوان دەریای بێ سنووردا بێ و لە تینوێتیان بمرێ.

بەرە بەری شەو حاڵ و باری میلگون روو بەوپەڕی خراپی گۆڕا. ئەو دەمی لێك نە دەکردەوەو هیچ شتێك لە چاوەکانیدا نەدەخوێندراوە.

ناچار بوون قومێ ئاوی بدەنێ تا گەرووی تەڕ بکا. ئەرگان ئاگای لە کریسك بوو و دەیدیت کە کوڕیژگەکە ناتوانێ چاو لە چەمچە ئاوەکە هەڵگرێ. لەبەرئەوە زۆری بۆهات. سەرەتا بۆ ئەو لە دواییدا بۆ ئەمرایین چەند دلۆپە ئاوێکی لە چەمچەکە کرد. بەڵام ئەو یەك تنۆك ئاوی نەخواردەوە. ئەم جارەش جەلیکانە ئاوەکەی لە ژێر کوشینی بەلەمەکە داناوە. ماوەیەکی درێژ بەبێ جووڵە، بە گەرمی و بە وردی سەر گەرمی بیرکردنەوە ولە شوێنی خۆی دانیشت.

دەتگوت نە تینوێتی ئازاری دەداو نە ناخۆشیەکی لە لەشدا هەست پێ دەکرد. ئەو لەسەر کوشینی بەلەمەکە کپ و ئارام بەبێ سەر لێشێوان، وەك دالێك بەسەر بەردێکەوە گیرسابۆوە. پیرەمێردەکە دەیزانی کە چ چارەنووسێك چاوەڕێ ی دەکا. لەبەرئەمە زۆر بوێرانە، بۆ ئەنجامدانی دوا ئەرکی خۆی لە ژیاندا، پاشماوەی هێزو گوڕی خۆی کۆ دەکردەوە. ئەو لەم چرکە ساتانە بە دەست ونکردنی سەبیلەکەی ئازاری دەکێشا،

زۆری حەز دەکرد بۆ دواجار سەبیلێك بەر باکا، ئەو لەم چرکە ساتانەدا بیری لەپەری دەریایی دەکردەوە.

ئەی پەری دەریایی مەزن، لە کوێ لە باسکە مەلان دای؟

ئەو خۆی دەیزانی کە لە ئاستانەی دواچرکە ساتێدا تا چ ئەندازە لە تواناو شایستەی خۆی بەرخوردارە. تەنیا شتێك کەوای لێ دەکرد دەست لە ئەنجامدانی پلانەکەی هەڵگرێ. کریسك بوو کە

لەو رۆژانەدا زۆری دڵ لە لای بوو و هۆگری ببوو بەردەوام خۆی لە پاڵ ئەو پیرەمێردەوە دەچەسپاند و لە کەناری ئەودا گەرمی و کۆمەگێکی هەست پێدەکرد.

دڵی بەم نەوجەوانە دەسووتا. بەڵام هەر لەبەر خاتری ئەو دەبووایە ئەو کارە ئەنجام بدا کە پلانی بۆ کێشابوو ئەویش گیان لە دەستدان بوو....

بەم جۆرە ئەو دوارۆژە درێژ و خەم ئەنگێزەی ئەرگانی ریش سپی کۆتایی هات.

شەو بوو، شەوێکی دیکەش داهاتەوە.

بەڵام ئەم شەوەش وەك شەوانی رابردوو هەوا گۆڕانکاری بەسەردا نەهات. تەم هەموو شتێکی لەناو دەریادا بە هەمان حاڵی ئارامی تەواو و سڕیەوە لە ژێر رکێفی خۆی نابوو. و جارێکی دیکەش تاریکی ئێوارە داهاتەوە کە شەوی بێ کۆتایی و دوورودرێژی لە توانا بەدەری ترسناکی بەدواوە بوو. چەند خۆش بوو نیوەشەو بایەك هەڵی کردبا یان لافاوێك یان هەر شتێك دەبوو، روویدابا، تەنیا ئاسمانی ساف و ئەستێرە دەدیتران! بەڵام شەو ئومێدی شتێکی وای نەدەدا. هیچ شەپۆلێك بەسەر ئاوەوە نەدەدیتراو هیچ بایەك نەدەجووڵا _ هەموو شتێك لە بێدەنگیەکی بێ پایان و لە تاریکیەکی بێ کۆتاییدا رۆچووبوو. بەلەمێکی تاك و تەنیا لەناو تاریکیدا بە خۆوە چەند کەسێکی کە بە دەست ئازاری برسیەتیەوە.

ئازاری تێنوێتی لە گیانەڵا دابوون، لەسەر خۆو بە ئارامی بەرەو چارەنووسێکی نادیار و مەحکوم لەناو تەمێکی ئەستووردا چەرخەلەی دەدا.

کریسك تێنەگەیشت کە بە تەواوی چ کاتێك بوو خەو بردیەوە. بەڵام لەبەر هیلاکی و تێنوێتی لە توانابەدەر ماوەییەکی زۆر نەیتوانی بنوێ. وای دەهاتە بەرچاو ئەو دەردەی کە جەزرەبەی گیانی دەدا، کۆتایی نابێ. ئەو تەنیا ئاوی دەویست، تەنیا ئاو و هیچی دیکەنا، هەستی برسیەتی بەرەبەرە وەك ئازارێکی سووك دەروونی، لاوازی دەبوو، بەڵام تینوەتیەکە تا دەهات. زێترو زێتر ئازاری دەدا و هەڵی دەپروکاند. هۆیەك بۆ چارەسەرکردنی ئەم دەردە لەبەر دەستدا نەبوو و دەست بە هیچ کۆییەك رانەدەگەیشت.

کریسك سەردەمی منداڵی بەبیرخۆی هێناوە. رۆژانێك کە زۆر نەخۆش و تایەکی داغی لێ بوو کەوتبوو، حاڵ و باری زۆر خراپ بوو و زۆری تینو بوو، دایکی یەك بست لە پشت سەری دوور نەدەکەوتەوە و بەردەوام پارچە پەرۆیەکی تەڕی بە نێو چەوانە داغ و سوور بۆوەکەی ئەو دادەهێنا، بە

دزیەوە دەگریاو لە ژێر لێوەوە شتێکی دەخوێند، لە تاریك و روونی ڕۆشنایی بەر شەپلێتە[14] و لەسەرابێکی کە لە دووردا وەنەوزی دەدا، دەم و چاوی دایکی بەسەریدا هاتەوە، باوکی لە ماڵەوە نەبوو، ئەو لە ناو دەریادا بوو. کریسك حەزی دەکرد کە باوکی زووتر بگەڕێتەوە ماڵەوە، حەزی دەکرد چۆرە ئاوێکی بەسەر لێوەوە بنێن، بەڵام نە ئەمەو نە ئەو خواستەی نەهاتنەدی.

باوکی زۆر لێیەوە دوور بوو و دایکیشی ئاوی نەدەدایە. دایکی هەر پارچە پەرۆی تەڕ دەکردو بەسەر لێوەکانیەوە دەنا.

بەڵام ئەم کارە تەنیا بۆ چرکەساتێك دەردو ئازاری ئەوی ئارام دەکردەوە، و دیسان ئاوی دەویستەوە و تینوەتیەکەی کاری بوو و، رکێفی لێ سەند بوو.

دایکی لەبەری دەپاڕاوەو تەمێ ی دەکرد کە ئاو نەخواتەوە، دەیگوت دەبێ ددان بە خۆتدا بگری ی و نەخۆشیەکە دەپەڕێ و چاك دەبیەوە، دایکی دەیگوت:

- ورە بدە بەرخۆت، عەزیزم، بەرە بەیان چاك دەبیەوە، تۆ لەبەر خۆت هەر ئەمە بڵێوە و دووبارەی بکەوە:" مشکی ئاوی، ئاوم بدەیە." ئەوساکە دەبینی حاڵت باشتر دەبێ. ئازیزم لەبەر مشکی ئاوی بپارێوەو تکای لێبکە، با بە ڕاکردن بێ، ئاوت بۆ بێنێ.... تۆ تەنیا پڕ بە دڵ و بە تەواوی تکای لێ بکە....

کریسك لەو شەوەدا، لە حالێکدا لەگەڵ تینوێتی لە جەنگدا بوو، ئەم وێردە جادوویەی دەگوتەوە و بەراستیش چاوەڕێ بوو کە ئێستا نا ئێستا مشکە ئاوی بەڕاکە ڕاك دێت و ئاوی بۆ دەهێنێ. ئەو بێ پسانەوە دەپاڕاوە: " مشکە ئاوی، ئاوم بدەیە، مشکە ئاوی ئاوم بدەیە، و لە دواییدا گەرچی لەناو کوڕەی تادا بێ هێز دەبوو وڕێنەی دەکردو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام دەپاڕاوە " مشکە ئاوی، ئاوم بۆ بێنە." مشکی ئاوی ماوەیەك سەرو کەللەی بەدەرنەکەوت، بەڵام ئەو بەردەوام هەر ورتە ورتی بوو و دەگریاو دەنالایەوە:

"مشکە ئاوی ئاوم بدەیە" سەرەنجام مشکە ئاوی هات. گیانی ساردو وەك شنەی نیوەڕۆیانی سەر رووبارەکانی ناو جەنگەل، وەگێرهێنان و دیتنی لە توانادانەبوو. دیاربوو کە بە تەواوی هەوایەکی ئاوی رەنگ، وەك پەپوولە لە باڵەفرە دایە. مشکێکی بچکۆلە لە حالێ باڵەفڕەدا باڵە نەرمەکانی خۆی لە سەروچاوو لاشان و مل و لەشی کریسك هەڵدەسوو بەمجۆرە حاڵ و باری ئەو کەمێ چاکتر بۆوە، رەنگە

١٤- شەپلێتە: شاپیتە.

مشکە بچکۆڵانەکە ئاویشی دەدایەو ئەو بەموکووڕی و تاسوقێکەوە تا ماوەیەکی درێژ ئاوی دەخواردەوە و ئاوەکە بەردەوام زۆرتر دەبوو و لە دەوربەریدا هەڵدەقوڵی و دەپرژا سەر دەم و چاوی ئەو.

کریسك بەرەبەیانی بەلەشێکی سووك و تەڕو تازەییەکەوە لە خەو هەستا. ئەگەر چی زۆر لاواز ببوو. دواتریش ماوەیەکی زۆر ئەم مشکە ئاو دەرو ئاوهێنەرەی لە مێشك دەرنەدەچوو. چۆن ئەو شەوە کاتێ کە حال و باری زۆر لە خراپیدا بوو بەڕاکەڕاك بە سۆراغی ئەو داهات. ئاوی دایەو دەردەکەی گیانی پەڕاند...

ئێستا کە کریسك لەناو بەلەمدا ماندو بووە و لەبرشت کەوتووە لە تێنوێتدا هەڵدەکروزا. هەر هەموو ئەو شتانەی بەبیر هاتەوە. چەند باش بوو جارێکی دیکەش ئەم مشکە بچکۆلانە جارێکی دیکەش دەهاتەوە! کوڕەکە لەم ساتەدا بە دەرد و ژانێکی قووڵ و خەمێکی گەورەوە بیری لە دایکی دەکردەوە کە ئومێدی پەیدابوونی مشکی ئاوی لە دڵێدا چاندبوو. ئەو بە حەسرەتەوە.

بە بیری دەهاتەوە کاتێ کە حاڵی خراپ بوو و بە زەحمەت هەناسەی هەڵدەمژی و ئەوەندە تا سوقی ئاو خواردنەوە بوو. چۆن دایکی بە میهرەبانیەوە سەری بەسەردا شۆڕ کردەوە. سیمای دایکی چەند فیداکارنەو غەم ئەنگێز بوو کە تا رادەی بەرانگێربوون بوو و بەچ پەشێویەکەوە ئامادەبوو لە رێگای ئەودا قوربانی بداو ئەوەی تەماشای ئەوی  دەکرد. دەبێ چاوێکی پڕ لە ترس و پارنەوە تەماشای ئەوی  دەکرد. دەبێ ئێستا حاڵی دایکی چۆن بێ چی بکا؟

خەم دەخوا، دەگریە و هەموو دەم لە کەنار دەریادا هەر چاوەڕێ دەکا. بەڵام وەڵامێ: لە دەریا نابیەو هیچ کەسێك ناتوانێ لەم رۆژە رەشەدا یارمەتی ئەو بدا.

بێ گومان ژنان و منداڵان لە دەوروبەری گردەکەی سەگە بەڵەکدا مەشخەڵی ئاگرەشینە دەکەنەوەو بەم هۆیە هیوای پێدەبەخشن. شایەد لەپڕ ترووسکەی خۆشیەك پەیدابێ. بەڵێ ئەوانەی لەناو دەریادا گوم بوون. لە رۆخی دەریادا پەیدابنەوە.

لەم کاتەدا ئەوان لەناو بەلەمەکەیاندا لە فەزایەکی تاریك و بێ گیان لەسەر خۆ دەخولانەوە و لەسەرخۆ و ئارام لە تاریکی تەمی ئەستووری شەودا، دوا ئومێدی دەربازبوونی خۆیان لە دەست دەدا. نا، هێزەکان زۆر نایەکسان بوون. لە لایەکدا تاریکی ئەبەدی کە پێشی بەدەرکەوتنی رۆژ جیهانی بوونی تەنیەوە، و لە لایەکی دیکەدا چوار تەن مەحکومی چارەنووس بوون لەناو بەلەمێکدا، بەبێ ئاو، بەبێ خۆراك و بەبێ ئەستێرە و رێنما لەناو ئوقیانووسدا گیریان خواردبوو قەت کریسك تاریکی ئەوهای لە سرووشتدا نەدیتبوو و هەرگیز نەیدەتوانی لەم تەمەنە کورتەدا رەنج و ئازاری تینوەتیەکی

وا له ڕادەبەدەری بە خەیاڵ دابێ. ئەو بۆ ئەوەی بەسەرخۆیدا زاڵ بێ، دەستی کرد بەبیرکردنەوە لە مشکی ئاوی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئاوی دایەو لە بەڵای ڕزگار کردو چاکی کردەوە...

کریسك بەبێ ماندوبوون ئەو وێردەی کە دایکی فێری کردبوو لەبەر خۆی دووبارە دەکردەوە: "مشکە ئاوی، ئاوم بدەیە، مشکە ئاوی ئاوم بۆ بێنە، ئەگەر چی هیچ موعجیزەیەك ڕووینەدا، بەڵام ئەو بەرپەری موکری دەپاڕاوە و درێژەی بە بانگکردنی مشکە بچکۆلە کە دەدا..

ئەو مشکە بۆ ئەو بووە سومبلی ئومێد..

مشکی ئاوی، ئاو بێنە:

کوڕەکە لە حالێکدا خۆی ماندوو دەکرد، هەوڵی دەدا بە جۆرێك بیری تینوێتی لە مێشکی خۆیدا نەهێڵی، جارێك خەوەکوتکە دەیبردەوەو جارێکی دیکە بە ئاگادەهاتەوە، گوێ ی دەدایە قسەکانی ئەرگان و ئەمرایین. ئەم دووانە ماوەیەکی درێژ سرتوخرتیان بوو. قسەکانیان عەجیب و غەریب بوو نەدەکرا تێیان بگا. قسەکانیان بچر بچر بوو و ناو ناوە نائاشکراو ناڕوون بوون.

کریسك قسەکانی ئەرگانی باشتر دەناسیەوە، چونکە ڕێك لە پاڵ پیرەمێردەکە دانیشتبوو. ئەرگان بە زەحمەت قسەی دەکردو زۆر بەزەحمەت هەناسەی هەڵدەکێشاو بەبەرهەڵستیەکی تەواوەوە هەوڵی دەدا بەسەر گیرانی دەنگی و لرخەلرخی سینگیدا زاڵ بێ.

بەڵام دەنگی باوکی کە دوورتر لە کەناری سەوڵەکان دانیشتبوو، خراپتر دەهاتە گوێ ی..

ئەمرایین کە وەك بڵێ ی کەسێك لەوێدا گوێ لە قسەکانی ئەو رادەگرێ بە گەرمیەکەوە لە ژێر لێوەوە دەیگوت:

- بابە گەورە، بیربکەوە، من کە نابێ ئامۆژگاریی تۆ بکەم، تۆ مرۆڤێکی بەهۆش و تێگەیشتووی.

ئەرگان بە موکوڕی لەسەر بۆچوونەکانی خۆی وەڵامی داوە:

- زۆرم بیرکردەوە، باشیشن بیرکردەوە، بەو جۆرە باشتر دەبێ.

بۆ دەمێك هەردووکیان بێدەنگ بوون و پاشدا ئەمرایین گوتی:

- هەموومان لە ناو بەلەمێکداین، دەبێ چارەنووسیشمان یەك بێ.

پیرەمێردە بە خەمێکی گەورەوە لە ژێر لێوەوە گوتی:

- بەڵێ، گوتت چارەنووس، چارەنووس، دوایی بە دەنگێکی گیراوەوە گوتی:- هەموو کەسێك ئەمە دەزانی کە چارەنووس پێشوەخت دیارکراوە، هەر لەبەر ئەوەشە دەڵێن لە چارەنووسراو، بتەوێ یان نەتەوێ دەبێ خۆتی بدەی بە دەستەوە ئێستا کە دوا دوایی کارەکەمانە دەبێ یەکێك بەپێ ی خۆی

بەرەو چارەنووسەکەی بچیٚ، بۆ ئەوەی چەند رۆژێکی دیکەش ئەوانەی ماوەنتەوە بژیەن خۆت بیری لیٚ بکەوە، ئەوە هاتو ریٚگاکان نەکرانەوە، بە هەموو توانا ملی ریٚگاتان گرت، وشکانیش لەبەرچاوتانە، بەلاٚم بۆ زیندوومانەوەتان چەند قومە ئاوێکی کەمتان هەیە، باشە، ئەمە عاقلاٚنەیە، ئایا ئەوە ئازاردەر نیە؟!

ئەمرایین وەلاٚمێکی ناروون و ئاشکرای داوەو دوای ئەوە هەردووکیان بیٚدەنگ بوون.

کریسك هەولٚی دەدا بنویٚ و بەردەوام بانگی مشکە بچکۆلە رەنگ ئاویەکەی دەکرد، وایدەزانی کە هەر کاتیٚ خەوی لیٚکەوت، مشکە بچکۆلەش پەیدادەبیٚ... بەلاٚم هەی هو خەو لە کویٚ ی بوو...

مشکە ئاوی، ئاوم بدەیە!

ئەرگان پرسی: باشە، میلگون چۆن؟

ئەمرایین وەلاٚمی داوە: هەروەك پیٚشوو راکشاوە، پیرەمیٚردە کەمیٚ خۆی وەخراند و لە دواییدا لە ژیٚر لیٚوەوە ورتەو ورتیٚکی کردو گوتی:

- دەلیٚ ی راکشاوە، هەر کاتیٚ بە ئاگاهاتەوە، بۆی بگیٚرەوە ئەمرایین بە دەنگیٚکی لەرۆزکەوە بە زۆر بە کۆخەیەك سینگی خۆی ساف دەکرد گوتی: - باشە بابە گەورە، هەروەکو گوتمان، هەر کاتیٚ بە ئاگاهات بۆی دەگیٚرمەوە.

- پیٚ ی دەلیٚ ی کە من ریٚزم لیٚدەنا، ئەو راوچیەکی لیٚهاتووەو مرۆڤیٚکی ناعاقلیش نیە، من هەمیشە ریٚزم بۆی هەبووە.

مشکە ئاوی، ئاوم بدەیە!

لە دواییدا ئەمرایین شتیٚکی گوت کە کریسك بە تەواوی قسەکانی ئەوی نەبیست. بەلاٚم ئەرگان وەلاٚمی داوە:

- نا ناتوانم سەبر بگرم، مەگەر نابینی؟ لە توانامدا نەماوە، سەگی باش دوور لە چاوان دەنۆبیٚ. من خۆم، من مرۆڤیٚکی گەورە بوون و ئەوەی من دەیزانم، من هەمیشە پەری دەریاییم لە خەودا دەدیت، تۆ لەم ناگەی، من دەمەویٚ بۆ ئەویٚ بچم...

ئەوان دیسانەوە لە بارەی شتیٚکەوە قسەیان کردەوە، لە کاتیٚکدا کریسك بانگی مشکە ئاوی دەکرد. خەو بردیەوە.

مشکە ئاوی، ئاوم بدەیە!

دوا قسەی کە گویٚ ی لیٚ بوو ئەمە بوو کە باوکی لە ئەرگان نزیك بۆوەو گوتی:

-بابە گەورە لە بیرتە کە بازرگانەکان بە خۆیان و ئاسکەکانیانەوە هاتبوون تەوریان بەشتی دیکە دەگۆڕیەوە. لەبیرتە کابرای زەبەلاحی سیسە دەیگوت کە لە مەملەکەتێکی دوور، مرۆڤێکی گەورە هەبوو بەسەر دەریادا دەڕۆیشت، ئاخر ئەم جۆرە کەسانەش هەبوون...

ئەرگان وەلامی داوە:

- ئەو زۆر زل بوو، لە هەرچی گەورە هەیە زل تر بوو. بەلام بۆ ئێمە گەورەترین بوونەوەر، ئەوپەری دەریاییە لەوێوە ئیدی کریسك کەوتبووە خەو، بەلام بە لێڵی لە هەندێ وشە دەگەیشت.

- هێوربەوە، کەمێ بیربکەوە.

- کاتی هاتوە، من ژیانی خۆم بەسەر بردوە، پێشم لێ مەگرە.... لە توانام دانەماوە، چیدی ناتوانم...

- لەم تاریکیەدا...

- چ جیاوازیەکی هەیە...

- من هێشتا قسەکانم بۆ تۆ نەکردوە.

- قسە تەواو نابێ، دوای ئێمەش تەواو نابێ..

- لەم تاریکیەدا...

- ئێوە خۆتان ئاگادارن، لەوێدا کەمێ ئاو هەیە...

ناو لەپێکی گەورە، پان و زبر بەسەبری و بە پارێزەوە لەسەر سەری کورێژگەکە دەنرا، ئەو لە جیهانی خەودا تیگەیشت کە ئەم دەستە، دەستی ئەرگان بوو... ماوەیەك ئەم دەستە گەرمو سەنگینە لەسەر سەری کوڕەکە دابوو، دەتگوت دەیویست، ئەو — لەسەری کریسك پاسداری بکاو ئەوی لەبیربێ و یادی بکاتەوە...

کریسك لە خەونیی وا بوو کە پیادە بەسەر رووی دەریادا دەروا و بەرەو ئاقارێك دەچێ کە دەبێ رووبەرەو وشکایی بێ و بتوانی هەر چەندێکی دەیەوێ ئاو بخواتەوە.

هەنگاوی دەنا، نقومی ناو ئاوەکە نەدەبوو. لە هەموو لایەکدا دیمەنی عەجایب و سەرسورهێنەر بوو تا چاو کاری دەکرد، لە هەموو لایەکدا دەریایی پاك و روون و درەوشاوە پان ببۆوە. لە جیهاندا جگە لە دەریاو هیچ شتێکی دیکە نەبوو. تەنیا دەریاو ئاو بوو. و ئەو لەسەر ئاوەکە. هەروەك بەسەر زەویدا بڕوا. ئەوها دەڕۆیشت.

شەپۆل لە هەموو شوێن و لایەکدا، ئارام و رێك و پێك، لە ژێر پرتەوی تیشکی خۆردا شەپۆلی دەدا. لەوە نەدەگەیشت کە ئەم شەپۆلانە لە کوێوە دەهاتن و بۆ کوێ دەچوون.

کریسك تاك و تەنیا بەسەر ئاوی دەریاوە هەنگاوی دەنا. لەسەرەتا وای بە خەیاڵدا هات کە لە پێشی ئەرگان و ئەمراپین و میلگونەوە رای کردو رۆیشت تا ئەو بدۆزێتەوە و خێرا هەواڵیان بۆ بێنی. بەڵام لە دواییدا زانی کە جگە لەو هیچ کەسێك لەوێ نەبوو. ئەو هاواری دەکرد، بانگی ئەوانی دەکرد، بەڵام کەس وەڵامی نەداوە. نە کەسێك لەوێ بوو نە دەنگێك دەهات و نە سێبەرێك دەدیترا. ئەو نەیدەزانی ئەوان چیان لێهات و بۆ کوێ ون بوون. ترسی لێ نیشت.

ئیدی نەیدەتوانی هاوار بکا. لە هیچ لایەکەوە زەوی نەدەدیترا، بەسەر دەریادا رای دەکرد، هەناسە بڕکێ ببوو. هێزی تێدا نەمابوو، بەڵام لە هیچ شوێنێك نزیك نەدەبۆوە، لە جێگای خۆیدا مابۆوە، تینوێیتەکەی زۆرتر دەبوو زێتر بێ هێزو توانای دەکرد. لەناو ئەم گێژەدەییە پەلەوەرێکی دیت کە بەسەر سەریەوە دەفڕی. ئەو پەلەوەرە "ماسیگرە" بوو کە دەگەڕا شوێنێك بۆ هێلانەی خۆی بدۆزێتەوە، بە قاوو قیژ بە ئاسمانەوە دەفڕی و بەڵام لە هیچ جێگایەکدا شوێنەواری وشکاییەك نەدەدیترا. لە هەموو لایەکدا شەپۆلی بێ کۆتایی بەسەر یەکدا دەهاتن.

ئەردەکی لوور بە دەنگێکی پڕ لە سام و شکۆوە دەینالاندو بەم لاو بەو لادا دەفڕی. کریسك گوتی:

- ئای ماسیگرە! پێم بڵێ، زەووی لە کوێیە. لە کام لایە، من تینووم!

ئەردەکی لوور وەڵامی داوە:

- هێشتا وشکانی لە جیهاندا پەیدانەبوو، لە هیچ جێیەکدا نیە! لە هەموو لایەکدا تاو چاو بڕ دەکا تەنیا هەر ئاوەو هەر ئاوە!

کوڕیژگەکە هەواڵێکی ئەوانەی لێ ی بزر ببوون، پرسی و گوتی:

- ئەدی ئەوانی دیکە لە کوێن؟

ماسیگرە وەڵامی داوە.

- ئەوان نەماون، بە دوایاندا مەگەڕێ، ئەوان لە هیچ شوێنێکدا نەماون. ترس و هەراسانی و خەفەتی تەنیایی. ترس و کەسەرێکی زۆر لە رادەبەدەریان خستە دڵی کریسك. حەزی دەکرد لەوێ رابکاو نەمێنێ و سەر بۆ بیابان هەڵگرێ. بەڵام هیچ جێگایەك نەبوو پەنای بۆ ببا، لە هەموو لایەکدا هەر ئاو و شەپۆلی بێ پایان بوو.

ماسیگرە لەو پەڕی ئاسۆداو بوو بە خاڵێکی رەش و لەبەرچاوان ونبوو.

کوڕەکە بە دەنگێکی پڕ لە پارانەوە گوتی:

- ماسیگرە لەگەڵ خۆتم ببە، تەنیا لێرەم بە جێ مەهێڵە!

بەڵام ئەردەکی لوو وەڵامی نەداوەو بە خێرایی بە دوای ئەو زەوی و جیهانەی کە هێشتا بوونی نەبوو، بە پانتایی ئاسمانی سەردەریا لە حوکمی چاوان بزر بوو.

لەتاو گەرمی تیشکی خۆر مرۆڤ چاوی مۆلەق دەما، کریسك دەم بەگریان و چاو پڕ لە فرمێسك لە خەو بەئاگاهات و هێشتاش هەر هەستی بە ترس خەم و دڵەراوکەو بێچارەیی خۆی دەکرد. لەسەر خۆ چاوە فرمێسکاویەکانی هەڵێناو تێگەیشت کە خەوی بینیوە. بەلەمەکە هێدی هێدی بەسەر ئاوی دەریادا لە مەلە مەل دابوو. دنیا خەرك بوو بوولێڵە دەبوو و تەمێکی خۆڵەمێشی بە هەموو لایەکدا بڵاو ببۆوە. وا دیار بوو شەو کۆتایی هاتبوو و بەرەبەرەی بەیان بوو. کریسك تەکانێکی دا، دەستی بەرەو ئەرگان درێژ کرد و لە ژێر لێوەوە گوتی:

– بابە گەورە، ئاوم دەوێ،من خەونم دیت... بەڵام کەسی بەردەستان نەکەوت،شوێنی ئەرگان لەناو بەلەمەکەدا چۆڵ بوو.

– کریسك جارێکی دیکەش گوتی:

– باپیرە:- بەڵام دیسانەوە کەس وەڵامی نەداوە.

– کوڕێژگە سەری بڵند کرد، راچلەکی و زریکاندنی:-باپیرە

هۆ باپیرە لە کوێ ی؟

ئەمرایین بەتەکانێك لێی نزیك بۆوە، جگەر گۆشە شیرینەکەی خۆی توند گرتە باوەش و گوتی:

- قاوقیژمەکە واز لەم دادو هاوارە بێنە، چیدی بانگی بابە گەورە مەکە! ئەو چۆتەکن پەری دەریایی.

بەڵام کریسك گوێ ی بەم قسانە نەداو و هاواری کرد:

- بابە گەورەکەم لە کوێیە؟ بۆ کوێ چووە؟ باوکە هەوڵی دا کوڕەکە هێمن کاتەوەو گوتی:

- مەگری رۆڵە هاوار مەکە! ئارامت بێ، کوڕە شیرینەکەم، بابە گەورە نەماوە. چیدی مەگری. بابە گەورە پێی گوتم کە ئاوت بدەمێ. هێشتا چۆرە ئاوێکمان ماوە، تۆ مەگری، من ئاوت دەدەمێ. تکا دەکەم مەگری. تەمەکە بەم زووانە دەڕەوێتەوە، ئەوسا دەبینی...

کریسك ئۆقرەی لەبەربڕابوو بەهەموو هێزو گوڕێکی کە تێیدا بوو کە خۆی لە باوەشی باوکی راپسکێنێ. لە ئەنجامی ئەم جولە جولە بەلەمەکە بەم لاو ئەولادا لاونیو دەبوو. ئەمرایین نەیدەزانی چی بکاو گوتی:

- هەر ئێستا سەوڵ لێدەدەم و بەلەمەکە داژۆم! ببینە، ئێستا دەکەوینەرێ! ئای، میلگۆن، هەڵسە دەی راستبەوە، دەڵێم راستبەوە! سەوڵ لێدە بابڕۆین!

میلگۆن دەستی بەسەوڵ لێدانکرد، بەلەمەکە لەسەرەخۆ بەسەر ئاوەکەدا ڕۆیشت، ئەوان سەرلەنوێ لەناو تەم و مژێکی سپی چڕوپڕیەکپارچە کە وەك پێشوو سەرانسەری ئەو ناوەی داگرتبوو. دیارنەبوو بۆ کوێ و بۆچی جمان.

بەمجۆرە ئەوان بۆ پێشوازی ڕۆژێکی نوێ چوون، ئەوان ئێستا لەناو بەلەمەکەدا سێ کەس بوون.

مشکی ئاوی، ئاومان بدەیە!

لەپاشان کە کریسك کەمێ تۆتکەی گرت. ئەمراییینیش سەوڵەکانی گرتە دەست، هەردووکیان کەوتنە سەوڵ لێدان خێراتر بۆی جوولان. دیسانەوە دیارنەبوو بۆ کوێ و بەرەو چی دەڕۆن، بەڵام کریسك کە بە ونبوونی ئەرگانی پیر حەپەسابوو، بە هەتیوباری لە دواوەی بەلەمەکەدا دانیشتبوو و دڵ پڕ لە خەم و کەسەر لشم و هۆڕی گریانی بوو. باوکەو میلگۆنیش پەژمردەو غەمگین بوون. بەڵام نەدەیانتوانی یارمەتی خۆیان نەهی کریسك بدەن. تەنیا کارێکی کە لە دەستیان دەهات، ئەوەبوو کەسەوڵەکان بە دەستەوە بگرن و بەبەردەوامی سەوڵ لێبدەن. سەوڵیان لێدەداو بۆی دەجوولان، تەنانەت بۆ ئەوەی سەوڵ لێبدەن لە جولەدابن چیتر نا، دەم و چاویان لەناو تەمێکی سپی لێڵ و تاریك دەهاتەبەرچاوان...

هەموویان لەگەڵ بەدبەختیەکی گشتی و هەمەلایەن، بەدبەختی بێچارەیی، بەدبەختی بێ ئامانی، یەعنی برسیەتی و تێنوێتی، سەریان لە ڕاکردن نابوو.

لەبارەی هیچ شتێکەوە متەقێکیان لێوەنەدەهات،دەترسان قسەیەك بکەن. دوای ماوەیەك میلگۆن وازی لە سەوڵەکانی هێناو بەدەنگێکی غەماوی بەئەمراییینی گوت:

- بێنە ئاو دابەش کە!

ئەمرایین ئاوی ناو تەپلی بنی جلیکانەکەی بەچەند جورعەیەك و بەچەمچەیەك بەسەر هەریەکێك لەسەرنشینانی بەلەمەکەدا دابەش کرد. ئاوەکە تام کۆن و ناخۆش بوو. بەڵام لەو ئاوەش هەرکەمێك مابۆوە. تەنیا بەشی سێ چوار جاری دیکەی دەکرد. هیچ یەکیان بەو ئاوە تینوێتیان نەشکا.

دیسان هەرچاوەڕێ ی مەرگەمووشی بوون. چاوەڕوانی سەرسووڕهێنەر دەستی پێکرد کە ئایا کەش و هەواکە دەگۆڕێ، یان نا؟

ئیدی هیچیان پێشبینیەکی ئومێد بەخشی نە دەکرد. هەموویان ماندوو وەرس ببوون، ناچار بارێکی بێ وێنە یاخەگیریان بوو، لەناو بەلەمەکەدا دانیشتبوون و بەبێ ئامانج و مەبەستێك لەناو تەمە توانا بڕۆکێنەکەدا دەخولانەوە. جگە لەوەی خۆیان بدەنە دەست قەزاوقەدەر چارەسەکی دیکەیان

نەبوو. تەم دەم لە دەمێ پتر تواناى ئەوانى بێهێزو لاوازتر دەکرد. تەنیا جارێکیان میلگۆن دواى چەند جوێنێکى تەڕوتازە.بەدەنگێکى لەرزۆك و پڕ لە نەفرەتەوە گوتى:

- من ئامادەم بمرم! تەنیا ئەو تەمە لەبەین بڕوا، خۆم لەناو بەلەمەکەوە لە دەریا دەهاوێم، تەنیا بە چاوى خۆم گۆشەێیکى دنیا ببینم!

ئەمرایین متەقى نەکرد. تەنیا ئاوریشى نەداوە، ئەو ئێستا لەناو بەلەمەکەدا لە جێى ریش سپى بوو. ئەو پێشبینیەکى دیکە نەبوو بیکا. جێگاێیك نەبوو رووى بەلەمەکە بەرەو ئەوێ لێخوڕێ.

کات تێدەپەڕى. بەلەمەکە هەر بۆ خۆى لە جوولاندابوو، جارێکیان بەبێ جوولە دەوەستاو جارێکى دیکەیان سەرلەنوێ دەکەوتەوە جولە.

هەموو ساتێك ترسى مردن پتر دەبوو، قوڕەى زگێکى برسى و لەتوانا بەدەر لەگەڵ تینوێیتیەکى لەرادەبەدەر تێکەڵ دەبوو، توانایان نەدەماو لەبڕشت و پەل و پۆ دەکەوتن.

کریسك بە نیوە چاو چوقانێکەوە لە دواوەى بەلەمەکە راکێشابوو. سەرومێشکى گران بوو و وڕوگێژبوو، بەدژوارى هەناسەى دەدا، هەموو دەقەیەك لە ئەنجامى برسێتى و سکەخاڵیەکەى حاڵ و باڵى تێکدەچوو. هەموو دەم هەستى بە تێنوێتى دەکرد.

زۆر زۆرى هەست بە تێنوێتى دەکرد.

مشکە ئاوى ئاومان بۆ بێنە!

ئەو کوڕە بەردەوام مشکە ئاوى ئاوگێڕى سوێند دەدا، داواى یارمەتیى لێ دەکردو هەوڵى دەدا لە هۆش خۆى بچێ، ئێستا ئیدى بۆ قوتاربوونى لەناو یادەوەریەکانى ئەو ژیانەدا دەگەڕا، کە لە دامێنى گردى سەگەبەڵەکدا مابۆوە و کەئێستا وەك ئەفسانە خۆى دەنواند و کەس دەستى پێى نەدەگەیى.

لەسەرخۆ لەبەرخۆیەوە دەیگوت:" مشکە ئاوى، ئاومان بۆ بێنە!" و لەبەرئەوەى سەرى دەسوڕا، دەیهێنا بەرچاوى خۆى کە چۆن یارییان دەکردو وەك قەدى درەختێك لەسەر گردێکى بەگیاوگوڵ داپۆشراوەوە خلۆر دەبوونەوە، ئاى کە ئەم یارییە چەند خۆش و پێکەنیناوى بوو! کریسك لەم یارییەدا لە هەموو مندالان چاپووکترو بەهێزو گوڕتربوو. دەبووایە بەراکردن بەسەر گردەکە بکەون و لەوێشەوە رێك وەك کاریتەیەکى لووسکراو کە لە نشێوەکەدا کرابێتەوە، بەدەورى خۆیدا چەرخەلە بخواو بەرەو خوار خل بێتەوە. دەبووا دەستەکان رێك بەخۆوە بنووسێنرێ. لەسەرەتا دەبووایە خۆت هەوڵ بدەى تا بەتەواوى رێگاى خلۆر بوونەوەت دەدۆزیەوە. دواى ئەوە دوو سێ جاران بەدەورى خۆتدا گەوز دەدەى ئیدى خۆت لە خۆتدا تلت دەداو خۆت بۆ نەدەگیراوە. لە خەنى و خۆشیاندا قاقا پێدەکەنى، ئاسمان جارێك بەم لاو جارێکى دیکە بەو لادا دەسوڕاوە، هەورەکان چەرخ دەدەن و دەبریسکێنەوە،

درەختەکان بەدەوری خۆیاندا چەرخەلەیان دەدا و دەکەوتن. هەموو شتێك ئاوێزان دەبوو لەو ئاسمانەدا، بەڵام خۆر لە ئاسماندا لە پێکەنینان شەقی دەبرد. لە هەموو لایەکەوە قاوقیژی منداڵان بەرگوێ دەکەوت. بەرەو خوار خێراو خێراتر تل دەخۆی. دەم لە دەمێ پتر و خێراتر خلۆر دەبیەوەو لەم سەروبەندانەدا جارێك دەم و چاوی منداڵان و جارێکی دیکە پێیە شەت و گێرِبووەکانی ئەو منداڵانەی بەدوای تۆدا رادەکەن، بە باشترین شێوە بەدیاردەکەون و بزردەبنەوەو سەرەنجام لە پڕ دەوەستی، و تەنیا گوێیەکانت دەزرنگێنەوە. و ئێدەو ئەم کاتەت گرنگترین و بە هەستترین چرکەیە. دەبێ تا ژمارە یەك _ دوو _ سێ بەخێرایی لە شوێنی خۆت راستبیەوە و لەسەر پێیان قیت راوەستی و سەرەسوورِە نەتگرێ. هەموو منداڵێك لە جاری یەکەمدا دەکەوێ. زۆر پێکەنیناوییە، هەموو پێدەکەنن، خۆشت پێدەکەنی. دەتەوێ لەسەر پێیان خۆت راگری، بەڵام دنیا لە ژێر پێتدا دەسورِێتەوە. بەڵام کریسك قەت نەدەکەوت. هەوڵیدەدا لەسەر پێیان بوەستێ و دەشوەستا، لەبەر ئەوە هەموو کات موزلوك هەر لە دەوروژخی ئەودابوو، و کریسك قەت نەیدەویست وەك فلاَن و فلَتانە منداڵی لەمەرِەمردوانە. لەبەر چاوی موزلوك بکەوێ.

بەڵام لە هەموو کاتێك خۆشترو پێکەنیناوی تر ئەوە بوو کە ئەوان پێشبرِکێیان لەگەڵ موزلوکدا دەکردو لەسەر گردەکەوە خۆیان خلۆری خوارەوە دەکرد. کچۆڵەکانیش دەیانتوانی لەسەر گردەکەوە خۆیان خلۆربکەنەوە. بەڵام ئەوان ترسنۆك بوون و جاری وا دەبوو کەزییان لە شتێك گیر دەبوو، بەڵام ئەمەیان حسێب نەبوو، هەڵبەتە لەم کارە پێکەنیناوی و دڵخۆشکەرەدا جێگایەك لەلەش شین و مۆر دەبۆوە.

بەڵام هەرکە ئەو و موزلوك پێکەوە خۆیان خلۆر دەکردەوە کریسك بە ئانقەست کەمێ دەستی خۆی خوار دەکردەوە تا خێراییەکەی کەم بێتەوە و پێشی موزلوك نەگرێتەوە.

ئەوان لە نێو قاوقیژوهات و هاوارو پێکەنینی منداڵان، لەیەك کاتدا دەگەیشتنە خوارەوە، لەیەك کاتدا تا ژمارەی سێ لە جێێ ی خۆیان راست دەبوونەوە، و هیچ کەسێك نەیدەزانی کە کریسك کاتێ موزلوکی دەگرت و یارمەتی دەدا تا نەکەوێ، چ تام و چێژێکی خۆشی دەدیت. ئەوان بەبێ ئەوەی ئاگایان لەخۆ بێ یەکدیان لە باوەشێ دەگرت، گوایا هاریکاریی یەکدی دەکەن تا نەکەون، موزلوك لە قوڵایی دڵەوە پێدەکەنی و لێوەکانی عەجیب سەرنج راکێش بوون. هەمیشە وای دەکرد کە کریسك نەهێڵێ بکەوێ، وای لە خۆی دەکرد کە خەریکە دەکەوێ، و کریسك دەبووایە ئەو لە باوەشی بگرێ و نەهێڵێ بکەوێ، کەس هەستی بەوە نە دەکرد کە ئەوان لەم لێك گیربوون و خۆپێکەوە نووساندنە چ کات و چرکەیێکی پڕ لە خۆشییەکی نائاشناو ئەڤینێکی پڕ لە ترسییان بەسەردا دەگوزەرادا دڵی

شەیدای کیژۆڵەکە لەژێر کراسە تەنك و ناسکەکەیدا لە خورپەولێدان دابوو، هەرجارێکی کەلەشیان بەریەکدی دەکەوت و کریسك هەستی  دەکرد کە چۆن چۆنی مەمکۆڵە فنجانییە سفتەکانی موزلوك کە تازە سەریان هەڵدابوو، دەکەوتنە ناو دەستی و لەم کاتەشدا موزلوك چۆن وەك شەنگەبی دەکەوتە لەرزەو خۆی بە کریسکەوە دەنووساند و چاوەکانی موزلوك لەم کەین و بەین و لەژێر ئەم کاریگەریەدا مەست و خومار ببوون، بەشێوەیێکی چەند پڕ لە نهێنی و ئەفسوناوی دەدرەوشانەوە، و سەرانسەری جیهان، هەرچیەکی لەسەر زەوی و لە ئاسمانانیدا بوو، لەنێو پێکەنین و شادومانیی ئەواندا و لەگەڵ ئەواندا لە باڵفرەدابوون و چەرخەلەیان دەدا.

نەدەکرا کەس پەی بەوە ببا کە ئەمە چ خۆشی و شایی و لۆغانێك بوو!

تەنانەت جارێکیان یەکێك لەخەڵکی ناوهۆزەکەیان کەوا کەمێك لە کریسك هەراشتر بوو، بەمەی زانی، و ئەم کوڕە دڵ پر لە قین و نەفرەتە، وەك لەبەر گێژی و وڕی نەتوانێ لەسەر پێیان بوەستێ، ئەحمەقانە خۆی هاویشتە سەر موزلوك، موزلوك سڵەمییەوە و بۆ دواوەکشاوە، خۆی لە دەست راپسکاند، و کوڕەکە خۆی وا نیشاندا کە سەری دەسوڕێ و خەریکە دەکەوێ، و خۆی گەیاندە موزلوك و خۆی هەڵدا سەری. کریسك لەگەڵ کوڕە یەخانگیربوون. ئەو کریسکی ئەردی دا. لەگەڵ ئەمانەشدا شەرەکە بەبێ ئەنجام کۆتایی هات، کەس بەسەرکەسدا سەرنەکەت، لەبەر ئەوەی کریسك خۆی نەدەدا بە دەستەوە و نەدەییشی هێشت دەهێشت موزلوك یارمەتیی بدا. بەڵام تەنیا هەر ئەو جارە بوو چیدی شتێکی وا رووی نەداوە...

ئەو کاتانەی کە تێر یاری دەبوون، بە لەشێکی داغ و گەرم و شەڵاڵی ئارەقە بەرەو رووبارەکە رایان دەکرد، تا چۆڕە ئاوێك بخۆنەوە، کاتێکی هەر زۆر دڵخۆشکەرو شیرین بوو،

مشکە ئاوی، ئاومان دەیە

مشکە ئاوی، ئاومان بۆ بێنە!

سەرچاوەی رووبارەکە لەناو جەنگەڵەوە دەهات و بەنزیکی جێگای یاریەکەی ئەواندا تێدەپەڕی. ئاوی رووبارەکە بەخورە خوڕ بەناو بەرداندا دەڕۆیشت و تاریکی و فێنکی تایبەتی ناوجەنگەڵەکەی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا، گیاو گوڵی چڕوپڕ لە هەردوو بەری رووبارەکەدا روابوون، دەکەوتنە بەرئاوەکە و قەدە بڵندەکانیان لەبەرانبەر ڕەوتی پڕ لە شادیی دڵخۆشکەری ئاوەکەدا بەرگریان  دەکرد.

جۆیبارەکە بێ خەم و خەیاڵ بۆ خۆی بەرەو دەریا دەڕۆیشت، جارێك لە ژێر تیشکی خۆردا دەدرەوشاوەو، جارێکی دیکە لە ژێر کەنار دەریای نشێوەکە دادەخزی و سەراو ژێر ئاوێزان دەبووو ناو ناوەش لە نێو گژوگیاو پنچکاندا بزر دەبۆوە.

ئەوان پێکەوە دەگەیشتنە دەم ئاوو جۆگەلە، لەیەك ئان و ساتدا لەسەردەم درێژ دەبوون، گیاو گۆلەکەیان لادەداو بینیان بە ئاوەکەوە دەنا کاتی ئەوەیان نەبوو دەست و پلیان بشۆن و تا بە گۆلمان ئاو بخۆنەوە. وەك کێوی سەریان بۆ ئاوەکە دەبرد، دەم و چاویان لە ئاوەکە دەناو ئاویان دەخواردەوە، ئاوەکە خوڕەخوڕی بوو ختوکەی دەم و چاوی دەدان. وای کە خۆش و بەتام بوو!

مشکە ئاوی، ئاوم بدەیە!

مشکە ئاوی، ئاوم بدەیە!

ئای مشکە ئاوی، ئاوم بدەیە!

ئەوان لە دەم جۆگەلە درێژدەبوون ملیان بۆ ئاوەکە شۆڕ دەکردەوە، شانیان پێکەوە دەچەسپاندو دەستیان لەناو ئاوەکە دەنا، لەناو ئاوەکەدا دەستیان لەناو دەستی یەکدی دەنا، دەتگوت بەهەردووکیان جووتە دەستێکی هاوبەشیان هەیە. پڕ بەدڵ ئاوەکەیان هەڵدەقوڕاند، هەناسەیەکی تازەیان دەدا، بەتام و چێژەوە ئاوێکی زۆریان دەخواردەوە، هەرکە بە تەواوی تێر ئاو دەبوون، دەکەوتنە یاری کردن، دەمیان بە ئاوەکەوە دەناو غەلغەلەیان دەکرد، حەزیان نە دەکرد ئەوێ بەجێبهێڵن. حەزیان نە دەکرد دەم لە ئاوە سازگارو شیرینەکە بکەنەوە، عەکسی دەم و چاوی خۆیان لەناو ئاوەکەدا دەدیت و عەکسەکە بەخێرایی ون دەبوو، بەو عەکسە پێکەنیناوی و خوارو خیچەی دەم و چاوی خۆیان پێدەکەنین و بەرووی یەکدیدا دەتریقانەوە.

مشکە ئاوی، ئاوم بدەیە!

مشکە ئاوی، ئاوم بدەیە!

مشکە ئاوی، ئاوم بدەیە!

ئای مشکە ئاوی، ئاوم بدەیە!

موزلوك بەبێ ئەوەی سەری لە سەر ئاوەکە بەرز بکاتەوە، تەماشای ئەوەی دەکرد و بە چاوە بادەمیەکانی بە نیگای پڕ لە مەکرو شەیتانیەوە تەماشای ئەوی دەکرد، ئەویش بە نیگاو زەردەخەنەی پڕ لە مەکرو شەیتانیەوە وەڵامی موزلوکی دەداوە و کارەکانی موزلوکی وەك خۆی دووبارە دەکردەوە:

موزلوك شانێکی لە شان دەدا، دەتگوت لە خۆی دوور دەکاتەوە، بەڵام ئەو بەرگریی دەکرد و لانەدەکەوت. ئەو کاتە موزلوك گووپی پڕ ئاو دەکردو بەدەم و چاوی ئەویدا دەکرد.

ئەویش هەمان شتی دەکردەوە، قومێکی گەورەی لە ئاوەکەدداو بە فیچقە بەدەم و چاوی موزلوکیدا دەپرژاند.

دوای ئەوە سەرادوی یەکیان دەنا. لەناو ئاوەکەدا بەدوای یەکدیدا رایان دەکرد. بە هەر شێوەو رادەیەکی بۆیان دەکرا ئاویان بەسەر چڕوچاوی یەکدیدا دەپڕژاند. وەك چۆڵەکەی بەرباران سەراپایان ئاوی لێ دەتکاوەو بەهات و هاوارو دەم بەتریقەی پێکەنین لەناو ئاوی جۆگەلەکەدا بەم لاو ئەولادا سەرادووی یەکیان دەنا...

مشکە ئاوی، ئاوم بدەیە!

بۆ کریسك کارێکی زۆر دژوارو ناخۆش بوو وێنای ئەوە بکا کە جارێکی دیکە ئەو ژیان و یاری و خۆشیە نابینێتەوە.

دەم لە دەمێدا زێتر هەناسەی سوار دەبوو و پێچ و ژانی هەناوی زێتر دەکەوتنە جۆش، کریسك بە بێدەنگی دەگریاو لەتاو دەردو ژانی خۆی وەك مار پەپکەی کردبوو و بانگی مشکە ئاوی دەکردو دەیگوت:

مشکە ئاوی، ئاوم بدەیە!

ئەم درێژ ببوو و هەوڵیدەدا بەناو دنیای خەون و خەیاڵدا رۆبچێ و هەموو شتێك لە بیری خۆی بباتەوە. و هەموو شتێکی چوار دەوری وەك خۆیان بوون. پەردەی سپی تەم و مژ بەسەر سەریاندا دادرابوو. ئەوان، هەریەکەیان لە جێی خۆیاندا، مات و بێدەنگ لە هێزو پڕشت کەوتوو لەناو بەلەمەکەدا لێیکەوتبوون. هەروەك پێشوو، دیارنەبوو چ چارەنووسێکی رەش چاوەڕێیان دەکا. کە لە پڕێکدا بەلەمەکە تەکانێکی بە گۆڕی دا و کریسك دەنگێکی ترسناکی باوکی کەوتە بەر گوێ:

- میلگون! میلگون! ئەوە چی دەکەی؟ وازبێنە... نەکەی! کریسك سەری بڵندکردو گەشکە گرتی. میلگون خۆی لەسەر لێواری بەلەمەکەدا هاویشتبوو و بەچەمچە ئاوی دەریایی هەڵدەهێناو دەیخواردەوە.

ئەمرایین خۆی گەیاندە میلگون تا چەمچەکەی لە دەست بیستێنێنی و هاواری کرد:

- وازبێنە!

بەڵام بە دەنگێکی پڕ لە گەف و هەرەشەوە گوتی:

- لەگەڵ تۆ مەریشۆ یشۆ، نزیك نەبیەوە، دەنا دەتکوژم! ئەو ئاوە سوێرەی کەنەدەکرا لە دەم و زاریش وەرگرێ. دەخواردەوە ئاوی بەسەرو کۆپەلاك و گیانی خۆیدا دەکرد. قورگی دەگیرا، لەگەڵ ئەمەشدا فشاری لە خۆی دەکرد و بە دەستی لەرۆزکەوە بە چەمچان ئاوی بە خۆیدا دەکرد. لەم کاتەدا وەك ئاژەڵی دڕندە ددانەکانی خۆی نیشان دەداو دەم و چاویشی گرژ دەبوو.

له دواییدا چەمچەکەی بۆناو بەلەمەکە فڕێ داوە، سەرەنگرێ بوو، لەسەر گازەرای پشت لێی ی کەوت، پڕمەی دەهات و هەناسەی دەگیرا، ئەو بەمجۆرەی لە لەناو بەلەمەکەدا لێی کەوتبوو نەدەکرا هیچ یارمەتیەکی بدرێ. کریسك لە ترسان خۆی گرمۆڵەکردبوو، تینوێتی زۆری بۆ هێناو بەڵام ئەمرایین سەری لەبەرخۆی نا، سەوڵەکانی گرتەدەست و هێدی و لەسەرخۆ بەلەمەکەی بەرەو شوێنی نادیار هاژوا، ئەو نەیدەتزانی هیچ تەگبیرێکی دیکە بکاو یان بیر لە شتێك بکاتەوە.

میلگون جارێك ئارام دەبۆوەو جارێکی دیکە دەکەوتەوە لەرزە لەرز، گیانی گرژ دەبوو، پرمەی دەهات و خەریك بوو لەتینوەتیانا فیراقی رەشی دەکرد. بەڵام دوای ماوەیەك سەری بڵند کردو گوتی:

- دەسووتێتەوە، هەموو هەناوم دەجوزێتەوە! — یەخەی خۆی دادڕی و کراسەکەی پارچەپارچە کرد.

- بلێ، چی بکەم؟ بەچ جۆرێك یارمەتیت بدەم؟ لە پاشان بەسەری ئاماژەیەکی بۆ جلیکانەکە کردو گوتی:- هێشتا قومێك ئاو ماوە، نەختێکت بدەمێ؟

- نە! تازە. نا! دەمویست هەولبدەم تا شەو رایکێشم، بژیەم ئینجا وەك خوالێخوشبوو بابە گەورەمان، بەڵام نەمتوانی. لێگەڕێ با وابێ. ئەگینا هەر هەموو ئاوەکەم دەخواردەوە ئێستا کاری من تەواو بووە من ئەڕۆم. ئێستا کاری من تەواو بووە.. من خۆم من هێشتاش توانام هەیە پێی دەوێرم...

لەناو دەریاییێکدا کە هیچ شتێك نەدەیترا، لەناو تەم و مژێکدا کە نەسەرەتای هەبوو نە کۆتایی، و لەبەین چون بیستنی قسەی کەسێکی کە بەرەبەرە خۆی بۆ مەرگ ئامادە دەکرد، زۆر ترسناك و لە توانا بەدەر بوو.

ئەمرایین هەولێدەدا بە گوێرەی باری میلگونی دۆست و برای خۆی ئارام بکاتەوە، شتێکی پێبلێ، بەڵام میلگون نەیدەویست گوێ بە قسەکانی بدا، پەلەی بوو، بڕیاری دا بەیەك زەبر کۆتایی بە دەردو زەحمەتی خۆی بهێنێ. لەبەر ئەمە وەك شێتان لە ژێر لێوەوە گوتی:

- ئەمرایین، ئەم قسانە بۆ من مەکە، عەیبێکی تێدا نیە، ئێستا بۆ ئەم قسانە درەنگە! من خۆم دەرۆم بەڵام ئێوە، باوك و کوڕ، خۆتان بڕیاری خۆتان بدەن.

ئەوها باشترە، من ببورن کە ئەم کارە دەکەم. ئێوە باوك و کوڕ بمێننەوە هێشتاش کەمێك ئاو ماوە...

من هەر ئێستا دەڕۆم.. میلگون ئەم قسانەی کردو هەڵسا. داهاتەوە لێواری بەلەمەکەی گرتبوو، رەتی دەبرد. ئینجا هەموو هێزی خۆی کۆ کردەوە. لە ژێر چاوەوە سەیرێکی ئەمراییینی کردو گوتی:

- ئەی ریشۆ! رێگام لێ مەگرە! ئەم کارە پێویستە، رێگام لێ مەگرە، خوا ئاگای لێتان بێ. رەنگە بگەنە کەنارێك بەڵام من هەر ئێستا... بەخێرایی بەلەمەکە دوورخەوە...

هەر ئێستا، خۆت مەوەخرێنە... ئەگەر لێم نزیك بیەوە بەلەمەکە وەردەگەڕێنم... باشە، ریشۆ، ئێستا سەوڵ لێدە، خێراتر دەی، گوێت لێمە، قلێپی دەکەمەوە ها "...

ئەمرایین جگە لەوەی بە قسەی میلگون بکاو گوێ بە نالەو گەف و پاڕانەوەکانی بدا چارەیەکی دیکەی نەبوو.

بەلەمەکە ئاو و تەمە خامۆش و بێدەنگەکەی دەبڕی و بەرەو پێشەوە دەچوو، کریسك کەوتە گریان و بە دەنگێکی پڕ لە سۆزو بەزەییەوە گوتی:

- مامە میلگون! مامە میلگون! مەکە، ئەم کارە مەکە!

رێك لە هەمان چرکەساتدا میلگون بە ورەیێکی بەرزو پایەدارەوە خۆی لە ئاوی دەریاکە هاویشت.بەلەمەکە بەلاداهات و سەر لە نوێ لەنگەری گرتەوە. لەو کاتەی کە میلگون لەنا ئاوی ساردی شەختاویی دەریادا پەلی دەکوتا، هاواری  دەکرد:

- دوور کەونەوە! برۆن، دوور کەونەوە!

هەر لە چاو چوقانێکدا لەناو تەم و مژەکەدا ون بوو. بێدەنگی باڵی بەسەر ئەو ناوە داکێشاو لە دواییدا سەدای میلگون کە دوا هاواری کەسێك بوو کە خەریکی نقووم بوون بوو، بێدەنگیەکەی شکاند. لێرەدا ئەمرایین نەیتوانی چیدی خۆی راگرێ، وەڵامی هاوارەکەی میلگونی داوە و دەم بە گریانەوە سەری بەلەمەکەی سووڕاندەوە و بۆ دواوە گەڕاوە.

ئەوان یەکسەر گەڕانەوە، بەڵام هیچ شوێنەوارێکی میلگون دیار نەبوو، سەرئاوەکە ئارام بوو و هیچی تێدا بەدی نەدەکرا، دەتگوت هیچ شتێك رووی نەداوە، و هەتا ئەو شوێنەش میلگونی تێدا نقووم بوو، زۆر بە زەحمەت دیاری دەکرا.

ئەوان بە درێژایی ئەو رۆژە لە هەمان شوێن خولانەوە و بۆ شوێنێکی دیکە نەچوون. ئەوان هەردووکیان لە داخ و کەسەری ئەو پیاوە خەریك بوو فیراقی رەش بکەن و هورهوڕ دەگریان.

کریسك یەکەم جار بوو لە ژیانیدا ببینێ کە باوکی دەگری. تا ئەو کاتە هەرگیز پێشبینی شتێکی وای نەکردبوو.

بەهیچ کلۆجێك ئەمرایین نەیدەتوانی ئۆقرە بگرێ، دڵۆپە فرمێسکی کە بەسەر ریشی داباریبوون دەسڕینەوە، دەیناڵاند و لەژێر لێوەوە دەیگوت:

- ئێستا ئێمە تەنیا ماوینەتەوە. میلگون، میلگونە ئازیزو دڵسۆزەکەم!

ڕۆژەکە کۆتایی دەهات، وا دەهاتەبەرچاوان ڕۆژ کۆتایی دێ. ئەگەر خۆر لە خاڵێکی ئاسماندا دیاربایە. ئەگەر خۆر لەسەر تەم مژەکەدا دەبوو، ئەگەر خۆر بەسەردەریاکەوە دیار دەبوو، ئێستا بە ئارامی لە ئاوابووندا بوو. بەڵام لەوێدا، لەژێر پەردەی چڕو ئەستووری تەم و مژدا کە دەم لە دەمێدا زێتر چڕترو تاریکتر دەبوو، بەلەمێك بەتەنیا دوو کەس، باوك و کوڕێك مابوونەوە، لەناو دەریاکەدا سەرگەردان دەخولانەوەو دەهاتن و دەچوون.

پێش ئەمە، پێش ئەوەی ئەمراپین بەخۆی بڵێ وا خەریکە شەو نزیك دەبێتەوە، بڕیاری ئەوەی دا کە ئاوخواردنەوە وەختی هاتووە و دەبێ کەمێك بخۆنەوە، ئەو دەیدیت کە کریسك بەچ زەحمەت و دژوارییێك چاوەڕێ ی قومێك ئاو دەکا، ئەو دەیزانی کە بۆ کوڕەکەی چەند دژواربوو خۆی بەرانبەر برسێتی و تێنوێتی ڕاگرێ. دان بە خۆیدا بگرێ و دەم نەکاتەوە، لەناوچوونی میلگون بۆ ماوەییەکی زۆر بیرۆکەی ئاو خواردنەوەی لەبیر بردنەوە. بەڵام تینوێتی بەرەبەرە کاری خۆی کردو ئێستا بەهێزێکی دوو بارتەقای هێزی خۆی پشکۆی تینوێتیی گەشاوە و وەك بڵێ ی خۆ وەخراندنی بێ خواست و مەبەست ئەزیەت و ئازاری کەم دەکردەوە.

بۆ ئەوەی یەك دڵۆپە ئاو نەڕژێ، ئەمراپین زۆر بە پارێزەوە، قومێکی بۆ کریسك لەناو چەمچەکە کرد. کوڕێژگەکە وەك شێت چەمچەئاوەکەی قەپاند و یەك بین هەمووو ئاوەکەی خواردەوە. ئینجا ئەمراپین کەمێکی بۆ خۆی تێکرد و بۆی دەرکەوت کە تەنیا کەمێکی زۆر کەم ئاو لە تەپلی بنی جلیکانەکەدا ماوە.

کریسکیش لە سووك هاتنی جەلیکانەکە بۆ ناو دەستی باوکی پەی بەم ڕاستیە برد. هەر چەندەی ئەمراپین مەزەندەی دەکرد کە دەبێ ئەوەندە ئاو مابێ، بەڵام زانینی ئەمە بۆ ئەو زەبرێکی گورچوبڕ بوو. ئێستا ئەمراپین لە خواردنەوەی بەشە ئاوەکەی خۆی پەلەی نەبوو. ئەو چەمچەکەی بە دەستەوە گرتبوو و چووبووە ناو بیرو خەیاڵان، ئەو شتەی کە لە پڕێك بە خەیاڵیدا هات وای مات کرد کە تینوێتی لەبەرانبەر ئەم شتەی بەبیرو خەیاڵیدا دەهات هیچ نەبوو.

باوکە چەمچەکەی دایە دەستی منداڵەکەو گوتی:

- بیگرە، ئاگات لێی بێ. هەرچەندە نەدەبووایە ئەم کارە بکا. ئەشکەنجەدانێکی زۆر گەورە بوو بۆ کوڕێژگەکە کە چەمچەئاوەکە بە دەستەوە بگرێ و مافی خواردنەوەیشی نەبێ. کە ئەمراپین دەستی بەتاڵ بوو، سەری جەلیکانەکەی توند کردەوەو جەلیکانە خاڵیەکەی لە شوێنی خۆی داناوەو بە کوڕەکەی گوت:

- بیخۆوە!

کریسك بە حەپەساویەوە پرسی:

- ئەدی تۆ؟

باوکە بە دەنگێکی هێمن گوتی:

- من دوایی... بیر لەوە مەکەوە! بیخۆوە.

دیسانەوە کریسك بەبێ ئەوەی بیر بکاتەوە ئەو بەشە ئاوەگەنیوەشی خواردەوە.

وەك ئەوەی ئەو دەیویست بڕی نەشکا، بەڵام کەمێك سوکتربوو. باوکە پرسی:

- ئێستا، چۆنە؟

کوڕیژگەکە بە دەنگێکی پڕ لەهیواوە لەسەر خۆ گوتی:

- نەختێك باشترە.

- مەترسە، مرۆڤ بەبێ ئەوەی یەك دلۆپ ئاوی لەناو دەم دابێ، دەتوانێ دوو سێ رۆژان بژی و بە زیندوویی بمێنێتەوە. هەموو شتێك بێنە بەرچاوی خۆت، لە هیچ مەترسە...

کوڕیژگەکە هاتە ناو قسەکانی باوکی و گوتی:

- هەرلەبەر ئەمە بوو، تۆ نەتخواردەوە؟

ئەمرایین بەم پرسیارە غافلگیر بوو، نەیدەزانی چی بکاو دوای کەمێك بیرکردنەوە بە وشەییك وەڵامی داوە:

- بەڵێ.

- ئەدی بەبێ خواردن مرۆڤ چەند دەتوانێ بژی؟ زۆر دەمێکە نانمان نەخواردوە.

- مەرج ئاوەو ئاو پێویسترە. ئەگەر ئاو هەبێ شتەکانی دیکە زۆر گرنگ نین. بەڵام تۆ بیر لەوە مەکەوە وەرە با کەمێك سەوڵ لێدەین و بەلەمەکە لێخوڕین. من دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم.

ئەمرایین سەوڵەکانی گرتە دەست و کەوتە سەوڵ لێدان و ئەوان لەسەر خۆ بەناو تەم تومانی سەردەریاکەدا جمان، دەتگوت لەو جێگایەی کە لێی بوون نەیاندەتوانی قسە بکەن. باوکە دەبووایە هێزو ورە بداتە بەرخۆی. ئەو وای بۆ دەچوو کە بەم رێگایەدا ئاسانتر دەتوانێ بیر و لێکدانەوەکانی کۆ بکاتەوە و بۆ قسەکردن لەمەڕ باسێکەوە ئامادەبێ کە تەنیا بە وێناکردنیشی دڵ و هەناوی دادەخورپاند ئارەقەی ساردی دەر دەکرد، هەرتەنیا سەولی لێنەدەدا بەڵکو فرمانی بە کوڕەکەشیداکە سەوڵ لێدا. ئەم کارە هیچ پێویست نەبوو. لەو شوێنەی کە لێی بوون بۆ شوێنێکی دیکە بڕۆن. سەوڵەکانی کە بۆ کوڕیژگەکە لە رادەبەدەر گەورە بوون، دەخستنە کار. ئەو دەیتوانی تەنیا سەولێك بەکار بهێنی، بۆ ئەوەی هەردوو سەوڵ بەکار بهێنێ هێشتا منداڵ بوو، سەرەڕای ئەویش بەباشی

هەست بەوە دەکرا کە منداڵەکە زۆر لەڕو لاواز ببوو. بەهەمانجۆریش باوکەش دەم لە دەمیٚ زێتر لاواز دەبوو. ئەمە بوو وای کرد کە ئەمراپین پەلە بکا کاتەکە رادەبوردو کۆتایی پێدەهات.

کریسك هەر چۆنیٚ با سەوڵەکانی دەجووڵاندەوە، متەقی نە دەکرد و ئاوڕی نەدەداوە. بەڵام ئەوەی ئەمراپینی ئازار دەدا، ئەمە بوو، سەرنجی پشتی چەماوی کوڕەکەی دەدا هەستی بەوە کرد کە ئەندام و لەش و لاری کوڕەکەی هێشتاش وەك لەش و لاری منداڵان لەڕو لاوازە. ئەمراپین بە دیتنی ئەم دیمەنە لێوەکانی خۆی کرۆژت و هەستی کرد کە دڵی دەبێتە خوێن سێلاوێکی دەردوئازار هورژمی بۆ هێنابوو. بەڵام نەیدەوێرا سەری باسەکە بکاتەوە. گەرچی هیچ چارەیەکیش نەبوو....

بەرەبەرە تەمەکە تێرترو بەرچاو تاریکتر دەبوو. ئەمراپین لەناوبیرو خەیاڵاتی گیان پڕۆکێندا سەوڵی لێدەدا و بەرەو پێش دەچوو، لە راستیدا کاتێکی کەمی لەبەردەمدا مابوو هەرچەندەی ورەو هێزی دەدا بەرخۆی. هەرچەند ئەو زۆر بە هێزو بڕشت بوو، بەڵام برسێتی و تێنوێتی خێراهێزو توانای ئەویان لە بن دەهێنا لەپەل و پۆیان دەخست. دەبووایە کوڕەکەی بەو بیروخەیاڵاتانەی کە لەم کاتەدا خۆی بیری لیٚ دەکردەوە، رابێنیٚ. دەبوایە تا خۆی هێشتا هێزو توانای تێداماوە، ئەم کارە بکا.

باوکەکە لەوە گەیشتبوو کە ئەویش لەپاش ئەرگان و میلگۆندا دەبیٚ بەلەمەکە بەجێبهێڵیٚ، دەیزانی کە ئەمە تاکە رێگا چارەییەکە بۆ پاراستنی گیانی جگەرگۆشەکەی، یان بەلانی کەم دواخستنی لەناوچوونی کوڕەکەی تا ئەو ڕادەیەی کە دەکریٚ چەند دلۆپێك ئاو لەناو جەلیکانەکە بەشی بکا. ئەو نەیدەتوانی بزانیٚ کە تەم و مژەکە ئەو شەوە یان رۆژی داهاتوو دەڕەوێتەوە، ئەو نەیدەتوانی بزانیٚ کە هەتا ئەگەر کەش و هەوا درەنگ یان زووش خۆشی بکا، کوڕەکەی توشی بە توشی چ چارەنووسێکەوە دەبیٚ و ئەوە ئەگەر کوڕەکەی لەناو دەریادا بەتەنیا بمێنێتەوە، چۆن چۆنی دەتوانی قورتاری بیٚ و، بۆ ئەم پرسیارە وەڵامێکی نەبوو تەنیا ئومێدێکی هاتنەدی ئەم پرسیارە کە هەتا کەم و مەحاڵێش بهاتبا بەرچاو، ئەوا باوکە هەوڵی دەدا بیری لیٚ بکاتەوە، ئەوەبوو کە ئەگەر هەواکە خۆش و روون بێتەوە، بەڵکە ئەمە خوایەو بەلەمێکی گەورە لەبەلەمەکانی سپی پێستەکان بە ئاقاردەدا رەت بیٚ. باوکە بیستبووی کەناو ناوێك سەروکەللەی سپی پێستەکان لەو ناوەدا پەیدادەبیٚ، ئەوان لە ماوەییەکی دووری کەنارەکانی ئەوبەری رۆخ ئۆقیانووسەوە دەهاتن بۆ ئەنجامدانی کارەکانی خۆیان لە وڵاتە دوورەکانەوە بۆ کیشوەرێکی ئەوپەڕی دنیا دەچوون. ئەمراپین خۆی هەرگیز ئەوانەی نەدیتبوو، بەڵام بازرگانێکی کە هەموو شتێکی ئەو دنیایە دەزانن و خۆشیان چوونەتە ناو ئەو بەلەمە زەبەلاح و گەورانەی سپی پێستانەوە، ئەمەیان دەگێڕاوە.

تەنیا موعجیزەیەکی وا، کە ئەگەر هەواکەی خۆش بکا، ئەگەر ڕێگایان پێك بکەوێ، ئەگەر سپی پێستان بەلەمەکە لەناو دەریادا ببینن، تەنیا ئەم جۆرە ڕێککەوتە لاوازانە کلاورۆژنەی ئومێدێکی لاواز، دووره باوەڕ و وەبگرە مەحاڵ، بەلام بەهەرشێوەیەك بێ، کلاوڕۆژنەیێکی ئومێدی لە دڵی باوکەدا دروست دەکرد.

ئەمراپین خۆی ئامادە دەکرد تا ئەمانە بۆ کورەکەی بدرکێنێ و ئینجا خوا حافیزی لێبکا. جگە لەمەش پێویست بوو لە کریسك بگەیەنێ، و فرمانی پێبدا کە دەبێ تا دواهەناسەی، تا دواچرکەساتی کەهۆش و هەستی لەبەرداماوە لەناو بەلەمەکەدا بمێنێتەوە.

ئەگەر دەکرێ کە دوای تەواوبوونی ئاوەکە، بمرێ، دەبێ هەر لەناو بەلەمەکەدا بمرێ، نەك خۆی لەناو دەریا باوێ. وەك چۆن ئەرگانی پیرو میلگون ناچار بوو بیکەن و ئەویش، واتە باوکەش کە دەیکا، هیچ ڕێگا چارەیێکی دیکەی نەبوو، دەبووایە خۆی بداتە دەست تووڕەیی و زەبری سرووشت بە دوای ئەواندا بچێ.

بەلام بیرولێکدانەوەی کوڕیژگە یازدەساڵەییەکە، لەسەرانسەری جیهاندا، لەناو تاریکاییەکی تەم و مژاوی، لەناو دەریای بێ کۆتاییدا تەنها دەماوەو مەحکومی مەرگێکی پێ بەپێی تینوێتی و برسێتی دەبوو.ئەمراپین کپ و بێدەنگ دەبوو. لە هێزو توانای مرۆڤ بە دوور بوو.

لەم چرکە ساتەدا دەرکی بەوە دەکرد کە ناتوانێ کوڕەکەی تەنیا بە جێبهێڵێ و لێکی دەداوە کە ئەگەر پێکەوە بمرن باشترە...

بەخێرایی تاریکی باڵی بەسەر ئەوناوەدا کێشا. تاریکی شەوە سینێکی تەماوی باڵی بەسەر دەریادا کێشا. ئەگەر سەوڵ لێدان و بەرەو شوێنێکی نا دیارچوون لە ڕۆژدا کارێکی بێسوودو بێ مانابوو، ئەوا شەو زۆر خراپتر. بەلەمەکە لە شوێنی خۆیدا بە ئارامی مەلەمەلی دەکرد. هیچ هیوایەك لە ئاسۆدا نەدەدیترا کە داخوا هەواکەی کەمێ ساف و خۆشتر بکاتەوە. دەریا لەناو تەمدا لێ ڕاکشابوو.

باوك و کوڕە لەناو بەلەمەکەدا درێژ بوون و توند یەکدیان لە باوەش گرت، نە باوکە خەو دەچووە چاوەکانی و نە کوڕە. هەردووکیان بە دەست برسێتی و تینوێتی لە گیانەلادا بوون و بیریان لەوە دەکردەوە کە داخوا چ چارەنووسێك چاوەڕێیانە....

کاتێ کریسك لە باوەشی باوکە دا درێژبوو، بە تەواوی هەستی بەوەکرد کە باوکی لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا چەندە لەڕو لاوازو بێهێز بووە. باوکی هەروەکو جاران تەنیا ریشێکی پڕوزبری مابۆوە.

کوڕێژگەکە بەدرێژایی ئەو شەوە کە خۆی بە باوکیەوە دەنووساند و لە میهرەبانی خۆی و دلسوتان بەباوکی، ئارام و بێدەنگ فرمێسکی بۆ هەڵدەرێژت. هۆگربوون و خۆشەویستی کوڕە بۆ باوکی، ئەو هەستە ئەزەلیەی کە پێشتر لای نادیار بوو، درکاند.

زمانی ئەو لە ئاست دەربڕینی ئەو هەستە لاڵ بوو، ئەم هەستە لە گیان و دەروونیدا، لە خوێن و لە دوو توێی دڵیدا شارابۆوە. پێش ئەوە ئەو هەمیشە خۆی بەوە هەڵدەدا کە لە باوکی دەچێ. لاسایی هەڵسان و دانیشتنی باوکی دەکردەوە و ئارەزووی لەوەبوو کە وەك باوکی بێ، بەڵام ئێستا خێر خێرا ئەوەی بۆ دەردەکەوت کە باوکە کت و مت خودی ئەو، باوکەکەی پێشووی ئەو و ئەویش بەردەوامی باوکیەتی. لەبەر ئەمانە دڵ بە حاڵی باوکە، وەك بە حاڵی خۆیشی دەسووتا، ئەو لە کڕۆکی دڵیەوە مشکە ئاوی سوێند دەدا کە ئاویان بۆ بێنێ:

مشکە ئاوی، ئاومان بۆ بێنە!

مشکە ئاوی، ئاومان بدەیە!

بەڵام باوکە، ئەگەر چی سات لە دوای سات خۆڕاگری بەرانبەر تینوێتیتە توانا پڕوکێنەکە دژوارتر دەبوو و لەشی توانای خۆڕاگری نەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا بیری لەوە نە دەکردەوە قومێك ئاو بۆ خۆی تێبکا. هەموو هەناوی گڕی گرتبوو، وشك هەڵدەهات و وەك بڵێ ی لە ژێر مەنگەنەی ئاسندا هاویشتراوە، گرژ دەبوو جینگڵی دەدا، سەری هاڕەی لێوە دەهات، ئێستا تێدەگەیشت کە میلگون لەدوادوای چرکە ساتەکانی ژیانیدا چەندەی ئەشکەنجەو ئازارکێشاوە. بەڵام زۆر خۆی بەوانەوە خەریك نە دەکرد، ئێستا ئیدی بیرکردنەوە لە ئاو، ئارەزووی تینوێتی شکاندن بۆ ئەو مانەیەکیان نەمابوو، ئەگەر جگەر گۆشەکەی نەدەبوو، ئەگەر دەیتوانی خۆی ناچار بکا کە کوڕەکەی لەناو ئەو شەوە تاریك و تنۆکەدا، کە لە باوەشی ئەودا خەوتبوو، بەجێبهێڵێ، ئەوا دەمێك بوو کۆتایی بەو دەردوئازارە یەك ووشەیە هێنابوو، هەرچەندەی هیچ هیوایەکی بەوە نەبوو کە کوڕەکەی رزگار دەبێ، بەڵام سەرەڕای ئەمانەش، لە پێناو کوڕەکەی و بۆ ئەوەی ژیانی ئەو هەر تۆزقاڵێك درێژبکاتەوە و زێتر بەردەوام بێ، تا دوا سنوور رەخساندنی ئەو ئومێدەی پاراستبوو، و ئێستا هەوڵ و زۆرانبازی و ئومێدی باوکە بۆ ئەوە بوو، ئێستا باوکە دواخواست و لێکدانەوەو کردەوەکانی خۆی لەوەدادەیت، و لە پێناوی هەموو ئەو شتانەدا دەبووایە بەزوترین کات بەلەمەکە بەجێبهێڵێ. بەڵام تەنیا لەبەر کوڕەکەی نەیدەتوانی ئەم کارەبکا، نەیدەوێرا کوڕە ئازیزەکەی بداتە دەست چارەنووس و بڕوا بەڵام دواخستن و بیرکردنەوە زۆر لەمە پتریش ترسناك دەبوو، دواهێزی پێویست بۆ دڵ و جورئەت دانە بەرخۆی لە دەست دەچوو.....

کاتی زیندوومانەوەی باوکە کۆتایی پێدەهات... چۆن و بەچ زمانێك ئەمە بۆ کوڕەکەی روون بکاتەوە؟

چۆن پێی بڵێ کە هەر لەبەرخاتری کوڕە خۆی وازی لێدەهێنێ و دەڕوا؟ باوکە لە دواچرکە ساتەکانی ژیانیدا بوو ماوەی لەبەردەمدا نەمابوو....

دەتگوت کوڕەکە پەی بە بیرو خەیاڵاتەکانی باوکی بردبوو لەپڕ لە ژێر لێوەوە گوتی: - باوکە! و زێتر خۆی بە باوکیەوە چەسپاندو مشکە ئاوییەکەی خۆی سوێنداوە:

مشکە ئاوی، ئاومان بدەیە!

مشکە ئاوی ئاومان بدەیە!

ئەمرایین ددانەکانی لە جیرەوە برد، لە خەم و ئازارو پەژارەیی خۆی ناڵاندی و نەیوێرا دوو قسە بکا. ئەو لە دنیای خەیاڵیدا خوا حافیزی لە جگەر گۆشەکەی دەکرد و ئەم خواحافیزییە هەرچەندەی ئەوەندەش زێتر هەڵهێنانی دوا هەنگاو بۆ ئەو دژوارترو پڕ ئازارتر دەبوو. ئەوە شەوە ئەو دەرکی بەوە کرد کە بەبێ چەند، چۆن هەموو ژیانی رابردووی پێش ئاهەنگێك و دەورانی ئامادەگی بووە بۆ ئەو شەوەی ژیانی ئەو.

ئەو تەنیا بۆ ئەوە هاتبووە دنیاو بۆ ئەوەش دەمرد، تاوەکو بە هەموو تین و توانای بوونی خۆی لە بوونی کوڕەکەیدا دەوام بدا.

باوکە ئەو کاتەکە مات و خامۆش بە بێدەنگی ماڵ ئاوایی لە کوڕەکەی دەکرد، بیری لەم کارە دەکردەوە، بۆ خۆی شتێکی نوێ ی دەدیتەوە. ئەو هەموو تەمەنی هەروابووە کە ئێستا هەیە، بۆ ئەوەی بوونی خۆی تا دوا هەناسە بخاتە سەر بوونی کوڕەکەی. ئەگەر ئەو پێشتر بیری لەم مەسەلەیە نە دەکردەوە. تەنیا لەبەرئەوەبووە کە هۆیێك بۆ ئەو کارە نەبووە و بیانوێیکی بە دەستەوە نەبووە.

لێرە بەبیرخۆی هێناوە کە پێش ئەوەش شتی واهاتۆتە پێشەوە کە ئەو بیرە لە مێشکیدا، وەك بروسکەی ئاسمانان، بریسکاوەتەوە، ئەو ئێستا بەبیر خۆی هێناوە و تێگەیشت لەوەی کە رۆژێك کە ئەوان لەگەڵ میلگونی خوالێخۆشبوو کەسانێکی دیکەی هاوهۆزەکانی درەختێکی زەبەلاحیان لە جەنگەڵەوە دەبڕیەوە، توشی چ بارێك هات، درەختە خەریك بوو دەکەوت، ئەو لەو کاتەدا، بەرێککەوت، ئەو لەو لایەبوو کە درەختەکەی بەسەردا دەکەوتە خوارێ و بەسەر هەرچییەك دا بکەوتایە وردو هەڕای دەکرد، هەموو بەیەك دەنگ هاواریان کرد:

- کوڕە ئاگاداربە!

ئەمرایین لەم ڕووداوە لە پڕە ترسناکە وشك بوو، بەڵام تازە درەنگ بوو: درەختەکە بە هەموو لق و پۆپ و گەڵاو قەدیەوە، وەك بروسکە دەیشریخاند، ئاسمانیشی سەروبن دەکرد، بەشێکی لەساپیتە شینە پیرۆزەییەکەی جەنگەل هەڵدەکەندو هەڵیدەدا ئاسمان و بێ ئامان بەرووی ئەودا خلۆر دەبۆوە. ئەو لەو چرکە ساتەدا تەنیا بیری لە شتێك کردەوە، و ئەویش کریسك بوو، ئەو حەلە کریسك زۆر بچووك و تاقانەی بوو، ئەو کاتە پسوولك نەهاتبووە دنیا، ئەو لەو چرکەساتەدا لە ئاستانەی مەرگێکی حەتمی و بێچەندو چوندا بوو، ئەوکاتە بیری لەوە کردەوە کە کوڕیژکەکەی شتێکە لە دوای خۆیدا دەبێتەوە خودی ئەو، ماوەی نەبوو بیر لە هیچ شتێکی دیکەبکاتەوە. درەختەکە بەهارو هوژمێکی زۆر ترسناك لە تەنیشت ئەودا کەوتە سەرزەمین و دنیایێك تۆزو خۆڵ و گەڵای بەسەرو کۆپەڵاکی ئەوداکرد. لەو کاتەدا هەموویان هەناسەیەکی ئارامیان هەڵکێشا و هاواریان کرد: ئەمرایین قوتاری بوو، ئەمرایین سپ و ساغە!

ئێستاکەش کە ئەو ڕووداوەی بەبیرخۆی هێناوە، دەرکی بەوە کرد کە هەرهەمان بوونی کوڕەکەیەتی ئەوی کردۆتە ئەو پیاوەی کە ئێستا هەیە، ئەو لە تێکڕای تەمەنی خۆیدا هیچ شتێکی باشترو بەهێزتری لە هەستی باوکایەتی نەدیتوە و فێریش نەبووە. ئەو لەبەر ئەم هەستە، لەناو جگەر گۆشەکانی، بەتایبەتی زۆر منەتباری کریسك بوو.

حەزی دەکرد ئەمانە بۆ کریسك باس بکا، بەڵام ئەوی ناڕەحەتت نەکرد، بەبێ ئەم قسانەش حاڵ و باری کوڕەکە خراپ بوو....

سەردەمی ژینی باوکی کۆتایی دەهات...

مشکە ئاوی، ئاومان بدەیە!

مشکە ئاوی، ئاومان بۆ بێنە!

سەردەمی ژینی باوکی بەسەر دەچوو....

ئەمرایین دووسێ یادەورەی دیکەشی هەبوو کە زۆر ناخۆش و دژوار بوو لەبیرخۆیان بباتەوە. ئەگەر چی لەم کاتەدا زۆر لە تەنگانەدابوو، بەڵام حەزی نە دەکرد بەرلەوەی ئەو یادەوەریانە بەبیر خۆی بێنێتەوە. بەرەو جیهانێکی دیکە بڕوا. ئێستا بەردەوام بیری لەوە دەکردەوە کە دەبێ بەلەمەکە بەجێبهێڵێ و خواحافیزی لەو بیرو یادگاریانە دەکرد...

ئەو هەر لە سەرەتاوە ژنەکەی خۆی خۆش دەویست. سەیر ئەمە بوو کە ئەو لەناو دەریادابوو. لێ ی رون و ئاشکرابوو بیری لەو شتە دەکردەوە، کە هاوسەرەکەی لە ماڵەوە بیری لێدەکاتەوە. هەر لە ڕۆژانی یەکەمەوە، ئەوها بوو، ژنەکەی دەیزانی ئەو لەناو دەریادا بیر لە چیدەکاتەوە ئەویش دەیزانی

که هاوسەرەکەی بیر لە چی دەکاتەوە.... بیرو خەیاڵاتی یەکە ئەم دەرککردنە و چوونە ناو بیروخەیاڵاتی یەکە لەو مەودا دوورەدا، نهێنی شاراوەی ئەوان و خۆشی ژیانی نێوان ئەوان بوو کە هیچ کەسێك پەی پێ نەدەبرد.

کاتێك هێشتا کریسك نەهاتبووە دنیا بەڵام ئەوەڵین نیشانەکان کە دەکرا باوەڕی پێبکرێ، یان نەکرێ، سەریان دەرهێنابوو کاتێ کە ئەمرایین لە دەریا گەڕابۆوە بەهاوسەرەکەی گوت:

- ئێمە کورێکمان دەبێ؟

ژنەکەی ترسا، بەڵام بروسکەی شادی لە چاوەکانی درەوشانەوەو گوتی:

- لەسەر خۆ قسەبکە، لەمەچیتر گوێیان لێدەبێ! تۆ چۆن دەزانی؟

- تۆش ئیمرۆ بیرت لە هەمان شت دەکردەوە، زۆر حەز دەکەی کە کوڕێکمان ببێ.

- ئەدی تۆ؟

- تۆ کە دەزانی کە من دەزانم تۆ بیرت لەچی دەکردەوە، منیش هەروا بیردەکەمەوە، وەك تۆ بیرت لێ دەکردەوە.

- من ئەوهام بیر کردەوە، لەبەرئەوەی تۆ بەمجۆرە بیرت کردۆتەوەکە زۆر حەزم لەوەیە کورێکمان هەبێ....

هەرواش بوو. بەمجۆرەی کە دڵی ئەوان خەبەری دابوو، هێشتا کریسك نەببوو، بەڵام دەبووایە خێرا بێتە دنیا. ئەو کات و ژوانە بەرە بەرە کاتی داهات.

لەو رۆژانەدا هاوسەرەکەی شەرواڵێکی چەرمەی کۆن و پارە پارەو پیناوی ئەوی لەبەر دەکرد، و هۆی ئەم کارەشی ئەوها روونکردەوە: لەبەرئەمە شەرواڵەکەی ئەو دەپۆشم هەتا کاتێ کە بۆ راوەماسی دەچێتە ناو دەریاوە، گیانی پیاوانەو مەردانەی لەگەڵ ئێمەدا بمینێتەوە، ئەگینا ئەو بوونەوەرەی کە دەبێ بێتە دنیا. لەرێ ی راست لادەداو نا ساڵح دەبێ. ئەو رۆژانە ژنەکەی بەو قون و شەرواڵە کۆنەیەوە، بۆ ئەو شۆخترین و ئازیزترین ژن بوو..

شۆخ و شەنگ و ئازیزترین ژن!

ئەو رۆژانەی کە ئەوان، بیریان لەو شتە چکۆلانە دەبووایە بن بە دایك و باوکی، دەکردەوە، رۆژانێکی پڕ لە شلەژان و لێوڕێژ لە خۆشی بوو...

ئەو بوونەوەرە چکۆلانەش کریسك بوو....

ئێستا دەبووایە لە ئەو و هەرچی پەیوەندی بەوەوە هەبوو، بۆ هەتاهەتایە خواحافیزی بکا.

سەرباری ئەوەی، جارێکیان کە کریسك کەمێ فراژی ببوو، دایکە لە کاتێکی تووڕەبووندا پێ ی گوت: هەرکە کریسك نەبوو، بۆ ئەو زۆر باشتر بوو.

ئەوساکە کریسك منداڵێك بوو، لەو قسەیە زۆر تووڕە بوو و هەر کە باوکی لە دەریا گەڕاوە. بەپێداگرییەوە لێی پرسی:

- کاتێك من نەبووم، لە کوێ بووم؟

دایکەو باوکە لە پێکەنینان خەریك بوو دڵیان لە خۆبێتەوە و بەبێ ئەوەی قسەیەك بکەن، تەماشاییکی یەکدیان کرد،دایکە زۆر لەزەتی لەوە دەدیت کە باوکە ناتوانێ بەهیچ جۆرێك وەڵامی بداتەوەو چۆن چۆنی وەڵامی بداتەوە کە کاتێ ئەو نەبووە لە کوێ بووە.

ئێستا باوکە دەیتوانی پێی بڵێ کاتێ کە ئەو لەم دنیایەدانەبووە، لەناو خوێنی باوکیدا بووە، لە پشتی باوکیدا بووە، لەوێوە چۆتە ناو سکی دایکی و ئینجا هاتۆتە دنیاو، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە باوکە بەرەو نەبوون و دنیای عەدەم بڕوا، ئەو لە بوونی کوڕەکەیدا جارێکی دیکە زیندوو دەبێتەوە تا لە نەوە بە نەوەی کوڕەکەی دا دووبارە بێتەوە دنیا...

بەڵێ باوکە ئەو قسانەی بە کوڕەکەی دەگوت و دڵخۆش دەبوو کە بەرلەمردنی ئەو قسانەی بە کوڕەکەی دەگوت، بەڵام ئێستا ئیدی هەموو شتێك کۆتایی پێدەهات، وەچەو نەوەی دەبڕاوە. باوکە بەباشی لەوە گەیشتبوو کە ژیانی کریسك ئەو پەڕی یەك دوو ڕۆژێکی دیکە درێژە دەکێشێ و زێتر ناژی، ئەمەش بەدبەختی و ماڵ وێرانی باوکە بوو، نەك ئەوەی کە دەبووایە لە پێناو کوڕەکەیدا بەلەمەکە بەجێ بێهڵێ و خۆی بە دەریادا بدا...

سەرەڕای سەرای ئەمە ئەمراپین حەزی  دەکرد لە دواچرکەساتی لە کوڕەکەی بگەیەنێ کە ئەو دەبێ لەو ماوەی کە لە ژیانیدا ماوە، یادی ئەرگان و مامە میلگونی زۆر بە منەتباری و ڕێزەوە بکەوە.

ئێستا ئەوان نەماون، بۆ ئەوان جیاوازی نیە گەر یادیان بکاتەوە یان نا، بەڵام ئەم کارە بۆ مرۆڤ خۆی پێویستە. تا چرکەیەکیش بەر لە مردن دەبێ لەو جۆرە کەسانە بە سوپاس و نرخ زانییەوە یاد بکرێتەوە...

بەڵام پاشان، باوکە بیری کردەوە کە ڕەنگە کوڕەکەی خۆی بیر لەمە بکاتەوە..

هەر کە کریسك بە ئاگاهاتەوە، سەیری بەوەهات کە ئەو شەوە لە کاتی نووستندا جێگەی لە شەوانی بەرێ گەرمتر بوو. ئەو خۆی لەژێر ئەو چەرمە دۆزیەوە کە باوکی لەبەری  دەکرد، چاوەکانی هەڵهێناو سەری بڵند کرد، باوکە لەناو بەلەمەکەدا نەبوو. ئەو لە جێگای خۆی ڕاپەڕی و بە گاگۆڵکێ

لەناو بەلەمەکەدا ڕۆیشت، نالەو فەر یادێکی جگەربڕ لەناوەندی دڵە پڕ دەردو کەسەرەکەیەوە هەڵسا. کە لە پانایی دەریا خامۆش و تەماویەکەدا دەنگی داوە. ناڵەو شیوەن تەنیان و پڕاوپڕ لە نائومێدی و ژان و ئازاری ئەو ماوەیەکی زۆر دەنگی دەداوە، ئەو ئەوەندەی شین و شەپۆڕ کرد تا بڕشتی لەبەر بڕاو لەناو بەلەمەکەدا لێی کەوت، لەدواییدا سەری بەبنی بەلەمەکەدا دەکێشاو بەردەوام هەنسکی دەدا. ئەم گریان و زارییە، بەجێهێنانی ئەرکێکی ئاینی ئەو، بەزەیی و خۆشەویستی و خەم و دوعای ئەو لە حەق باب و باپیرانی بوو کەئەویان هێنابووە دنیا...

کوڕەکە لەناو بەلەمەکەدا ڕاکشابوو، سەری هەڵنەدەهێناو چاوی چوقاندبوو، نە جێگایەك هەبوو تەماشای بکاو نەپەنایەك تا پەنای بۆ ببا، هەر هەمان تەم و مژی چڕی ڕەنگ شیری لە هەموو لایەکدا بڵاو ببۆوە، ئەم جارەیان دەریا کەمێك شەپۆلی دەدا، بەلەمەکەی تەکان دەداو لە جێگای خۆی چەرخەلەی پێدەدا، کریسك بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە دەگریاو سەرزەنشتی خۆی دەکرد کە بۆچی خەو بردییەوە. چونکە ئەو وای بیر دەکردەوەکە ئەگەر بهاتباو نەنوستبا، هەرگیز نەیدەهێشت باوکی بڕوا، بە چنگ و ددانان دای دەنووسایەو ڕێگەی ڕۆیشتنی لێدەگرت، ئەگەر پێکەوە گیانیان بدابا، ئەگەر زووتر لە برسێتی و تینوێتیدا بمردبان، باشتر بوو لەوەی کە ئەو لە بارێکی وا ترسناکدا تاك و تەنیا بمێنێتەوە. ئەو دەگریا، لۆمەو سەرزەنشتی خۆی دەکرد کە بۆچی کاتێ هەستی کرد کە بەلەمەکە لە نیوەی شەودا لە ئەنجامی زەبرێکی لەپڕو لەناکاودا تەکانی خوارد و هەڵبەزیەوە و مەلە مەلی کرد، لە خەو بێدار نەبۆوە، ڕانەپەری و هاواری نەکرد....

چۆن دەیهێشت باوکی خۆی بەدەریادا بدا! مەگەر ئەویش لەگەڵ باوکیدا خۆی بەگەرداوە تاریك و تنۆکەکەدا دانەدەدا!

کوڕیژگەکە لە حاڵێکدا بەدەم گریانەوە هەموو ئازای دەلەرزی، لە هۆش خۆی چوو.دوای ماوەییکی کەم، تینوێتی پتر لە پێشدا هورژمی بۆ هێنا، وەك بڵێ ی دەیویست بەرانبەر لەشکری خەم و پەژارە پاشەکشە بکا. کوڕیژگە هەتا لە خەویشدا هەستی دەکرد کەوا چۆن لە دەست بێ ئاویدا ئازار دەکێشێ تینوێتی هەناسەی لەبەر دەبڕێ. ئەوسا بەخشکە خشك خزی و خۆی گەیاندە جەلیکانە ئاوەکەو دیتی کە تەپەدۆری جەلیکانەکەیان کەمێك شل کردۆتەوە تا ئاسانتر بتوانرێ دەربکێشرێ، و چەمچەکەش لە تەنیشت جەلیکانەکە بوو، ئەو ئاوی بۆ خۆی تێکرد، بەبێ ئەوەی بیر لە هیچ شتێك بکاتەوە، ئاوەکەی هەڵقوڕاندو لێوە پێکەوە نوساو و قوڕگ و گەروی گرژی خۆی تەڕکرد. ویستی دیسان قومێ ئاو تێبکاتەوەو بیخواتەوە، بەڵام توانی بەر لە تینوێتی خۆی بگرێ ئەم کارە نەکا. ئاو کەم مابۆوەو تەنیا بەشی جارێك یان دوو جاری دیکەی دەکرد....

لە دواییدا کوڕێژگەکە دلزارو بێزار دانیشت و بیری کردەوە بۆچی بەبێ ئەوەی باوکی دوو قسەی لەگەڵدا بکا، ڕۆیشت. خۆ نقوم بوون لە ئاوی دەریاو لەگەڵ باوکیدا بۆ ئەو ئاسانتر بوو، بەڵام ئێستا تەنیایی و ترس و هەترەش ڕژان ئەوها دەست و پێی کۆت کردبوو کە توانای نیە هەنگاو بۆ دەرەوەی بەلەمەکە بهاوێ و، خۆی لە ئاوی دەریادا بهاوێ، ئەو بڕیاری دا هەرکە برشتێکی هاتەوەبەر، ئەم کارە بکا...

تاقی نیوەڕۆ بوو و ڕەنگە شتێکیش لە نیوەڕۆ ڕابردبوو، کریسك بەسەر شەپۆڵە تاریك و ڕوونەکان تەم و مژدا وای وێناکرد. کەوا، خۆر لە خاڵێکی پەڕەگەی ئاسماندا دەدرەوشێتەوە، بەڵام هێشتاش پڕشنگی لەپەردە ئەستوورەکەی تەمدا، کە بەسەر ئۆقیانووسدا بڵاو ببۆوە و بەبێ جووڵە وەستابوو، نەدەگەیشتە سەر دەریا، تەم پێ لەپێ تەنکترو وەك دووکەڵی چیلکەو چاڵی وشك تا دەهات ڕەنگی ڕوناك و ئاوی دەبوو.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە دووری پەنجا شێست مەتری دەورەبەریدا، جگە لە ئاوێکی مەنگ و تاریك کە لە چوار دەوریدا شەپۆلیدەدا، هیچ شتێکی دیکە نەدەدیترا.

کوڕێژگە نەیدەزانی بەلەمەکە بەرەو کوێ بهاژوێ، ئەگەر بشیزانیبا، تواناو هێزی سەوڵ لێدانی نەبوو. ئەو بەخەم و کەسەرەوە تەماشای سەوڵەکانی باوکی و سەوڵەکانی میلگونی دەکرد کە بەرێکی بە درێژای لێواری بەلەمەکە دانرابوون. ئیستا بەلەمەکە خۆی لە خۆیدا دەخولاوە و لەنێوتەمەکەدا بەرەو شوێنێکی نادیار دەچوو. تەنیایی لە هەموو لاوە تەنگیان بە کوڕە هەڵچنی بوو، ترسێکی بێ کۆتایی و وەڕزکەر باڵی بەسەر هەمووڵایەکدا کێشا بوو.

بەرەبەری ئێوارە، دیسانەوە کوڕێژگە هەستی بە تینوێتیەکی لە ڕادەبەدەر کردو لەتاو برسێتی و لاوازی سەری سووڕا.

نە حەزی دەکرد سەیری ئەملاو ئەولای خۆی بکا نەلە جێی خۆی بجوولێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا خۆ جێگایەك یان شتێك نەبوو کە بتوانێ تەماشای بکا. هەتا ئەگەر ویستبای خۆی بگەیەنێتە جلیکانە ئاوەکەش بۆی ئەستەم و زەحمەت بوو. ئەو لەسەر چنگان کەمێك چوە پێشتر، ماندوبوو وەستا. ئەو خێرا لەوە گەیشت کە چیتر ناتوانی بجوولێتەوە. دەستی بەبەردەم و چاوی خۆیدا گرت و ترسی خۆی ڕەواندەوە دەستی وەك دەستی گیانلەبەرێکی کە مۆمیاکراو. باریك و بچووك ببۆوە.

ئەمجارەیان ئەو لەوە زیاتر ئاوی خواردەوە کە دەبووایە بیخواتەوە. ئێستا وەبگرە ئاوەکە تەواو ببوو و تەنیا بەشی جارێکی دیکەی دەکرد، ئەگەر جارێکی دیکە بیخواردباوە، تنۆکێك ئاو نەدماوە.

بەڵام ئیدی لە کن ئەو هیچ شتێك نرخی نەمابوو. بەهەرحاڵ دەیویست ئاو بخواتەوەو تینوێتی بشکێ. ئەوەندەی هەست بە برسێتی نە دەکرد، سکی ژانێکی لە رادەبەدەری دەکرد و ژان و پێچی پێدا دەهات.

چەند جارێك لە هۆش خۆی چوو و دەهاتەوە هۆش، بەڵام بەلەمەکە بۆخۆی دەجووڵاوە، لەناو تەمەکەدا مەلەمەلی بوو و ئەو تەوژمانەی با کە تازە هەڵیاکردبوو لەگەڵ خۆیاندا دەبرد.

کوڕیژگەکە بۆ چرکەساتێك بڕیاری دا کە خۆی بەدەریادا بدا، بەڵام توانای ئەم کارەی نەبوو. هەڵسا سەر ئەژنۆیان، خۆی خستە سەر لێواری بەلەمەکە، دەستی لەودیوی بەلەمەکە شۆڕ ببونەوە، بەڵام هێزو توانای ئەوەی نەبوو خۆی بهاوێتە ناو ئاوی دەریاوە، ئینجا دوا تواناو گوڕی خۆی لە دەستدا، بە جۆرێکی ئەوها کە هەتا هەوڵی نەدا کە ئەو چەند تنۆك ئاوی لەناو جەلیکانەکەدا مابۆوە، بخواتەوە.

ئەو لە ناو بەلەمەکەدا لێی راکشابوو، دەگریاو داوای یارمەتی لە مشکە سەقاکەی خۆی دەکرد:

مشکە ئاوی، ئاوم بۆ بێنە!

بەڵام مشکە ئاوی هیچ سەروسۆراغێکی نەبوو، دەم لە دەمێدا تینوێتی ورووژمی بۆ دەهێنا. دیسان ئەو هاوینەی هاتەوە یاد کە رووت و قووت لەناو رووباردا مەلەی دەکرد.

ئەو کاتە ئەو تەمەنی لە حەوت ساڵ پتر نەبوو. ئەوساڵە هاوینەکەی زۆر گەرم بوو داوێنی جەنگەڵ داغ دەبوو و مرۆڤی هەڵدەپڕوکاند. ئەوان لەناو زەمەندەکە میوەی جەنگەڵیان لێ دەکردەوەو لەپاشان مەلەیان دەکرد. داك و خوشکەکەی مەلەیان دەکردو هێندەیان شەرم لەو نە دەکرد. هەردووکیان رووت دەبوونەوە، پێستە رەنگ گەنمیەکەیان دەبریسکاوە، دەستیان بە بەر مەمەکانیانەوە دەگرت و بەترس و لەرزەوە خۆیان لە ئاوی رووبار دەهاویشت، شڵپەشڵپیان دەکردو زاق و زریقیان بوو. هەرکە ئەو بەدرێژایی رووبارەکە رای دەکردو لە کەنارەکە خۆی فڕێ دەدا نێو ئاوەکەوە، ئەوان دەستیان بۆ دەبرد و ئەوەندەی پێ پێدەکەنین تا ئاگایان لە خۆدەبڕا، بەتایبەتی دایکە بە خوشکەکەی دەگوت: " سەیرکە، چەندە لە باوکی دەچێ، کت و مت ئەوە" جگە لەوەی، کە زۆری پێ پێدەکەنین، بە خۆشی و حەزێکی زۆرو عەییارییەوە دەکەوتنە پسکە پسك و چەند شتێکیان بەیەك دەگوت..."

بەڵام ئاو، وەك سۆلاوێکی بێ کۆتایی، لەناو رووبارەکەدا هاژەی دەهات، ئەوەندەی حەزت لێی بوو، دەتتوانی بیخۆیەوەو مەلەی تێدابکەی....

مشکە ئاوی، ئاوم بدەیە!

هاتەوە بەرچاوی کە دیسان رۆخی هەمان رووبارەو، وەك بلێ ی دیسان هەمان زستانی گەرم و پرۆکێنە و ئەو بە رووت و قوتی لەناو رووباردا مەلە دەکا، لە کەنارەکەدا رای دەکرد، خۆی لە ئاوەکە دەهاویشت، بەڵام هەستی بە فێنکایی تەوژمی ئاوەکە نە دەکرد. جارێکیان خۆی لەناو تراویلکەی ئاودا دەدیت و جارێکیان لەناو تەم دا. لەناو ئەم تەمەدا مەلەی دەکرد و بناوی لێدەدا، لەناو ئەو ئاوەدا هەڵدەلەرزی، بەڵام دایکی پێنەدەکەنی، دەگریاو بە کەسێکی نا ئاشنای دەگوت:" تەماشاکە، چەند لەو دەچیٚ!" و لشم هووریش دەگریا.... فرمێسکە سوێرەکانی دایکی بەسەر گۆنایدا دەهاتنە خواریٚ..

***

کریسك لە جەرگەی شەودا لە ئەنجامی تەکانەکانی بەلەمەکەو هاژەی شەپۆڵان لە خەو بێدار بۆوە، چاوەکانی کردەوەو ئەستێرە بارانێکی بەسەرسەری خۆیەوە دیت، ئاهێك لە قووڵایی ویژدانیدا هەڵسا! لەو چەند رۆژەدا یەکەمجاربوو کە ئەستێرە لە ئاسمانی شیندا و لە نێوان پەڵە هەوری رەشدا بەسەر دەریاوە دەیان جریواندو دەدرەوشانەوە. تاوەکو چەند جاران مانگ لە نێوان پەڵە هەوراندا هاتەدەر، و لە دواییدا بزردەبۆوە. کورێژگە مات و بێدەنگ بوو — مانگ و ئەستێرە، با و شەپۆل ئومێد بەخشی جوڵەی ژیان بوون. هەرچەندەی تەم و مژ هێشتا لێرەو و لەویٚ مابوو و هەرجارێکی بەلەمەکە لە نێو مێگەلی تەمدا رادەبورد، دیسانەوەش پەردەیەکی تاریك و تنۆکی تەم ئەو ناوەی دەتەنیەوە، بەڵام ئەم بارە ماوەییەکی درێژی نەخایاند. تەمێکی زۆر کەوتە جمان، لە باری وێستاو هاتبووەدەر، باو و شەپۆڵ ئەویان دابووە پێش خۆیان و بڵاویان دەکردەوە.

کورێژگە بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە تەماشای ئەستێرانی دەکرد. ئەو نەیدەتوانی سەوڵ لێدا. نەیدەزانی چۆن ئاراستەی ئەستێران ببینێتەوە. نەیدەزانی مل بەرەو کویٚ بنیٚ، نەیدەزانی بەرەو کویٚ و چ چارەنووسێکی لەبەردەمدایە، بەوانە شادبوو، شادبوو کە شەپۆل دەجوولانەوە و گویٚ ی لە شڵپ و هوڕی شەپۆڵان دەبوو، شادبوو بەوەی کزەبا هەڵی کردبوو و بەلەمەکەی بەسەر شەپۆڵاندا دەهاژوشت.

ئەو لە خەم و خۆشیان دەگریاو بیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر ئاو و خۆراکی دەبوو، دەیتوانی ئەو ژیانەی خۆشی بوویٚ. بەڵام باش ئەوەشی دەزانی کە ئێستا کە توانای ئەوەی نیە لە جێگای خۆیدا راست ببێتەوە، هەستی دەکرد کە ژیان و تەمەتی بەرەو کۆتایی دەچن و هاکا بەم نزیکانە لە تینوێتیاندا دەخنکیٚ....

بەڵام بەلەمەکە بەخێرایی شەپۆڵەکانی دەبڕی. بەبیٚ سەوڵ لێدان و بەبیٚ فەرمانی کەسێك لەگەڵ تەوژمەکەدا دەڕۆیشت.

ئێستا ئیدی بە جۆرێکی نادیار ئاسۆی دەریا دەدیترا، پانایی شەو ئاشکراتر پان دەبۆوە، پەڵەپەڵی هەور لەسەر رێگادا، کەمتر دەدیتران. ئەویش وەك پێشوو لە بێدەنگی دا رۆنەچوبوو و دڵ و گیانی عێدز نە دەکرد. ئێستا وا دەهاتە بەرچاوان کە بوونەوەری خویاڵی و ئەفسانەیی لەنێو تەماندا ئارام و بێدەنگ دەجووڵانەوە. لە دامێنی بادا، خۆیان بەدەردەخست و بزر دەبوونەوە، تەمیان بە هەموو لایەکدا دەرەواندەوەو پەرِاگەندەیان دەکردن.

هەر کە مانگ لە پشت هەورأندا هاتەدەر، سەر ڕووی دەریا وەك بلێ ی گیانی دەهاتەبەر، شەپۆلی دەداو دەدرەوشاوە، و سەرلەنوێ خامۆش دەبۆوەو رووبار گیانێکی دەهاتەوەبەر، دەیڕوانی و بیری دەکردەوە: ( کام ئەستێرە، ئەستێرەی ئێشکچیە؟ کام ئەستێرە هی بابە گەورەیە، کامەیان هی مامە میلگون و کامەیشیان هی باوکمە؟ هۆ ئەستێرەی نە لەم رۆژانەدا ئێوە بەدەرنەدەکەوتن و نەدەدیتران و خۆشتان نەتان دەتوانی ئێمە لە ژێر تەم و مژەکاندا ببینن. بەڵام ئێستا من تاك و تەنیام و نازانم بەرەو کوێ مل دەنێم، بەڵام ئێستا ترسم نەماوە، لەبەر ئەوەی هەموومان دەبینم لە ئاسماندا دەجریوێنن، بەڵام نازانم کامە کامەیەو پەیوەندی هەریەکەتان بەکێوەیە هەیە. ئێوە لەم شتانەی بەسەرماندا هات گوناهێکتان نیە، لەبەر ئەوەی ئێمەتان لەناو دەریادا نەدەدیت. تەمێکی چڕ ئێمەی لەبەرچاوی ئێوەدا ون کردبوو. ئێستا من تەنیام. ئەوان، هەرسێکیان بەمەلە رۆیشتن. ئەوان ئێوەی ئەستێرەیان زۆر خۆش دەویست. ئەوان هەموو دەم چاویان لە ری ی ئێوە بوو تا بە هۆی شوێنی ئێوە رێگا کە بەرەو کەنارەکان ببیننەوە. بابە گەورە دەیگوت ئەستێرە هەرگیز رێگا لە مرۆڤ ناگۆرن و ونیان ناکەن. ئەو دەیویست فێری منیش بکا.... نا ئێوە گوناهێکتان نیە. منیش بە خێرایی دەمرم.. من ئاوم نەماوە، یەك تۆزقاڵ هێزم تێدانەماوە، نازانم بۆ کوێ دەچم...

فرِە ئاوێکم ماوە، کە زۆر زۆر کەمە. ئێستا دەیخۆمەوە، ئیدی تێمدا نەماوە، هێزم لەبەربڕاوە. ئیمرِۆ کچکێکی هەینانەم جوی و خواردم، بەڵام جارێکی دیکە ناتوانم بیخۆمەوە، هێڵنجم دێتێ و دێ برِشێمەوە. دڵ و هەناوم تێکهەڵدێ...

ئێستا دواتنۆك ئاو دەخۆمەوە. ئەگەر لەو دنیادا یەکمان دیتەوە. دەمەوێ پێتان بڵێم، ئەی ئەی ئەستێرەینە، بابە گەورە، مامە میلگۆن و باوکم زۆریان ئێوە خۆشدەویست...

ئەگەر تا بەیانی ژیام، جارێکی دیکە ماڵ ئاواییتان لێدەکەم..." بەلەمەکە خێرا کەوتەوە ناو پانتاییکی پان و بەرینی تەماوی، سەر لەوێ هەموو شتێك لەبەرچاوان ون بۆوە و هەشتەبا نەدەدیترا. بەڵام باو شەپۆل، بەهەمان شێوەی جاران بەلەمەکە یان بۆ پێشەوە راپێچ دەکرد. ئێستا لەمەودوا کریسك بایەخی بەهیچ شتێك نەدەدا. دوای ئەوەی دواتنۆك ئاوە گەنیوو و تام کەرخەکەی خواردەوە،

هەر لەویٚ لە تەنیشت جەلیکانە خالٚییەکە، لە دواوەی بەلەمەکەدا، لەو جیٚگایەی کە هەر بابە گەورە بەزۆری لیٚی دادەنیشت. راکشاو ئامادەبوو گیانی خۆی بسپیٚریٚ، چیدی ترسی لە تەم و مژ نەبوو، تەنیا داخی ئەوەی دەخوارد کە ئەستیٚرەکان لەچاو ونبوونەوەو رەنگە دەرەفەتی ئەوە نەبینیٚ خواحافیزیان لیٚبکا... دەم لە دەمیٚ حال و بالی خراپتر دەبوو....

دیارنەبوو چەند وەخت بوو لە حالٚی لە هۆش خۆچوون و خەوتندا لیٚی کەوتبوو، رەنگ بوو نیوەی شەو بوو، یان بەرەو کۆتایی دەچوو دیارکردنی کاتەکە گران بوو. تەمیٚکی تەنکی وەك دوکەلٚی دەم با. بەسەر رووی دەریادا پان ببۆوە. چارەنووسیٚکمان هەیە، سەرو دەری چارەنووسمان پەیدادەبیٚ.

رەنگ بوو کوڕیژگەکە گویٚ ی لیٚ بیٚ، رەنگیش بوو نەبیستیٚ و بەلاٚم ئەو گویٚ ی لیٚی بوو... ئەو لەپڕ گویٚ ی لیٚ بوو کە مەلیٚك لە ئاسماندا بالٚ دەکوتیٚ و بە دەنگیٚکی وەك فیکەو چریکە، لەبەرزاییٚکی کەمدا بەسەر بەلەمەکەدا لە فڕکەی بالٚی داو تیژ تیٚپەڕی، ئەو لە جیٚگای خۆ راچلەٚکی و راپەڕی، ئەوەی تەنیا توانی ببینیٚ کە مەلیٚکی گەورە و بەهیٚز بوو، بە بالٚە گەورەو کراوەکانی بەسەر سەری دا فڕی. کوڕیژگەکە لە خۆشیا یەك بە خۆی هاواری کرد و قیژاندی:

-چڕگ! چڕگ- و لەو کاتەدا توانی ئاراستەی فڕینی چڕگی قوتبی و ئاراستەی تەوژمی با لە میٚشکی خۆیدا دیاری بکا با لە لای چەپ و لە دواوەیدا هەلٚی دەکردو کەمیٚك لە بن گویٚ ی چەپی دەدا.

کریسك بە هاواریٚك کە لە قوولاٚیی دلٚیەوە هەلٚسا، شویٚن و ئاراستەی فڕینی چڕگەکەی کردە ریٚنمایی خویٚ و لە هەمان کاتدا شویٚنی فەرماندەیی بەلەمەکە، کە زووتر ئەرگانی لیٚدادەنیشت. گرتە دەست و بەلەمەکەی بەرەو ئەو لایەی کە چڕگە قوتبیەکە گرتییە بەر، لیٚخوڕی.

دیارنەبوو کە چڕگەکە لە کویٚوە دیٚ و بۆ کویٚ دەچیٚ، لە دوورگەیەکەوە بەرەو کیشوەریٚك یان لە کیشوەریٚکەوە بەرەو دوورگەیٚیکی نادیار دەفڕیٚ. بەلاٚم کریسك لەبیری بوو کە ئەرگانی پیر دەیگوت، ئەم مەلە بەسەر دەریادا تەنیا بەهیٚلیٚکی راست و ریٚك دەفڕیٚ. ئەم مەلە بەهیٚزترین مەلیٚکە کە بە شەوان و لە هەوایەکی تەماویدا دەفڕیٚ. ئیٚستا کوڕیژگەکە بەلەمەکە بەرەو ئەو لاو ئاراستە لیٚدەخوڕی کە چڕگەکەی بۆ فڕی.

بەلاٚم بەلەمەکە بەسەر شەپۆلەٚکاندا دەفڕی. با بیٚ پسانەوەو بەردەوام دەهات. تەم پەراگەندەو تەنك بوو ریٚك رووبەڕووی کوڕەکە، ئەستیٚرەیەك دەدرەوشاوە لە ئاسمانی ساف و شیندا دەبریسکاوە. کریسك ئاگادار بوو کە ئەستیٚرەکە ریٚك لەو لایەبوو کە ئەو بەلەمەکەی بە ئاراستەی لیٚدەخوڕی. کوڕەکە بیری کردەوە کە دەبیٚ ئەو ئەستیٚرە لەبەرچاوی ون نەکا، دەبیٚ هەمیشە تەماشای بکاو بەرەو ئەویٚ بڕوا، لەبەرئەوەی چڕگەکەش بەرەو ئەویٚ، ئەو لایەی کە ئەستیٚرەکەی لیٚهەلاٚتووە، فڕی، ئەو ئەم

ئەستێرەی نەدەناسی و ناویشی نەدەزانی، بەڵام بەهیچ جۆرێك چاوی لێهەڵنەدەگرت، بەپشت گەردەنی ئاراستەو هێزو تەوژمی باکەی دیاری دەکردو لەبەرخۆیەوە دەیگوت:

"رێك و بەردەوام بە! من ناوی تۆ نازانم، بابە گەورە دەیتوانی ناوی تۆم پێبڵێ، بەڵام ئەی با، بۆمن وەك برایەك بە، کپ مەبەوە، ئاراستەی خۆت مەگۆڕە، ئاخر خۆ تۆ دەتوانی ماوەیێکی درێژ بەو جۆرەی کە بۆت دەست دەدا، بمێنیەوە. هۆ بایەکە، یارمەتیم بدە، کپ مەبەوە. من ناوی تۆ فێر دەبم و ناوێکت لێدەنێم. دەتەوێ ناوت لێنێم ئەرگان؟ ناوی تۆ بەناوی ئەرگانی بابە گەورەم، دەبەم و هەمیشە هەر بەو ناوە ناوت دەهێنم. تۆش دواتر دەمناسی..."

کوڕێژگەکە ئەم قسانەی بەبەرگوێی بادا هەڵدەدا و هەوڵیدەدا بایەکە رازی بکا تا پایەدارو وەك خۆی بمێنێتەوە و هێزو تواناو ورەی پێیبەخشێ. چاویشی لەو ئەستێرە رێنمایەی، کە بەلەمەکەی بەئاراستەی ئەولێدە خوڕی، هەڵنەدەگرت و پێی دەگوت:" ئەی ئەستێرەکەم، من تۆم خۆشدەوێ. تۆ لەکەشکەشانی فەلەك، لەبەرانبەر من و زۆر دوور لەمن جێگایەکت هەیە، تۆ گەورەترین و شۆخترین ئەستێرەی. تکات لێدەکەم، مەرۆ. لەجێی خۆتدابمێنەوە، خامۆش مەبەوە! من پەلەپەلە بۆلای تۆ بێم. جرگەکە بەرەو لای تۆهات. نازانم بۆ کوێ لەشەقەی باڵیدا بۆ دوورگە یان کیشوەرێك ئەگەر بێتو بۆ دوورگەیەکیش فڕیبێ، لێگەرێ با لە دوورگەدا بمرم. هۆی ئەستێرکە، مەرۆ خامۆش مەبەوە! من ناوی تۆ نازانم، لێم تووڕە مەبە. من دەرفەتم نەبوو ناوی تۆ بزانم. باوکم دەیتوانی ناوی تۆم پێبڵێ. ئەگەر دەتەوێ، من بەناوی باوکمت ناو دەنێم، ناوت لێدەنێم ئەستێرەی ئەمرایین. و کاتێ کە تۆ لە ئاسمان هەڵدێ ی درودت بۆ دەنێرم و ناوت دەکەمە وێردی سەر زمانم. و تۆ، ئەی ئەستێرەی ئەمرایین، یارمەتیم بدە، پێش وەخت ئاوا مەبە، مەکوژێوە، لەپڕ لەپشت هەوراندا ون مەبە.... "

کوڕێژگەکە ئەم قسانەی بەرگوێ ی ئەستێرە رێنمایەکەی خۆیدا دەچرپاند. لە لایەکی دیکەوە بەرگوێ ی شەپۆڵەکانی دادەچرپاند " ئەی شەپۆڵینە، ئێستا ئێوەن کە بەلەمەکەی من لێدەخوڕن، ئێوە بۆمن باشن. ناو لە ئێوە دەنێم شەپۆڵەکانی مامە میلگون. ئێوە بەرەو ئەو لایە شەپۆڵ دەدەن کە چرگەکە بۆی فڕی. ئاخر ئێوە دەتوانن ماوەێیکی زۆر بەرەو ئەوێ، شەپۆل بدەن. ئەی شەپۆلەکانی مامە میلگون، رێگای خۆتان ون نەکەن. من دەمتوانی سەوڵ لێبدەم و بەلەمەکە لێخورم. بەڵام دواهێزو توانای خۆم لە دەست داوە. ئێوە دەبینن کە من بە حەزو توانای ئێوە لەناو دەریادا مەلە دەکەم. ئەگەر من بژیەم و نەمرم بۆ هەمیشە دەزانم کە ئێوە لەگەڵ تەوژمی بایێك دا بەناوی ئەرگان و بەرەو ئەستێرەی ئەمرایین دەڕۆن. و من بە هەمووان دەڵێم کە شەپۆلەکانی مامە میلگون لە ناو

دەریادا خۆش بەخت و مایەی خێروخۆشین. ئەی شەپۆلەکانی مامە میلگون یاریم بکەن. بەجێم مەهێڵن، بەتەنیام مەهێڵنەوە...

***

ئەستێرەی ئەمرایین لە هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان زێترو بۆ ماوەیەکی درێژتر دەدرەوشێتەوە و تاکە ئەستێرەیەك بوو کە سەحەر گاهان لەسەرانسەری گونبەتی شینی پیرۆزەیی ئاسماندا دەمێنێتەوە و وە نەوزو پرتەوی پاك و درەوشاوەی خۆی بۆ هەموو لایەکدا پەخشان دەکا. پاشدان بەرەبەرەکە هەوا بولێڵە دەبوو، ئەویتر دەدروشاوە، دوای ئەوەش قەدەرێکی زۆر بە وێنەی پەڵەیەکی سپی ناسك و جوان لە ئاسماندا خۆی دەنواند.

بەم شێوە بەیانی داهات و ئینجا خۆر لە تاقی ئاسمانی سەر دەریاوە بەدەرکەوت. کریسك دلشاد بوو و لە هەمان کاتدا ترسی لێنیشت، بەدیتنی پرشنگی خۆر دڵخۆش بوو و لە دەریایی بێ سنوورو کۆتایی زۆر ترسا.

سەردەریا شینەکە لەژێر تیشکی خۆردا دەدرەوشاوەو نەختێك رەش دەهاتە بەر چاو و لە بیابانێکی رووت و قووت و چۆل و هۆل دەچوو. کوڕەکە بەدەست و پل تێك ئاڵاوی و گرژێیکەوە سوکان و فەرمانی بەلەمەکەی گرتبووە دەست و دەیکۆشی و هەوڵی دەدا لەگەڵ تەوژمی بادا بڕوا و بەلەمەکە لێخورێ. ئەم کارە ماندوو بێزارو وەرسی دەکرد.....

کوڕێژگە لە یادی بوو کە چۆن گێژو وڕبوو و سەری سووڕا، چاوی مۆلەق بوو و هەموو شتێك لەبەرچاویدا وەك فڕفڕۆك سووڕا کەوتە جووڵە....

ئێستا بەلەمەکە ئازادو بێ گرێ و گۆڵ ئاوی دەریاکەی دەبڕی و کەس رێنمایی نە دەکرد...

***

کە کوڕەکە بەهۆش هاتەوە خۆر نەختێك لە تاقی ئاسمان بەرەو خۆرئاوا لار ببۆوە. ئەو خۆی خستە سەر چنگە لەرزۆکەکانی، بە زەحمەت خۆی بڵند کردو خزایە دواوەی بەلەمەکە. بەچاوی نوقاوەوە، بەبێ جووڵە چاوەڕێ بوو تا سەرەسووڕەکەی تەواو بێ. دوایی چاوەکانی کردەوە بەلەمەکە بەسەر شەپۆلەکاندا لەمەل مەل دابوو. بەڵام دەریا، هەروەك پێشو، شەپۆلی دەداو تا چاو کاری دەکرد پەڵەی سپی بێ لەئەژمار بەسەر رووی شینی دەریادا لە جووڵە دابوو.کریسك سەیرێکی بەرانبەرە خۆی کرد، چاوەکانی هەڵپشاوت و لە جێگای خۆی حەپەسا، سەگەبەڵەکی دیت کە لە دەریای شینی پیرۆزەییدا سەری قیت کردبۆوە، دەهاتەدەرو راستەوخۆ بۆ پێشوازیی ئەو خۆی هەڵدەکوتا! سەگەبەڵەکی گەورە! کەنارێکی پڕ لە گردۆڵکە و دۆڵێکی رەنگ خۆڵەمێشی و ئاسمانی کەنار بەرچاو

دەکەوت. بەڵام سەگەبەڵەك، بە گوێ و لاکەلەکەی سپیەوە بەسەرهەموو گردەکانیدا دەڕوانی کەفاوی پێکاهاتنی شەپۆلان لەبەرپێیەکانی سەگەبەڵەکدا دەدیترا، سەدای نەورەسەکانی کەنار دەریا دەنگیان دەداوە. نەوڕەسەکان بەرلە هەموو کەسێك ئەویان دیت. دووکەڵێکی ڕەنگ ئاسمانی ئاگرێك کە بۆ رێنمایی دەریا کرابۆوە. لەسەر هەڵدێرێك هەڵکرابوو و ئێستا خەریك بوو دەکوژاوە، بەسەر تەپۆلکەکاندا بەهەودابەرزدەبۆوە.

سەگەبەڵەکی کە لە رۆخ دەریادا دەبەزی

ئەوا ئێستا بەتەنیا هاتمەوە لات

لەگەڵم دا نەماوە بابە ئەرگان

نە ئەمراین و نەمامە میلگون

لەمن بپرسە کە ئەوان لە کوێن،

کەتێر ئاوبووم، ئەوسا پێت دەڵێم...

کریسك زانی کە ئەم قسانە ن یەکەم وشەکانی گۆرانیەکە بەناوی خۆیەوە، گۆرانیەکە تا دوا چرکەکانی ژیان لەگەڵیاندا دەژی...

***

دەریا لەناو تاریکیدا دەیهاڕاند و دەینالاند، ورژمی دەهێنا، شەپۆلەکانی خۆیان بە تاشەبەردانددا دەداو بەهەمموو لایەکدا دەپرژا، بەردەلوس و سەختەکانی سەرزەوی بەناڵەنالی درێژەوە پاڵی بەزەبری شەپۆلەکانی دەریاوە دەناوە.

وە ئەم زۆرانبازیە — زۆرانبارزی نێوان خاك و ئاو — لە رۆژی خولقانیەوە، لە چرکە ساتی پەیدابوونی رۆژو لە چرکەساتی پەیدابوونی شەوەوە، بەردەوامەو تا وەختێکی خاك و ئاو لە زمانی بێ کۆتاییدا هەبن، ئەم زۆرانبازیە هەموو رۆژێك و هەموو شەوێك هەر بەردەوام دەبێ.

هەموو رۆژێك و هەموو شەوێك...

.... شەوێکی دیکەش رابودەبورد...

بای ئەرگان بەسەر دەریادا گڤەی دەهات، شەپۆلەکانی مامە میلگون بەسەردەریادا بە دوای یەکدا دەهاتن و ئەستێرەی داگیرساوی ئەمراین لەو پەڕەگەی گونیەتی شینی فەیروزی سەهەریدا دەدرەوشاوە

........رۆژێکی دیکە دەستی پێ دەکرد..

گوندی بایتیك.. دیسێمبەر ١٩٧٦ — ژانۆیە ١٩٧٧